# بۆنی تاریکی

# بۆنی تاریکی

کورتە چیرۆك

**فەرهاد شاکەلی**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فەرهاد شاکەلی
بۆنی تاریکی – کورتە چیرۆك
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٨
چاپی سێیەم ٢٠١١
تیراژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٧١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

# پێشەکی

من چیرۆکنووس نیم و بە تەمایش نیم، تازە، ببمە چیرۆکنووس. ئەوە بیستوپێنج ساڵ زیاترە دەنووسم و بڵاو دەکەمەوە. بەشێکی زۆری بەرهەمەکانم، لەم ساڵانەدا، شیعر بوونە کە لە پێنج کۆمەڵەشیعردا چاپ کراون. هاوکاتیش بایەخێکی زۆرم بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و وەرگێڕان داوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانم بە زمانی دیکە، ئینگلیزی و سوێدی، نووسیون. ئەو بەرهەمانەیش کە وەرمگێڕاون یا لە زمانی دیکەوە کردوومن بە کوردی، چیرۆکی منداڵان و شیعر و کورتەچیرۆك و لێکۆڵینەوە، یا بە پێچەوانەوە، بە زۆری شیعر و کورتەچیرۆکن.

وەك زۆر شاعیری دیکەی دنیا، من پەخشان زۆر دەخوێنمەوە. حەز دەکەم بەرهەمی چیرۆکنووسە گەورەکانی جیهان بخوێنمەوە، حەز دەکەم بە کوردی پەخشانی جوانی هونەری بخوێنمەوە، حەز دەکەم بەرهەمی بەرز و ناسکی چیرۆکنووسی کورد بخوێنمەوە. هەر ئەم حەزکردنەش بوو هانی دام لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لەسەر پەیدابوون و گەشەکردنی چیرۆکی کوردی بنووسم.

گەلێ جار بیر و ئەزموون و وردبوونەوەکانم دەبنە بارێکی گرانی هونەری و ئەخلاقی بەسەر شانمەوە. دەبێ چوارچێوەیەکی هونەرییان بۆ بدۆزمەوە، دەبێ لە شێوەیەکی ئێستێتیکیی وەهادا دەریانببڕم کە خوێنەر، بەڵام لە پێش ئەویشدا خۆم، ڕازی بکات و ببێتە پاساودەری هێشتنەوە و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە هاوکێشەیەکی هەروا سادە و ئاسان نییە. زۆربەی

جار شیعر دەبێتە ئەو دەفرەی بیر و وردبوونەوە و ئەزموونەکانمی تێدا هەڵدەگرم، چونکە ساڵانێکە ئاشنای هونەرەکەم و شارەزای تەکنیك و بنەماکانیم. بەڵام هەندێ جاریش وا ڕوو دەدات کە شیعر نایێ بە هانامەوە، یا شیعر دەڕۆستی ئەو بیرانەم نایەت. ئەم چیرۆکانە بەرهەمی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەن. ڕەنگە هەندێك لەم تێکستانە، بە پێودانگی هونەری و زانستی، چیرۆك نەبن، بەڵام جێگەی لەمە باشتر بۆ بڵاوکردنەوەیان شك نابەم.

لەم چیرۆکانەشدا، هەر وەك لە شیعر و نووسیندا بە گشتی، شێت و شەیدای زمانم، زمانێکی بەرزی هونەری. زمانم تەنیا وەك هۆیەکی دەربڕین تەماشا نەکردووە، بەڵکە وەك هونەرێك کە تا بەرەو ژوور، بەرەو چڵەپۆپەی جوانی و کامڵبوون، هەڵکشابێت، زیاتریش ئامانجی پێکاوە.

چیرۆکەکانی ″ڕازخانەی گومان″ و ″تەرم″ پێش ئەوەی چیرۆك بن، وەسفکردنی دیاردەیەکی، یا کۆمەڵە دیاردەیەکی، فەلسەفەیی و وجوودین. لایەنی هەرە ڕووناك لەو دوو تێکستەدا ئەو ناوەڕۆکە ئاڵۆزکاو و بە بیر ئاخنراوەیە، کە هەموو لێنزیکبوونەوەیەکی زیاتر خوێنەر بەرەو دنیایەکی ئایدیال و ڕەها دەبات، یەکەمیان دەردکێشانی تاکەکەسێکی هەستناسکی هونەرمەندە، مەودایەکی مرۆڤانەی گشتگر بۆتە پاڵپشتی. دووەمیشیان پرسیار و گومانی تاکێکی ئەم سەردەمەیە لە مەودایەکی مێژوویی – سیاسیدا، بەڵام ڕەنگوڕووی کوردانەیشی بە ئاشکرا پێوە دیارە.

چیرۆکەکانی ″کابرایەکی بێگانە″ و ″میرزا″ ڕەگوڕیشەیان دەگاتەوە خەون. ئەمە ڕێکوڕەوان ئەو تەکنیکەیە کە نووسەری گەورەی ئینگلیز گراهام گرین Graham Greene (١٩٠٤ – ١٩٩١) ساڵانێکی دوورودرێژی ژیانی بە کاری دەهێنا. من کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا خووم دابووە

خوێندنەوەی بەرهەمەکانی گرین، حەزم دەکرد هەموو خەونەکانم بە زیندوویی بگرم، داویشم بۆ دەنانەوە، کەچی تەنیا ئەم دوو خەونە بوون بە داوی چیرۆکەوە، ئەوانی دیکە وەك چۆلەکە و کلاوکورە، سرك و گورج، لە دەستم دەردەچوون.

چیرۆکی "یەك لە دوای یەکەکانی سەردەمێکی لێخن"م کاتی خۆی بە عەرەبی نووسیوە. هەر ئەو سەردەمەش لە رۆژنامەیەکی عەرەبیدا بلاو کرایەوە. دواتر، بێ دەستکاری و گۆڕین، کردمە کوردی. هەروەها تەرجەمەی سوێدییش کراوە و بلاو کراوەتەوە.

بێجگە لەم نۆ چیرۆکەی لێرەدا بەرچاو دەکەون، سێ چوار چیرۆکی دیکەشم هەن؛ "میرزا هەیاسی بەردەشانی"، "شاخستان" و "گەمەیەکی ناتەواو". ئەمانە، هەر یەکەیان لەبەر هۆیەك، بە ناتەواو دێنە پێش چاوم. هەر کاتێ توانیم شتێکیان لێ پێك بێنم لە شت بچێ، ئەوا بلاویان دەکەمەوە، دەنا فەوتانیان زیانی کەسی تێدا نییە.

فەرهاد شاکەلی

سۆللەنتوونا ١٩٩٧/٣/٥

# قەحپە و شەهید

ڕۆژ ڕۆژی شەهید بوو، شەهیدی خۆشەویست و سەروەری گەل. کە وتیشت شەهید ئیدی چیی دیکە دەمێنێ بیڵێی....؟! جاران، بە منداڵی، کە ناوی شەهیدم بەر گوێ دەکەوت مووچڕك بە لەشمدا دەهات و جۆرە هەستێکی نادیاری ڕێزگرتن و پیرۆزی دایدەگرتم، وەك بڵێی چووبێتمە خزمەتی شێخێکی گەورە، یا لە حوزووری ئیمام و چاکاندا بم، با بڵێین یەکێکی وەکوو ئیمامەکانی کەربەلا، یا غەوزی گەیلانی، یا کاکەحمەدی شێخ. بەڵام ئێستا بە جۆرێکی دیکە بیر لە شەهید دەکەمەوە.....

هەستێکی جیاواز لەوەی جارانی منداڵیم دامدەگرێ.... هێندێ جار تامێکی تاڵ لە ئەوکمدا خڕ دەبێتەوە و ڕۆندك لە چاوما کۆ دەبنەوە و ڕوانینم لێڵ دەبێت. هێندێ جاری دیکەش تاس دەمباتەوە و بەرەو ناوەوە شۆڕ دەبمەوە.

جاران، بە منداڵی، وام دەزانی شەهید هەر چوارن. ئەگەر دەشموت شەهید، هەر دەمگوت چوار شەهیدەکە و مەبەستیشم چوار ئەفسەرەکە بوو کە وێنەکەیان و وەسێتنامەکەی بە دەستی خۆیان نووسیبوویان، لە دیوەخانەکەماندا هەڵواسرابوو. بۆ ئەو کاتەی من وێنەکە ئەوەندە بەرز بوو، لە زەوییەوە دەستنووسەکەیانم بۆ نەدەخوێنرایەوە. گەلێ جار دەچوومە سەر تەنەکەیەك و بۆ خۆم، یا بۆ هاوەڵە منداڵەکانم دەخوێندەوە. بەڵام ئەمڕۆ شەهید زۆرن. هەمووشیان ئەفسەر نین. گەلێکیانم هەر باش ناسیوە و دۆست و هاوڕێ و برادەر بووین. هیی وایش هەیە ڕۆژان و مانگان و ساڵانمان پێکەوە بردۆتە سەر و ڕۆژانی گەمە و ڕابواردنمان

وێکڕا گوزەراندووە و لە ڕۆژانی ئاوارەیی و سەختی و دژواریدا پشت و پەنای یەك بووین.

کە یەك دوو هەفتەیێ لەمەوبەر بۆ کۆڕەکەی ئەم ئێوارەیە پێیان وتم، وێنەیەکی مامۆستا، برووسکەئاسا، بە مێشکمدا هات و تێپەڕی. دەمزانی یادی مامۆستا لەم مانگەدایە. یادی چەندەمین...؟ یەکەم، دووەم، چوارەم...؟ نازانم. جا بۆچی دەبێ یادی شەهیدێك ژمارەی پێوە بێت.... تۆ بڵێی ترسی کۆنبوونی لێ بکرێت؟! خۆ مۆدێل نییە تا باوی نەمێنێ و ڕۆژی بە سەر بچێت... ئێوارەش کە بۆ هۆڵەکە دەچووم و ئەو کاتەش کە لەوێ دانیشتبووم هەمدیس وێنەکەی، برووسکەئاسا، دەهات و ڕادەبوورد. کۆمەڵێ وێنە و نووسین بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون. وێنەیەکی گەورەی مامۆستاش ڕووبەڕووی خەڵکەکە هەڵپەسێردرابوو. ئێمە مات بووین و ئەو پێدەکەنی.

لە کاتی دانیشتنەکەدا، هەر جارە نا جارێ، سەیرێکی ئەملا و ئەولام دەکرد و ئاوڕێکی دواوەم دەدایەوە. یەکێ سەری نابوو بە بناگوێی کابرای تەنیشتی خۆیەوە و بە چپە دەدوان. یەکێکی دیکە لەو بندیوارەوە ڕووی کردبووە یەکێکی ڕیزەکەی پێش من و دەست و دەمی دەجووڵاندەوە. من هیچی لێ نەدەگەیشتم. لەوەیە کوڕە لە من گوێسووکتر بووبێت. ئەوانەی بەر دەرگاکەش زوو زوو دەهاتنە ژوورەوە و دەچوونە دەرەوە. زۆر لە یاساوڵ و پۆلیسی بەر دەرکەی پۆلیسخانەکانی لای خۆمان دەچوون. باش بوو جلی کەسکیان لە بەردا نەبوو. جووت جووت دەهاتن و دەچوون، خێسەیان لەم و لەو دەکرد و کە دەگەیشتنە لای ڕیزی پێشەوە دادەچەمینەوە و بۆیان پێدەکەنین.

دوێنێ ئێوارە کە باسی ئەم کۆڕەمان دەکرد، ئازاد وتی: ئەرێ تۆ مامۆستات دەناسی؟ وتم: ئەی چۆن...؟ دوانزە ساڵ لەمەوپێش یەکمان ناسی. یەکدوو ساڵێکیش هەر پێکەوە کارمان دەکرد. ئیدی لەوەوە باس هاتە سەر باسی شەهید. قسە و گۆتنی هێندێکیانم وەك وەعزی مەلایان

دەهاتە بەر گویێ. یەکێکیان دەیویست هەرچۆنێك بێ هەر خۆی بە دۆست و ناسیاو و هەڤاڵ و هاوبیری شەهیدێك پێشان بدات... [... *جا خۆ تۆ هەموویان دەناسیت. تەماشای کامە پۆستەر دەکەیت، کۆمەڵێ بیرەوەریت* وە بیر دێتەوە. *لەگەڵ ئەمیاندا* جارەکەی *شاخەچەرموو* دە ڕۆژ هەر بە *ڕێگەدا ڕۆیشتن. لەتەك ئەویاندا ... باسی چی دەکەیت؟! لە چیدا* پێکەوە نەبوون؟ بێدەنگ بە. هەر گوێی خۆتی *لێ* کەڕ کە چاکترە. ئەوەتا *لەسەر شەهیدیش شەڕ دەکەن. ئەمیان دەڵێ دۆست و هاوڕێ و سەرکردەی* ئێمە بوو، *ئەویان دەڵێ کوڕە بابە* بە *خودا* ئێوە هەر *نەتانناسیوە*....] ئێستاش کە تەماشای پۆستەرەکانی نێو هۆڵەکەم دەکرد باسوخواسی دانیشتنەکەی دوێنێ ئێوارەم وە بیر هاتەوە.

لە دڵی خۆمدا وتم ئەرێ بۆچی وا دەکەن، خۆ ئەوە هەموو جارێ یەکدوو سەعاتێ درەنگتر دەست پێ دەکەن. تێناگەم بۆچی دەستی ئەم خەڵکە ئاوا دەبڕن و لە کار و فرمانیان دەکەن. کە ناتوانن شەش دەست پێ بکەن، پێشتر بە خەڵکتان بگوتایە و بڵاویشتان بکردایەتەوە، بابە ئێمە حەوت دەست پێ دەکەین، هەشت دەست پێ دەکەین... بەڵام هەر زوو کەوتمە سەرزەنشتی خۆم.... ئەمە یادی شەهیدێکە، شەهیدێ کە دۆست و هاوڕێت بووە... ئەو ژینی خۆی بەخشیوە، تۆ ناتوانی سەعاتێ، دوو سەعات کاتی خۆت ببەخشیت. ئێ خوا هەڵناگرێ، ئەوەتا ئەمانیش یەك دوو هەفتەیەکە خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە دەکەن، هەرچۆنێکیش بێت، ئەمان شەهیدیان هەر لە بیرە و یادی دەکەنەوە، یادکردنەوەیەك کە لە پلە و پایەی ئەودا بێت.

ئەوانەی بەر دەرگەکە هاتنە ژوورەوە و دەرگەکەیان پێوە دا. هەریەکەیان لە قوژبنێکدا هەڵتووتا. باشە، وا دیارە دەست پێ دەکەن. تەماشایەکی سەر شانۆکەم کرد، هێشتا خەڵکێکی زۆری بەسەرەوە بوو... دەهاتن و دەچوون، تەختیان دەبرد و سەندەڵییان دەهێنا، میکرۆفۆنیان دادەنا و وایەریان هەڵدەگرت... گەڕەلاوژەیەکی سەیر بوو. زۆر بوون. لەپڕ دیتم قەحپەکەش

لەوێیە. بەڕاستی لە جێگەی خۆمدا وشك بووم... [... *باشە ئەمە چی گەیاندییە ئێرە...*] پێشتر دەمزانی لەگەڵ ئەماندایە زۆریش تێکەڵن، گەلێ یارمەتیی ئەمانی دەدا و زۆر کاری بۆ هەڵدەسووڕاندن. دەمبیست کە لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا و لەملا و لەولا، بە باڵای ئەماندا هەڵدەڵێ.... ئەمانیش، ئەلهەقی، پشت و پەنا و گوێڕایەڵی بوون و بێدڵییان نەدەکرد. بەڵام نەمدەزانی لە ڕۆژێکی ئاوادا ئەم بۆچی چۆتە سەر شانۆکە.

ئەوانەی سەر شانۆکە هەر یەکە بە لایەکدا چوون، یەك دوانێکیان لەم لێوار و لەو لێواری شانۆکەوە داقونینە خوارێ و هێندێکیشیان خزانە پشت پەردەکەوە. ئەوەی لەوێ مایەوە هەر قەحپەکە و میکرۆفۆنێکی بەرز و بۆر و سەرخڕ بوو. تەماشایەکی وێنەکەی مامۆستام کرد، بەڵام ئەم جارە پێنەدەکەنی. ڕەنگ و ڕوویشی وەکوو خۆی نەبوو، زەرد هەڵگەڕابوو. زۆرم بە لاوە سەیر بوو. باشە وێنەیەکی بێگیان چۆن ئاوا دەگۆڕێ. خۆ باوەڕ ناکەم وێنەکەی پێشوویان هەڵگرتبێ و ئەمەیان لە جێگەکەی دانابێ. بە درێژاییی دانیشتنەکە من هەر چاوم لێ بووە. ئەگەر سەیرێکی ئەملا و ئەولاشم کردبێ ئەوم بە لاچاو هەر بینیوە. وێنەکەش هێندە بچووك نییە تا بڵێی گۆڕین و لابردنی سەرنج ڕانەکێشێ.

[... ... *ئەویش بە تەواوی زەرد هەڵگەڕابوو، سوور هەڵگەڕابوو، نازانمچی هەڵگەڕابوو. نازانی چەندە خۆشم دەویست. شەووڕۆژ بە خەیاڵی دڵنیاوە هەڵدەستام و دادەنیشتم. هاوسێ نەبووین، بەڵام زۆریش لە یەکەوە دوور نەبووین. کەم ڕۆژ هەبوو نەیبینم. بەڵام بە چی دەچێ؟ ئێستا و ئێستاش لە ڕووم نەهات بچم پێی بڵێم، لە ڕووم نەهات قسەیەکی لەگەڵ بکەم، لە ڕووم نەهات نامەیەکی بۆ بنووسم. سوور دەمزانی دڵنیایش وەك من حەز دەکات و لە دڵەوە دەسووتێ، بەڵام ئەویش نەیدەوێرا، لە ڕووی نەدەهات. نازانم چاوەڕێی چی بووین، چاوەڕێی کێ بووین قسەی دڵمان بگەیێنێتە یەك. هەر لەو ڕۆژانەدا کە ئەمە ڕووی دا بڕیاری خۆمم دابوو کە ڕازی دڵی*

*خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم. دەمویست بە شنە بڵێم؛ خوشکە گەورەکەی. شنە زۆر هاوڕێم بوو، لە یەك لێژنەدا کارمان دەکرد و ژنی خالیدی هاوڕێشم بوو. دوو سێ جاریش دابووی بە گوێما... ...]*

گڵۆپەکانی هۆڵەکەیان کوژاندەوە. تەنیا یەك دوانێکی زەردی کزیان هێشتەوە، بەڵام سەرشانۆکە هەر ڕووناك بوو. ژنە لە میکرۆفۆنەکە چووە پێشەوە و دەمی پێوە نا. لە پێشا باسێکی ئەم سەردەم و ڕۆژگارەی بۆ کردین و گلەیی و گازندەیەکی زۆری کرد و داخ و تاڵاوێکی فرەی هەڵڕشت. پاشان دەستێکی بۆ میکرۆفۆنەکە برد و سەر و مشتۆکەی لە سێپێیەکە دەرهێنا. میکرۆفۆنەکەی گرت بە دەستەوە و تۆزێ لە سێپێکە دوورکەوتەوە و لەگەڵیشیا ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕا....

ئەوجا دەستی بە قسان کردەوە و هاتە سەر باسی مامۆستا و زۆری وت. لە دواییدا داوای لێ کردین بە یادی شەهیدبوونی مامۆستا تاوێ بەرزەپێ ڕاوەستین. هەموو هەستاینە سەر پێ. هەمووش سەرمان داخستبوو، تەماشای بەرپێی خۆمانمان دەکرد. من بیرم دەکردەوە. بیرم لە مامۆستا دەکردەوە. لەو سەردەمەی کە تازە یەکدیمان دەناسی و پێکەوە گەلێ کارمان ئەنجام دەدا. نازانم چۆن بوو، لەپڕ بیرم چوو بۆ لای قەحپەکە. سەرم هەڵبڕی و تەماشایەکی سەرشانۆکەم کرد. دەبینم پاڵی داوە بە دیواری لای ڕاستی شانۆکەوە و سەری میکرۆفۆنەکەی خستۆتە نێوگەڵی خۆی. زۆر شڵەژام. گوتم تۆ بڵێی خەڵکی دیکە چاویان لێوە بێت. باش بوو ئەو لایەی ئەوی لێ ڕاوەستابوو هێندە ڕووناك نەبوو، خەڵکەکەش هەموو سەریان داخستبوو. تەماشایەکی وێنەکەی مامۆستام کرد. ئەم جارەیان زۆر گۆڕابوو. باش تێم ڕوانی. مامۆستا چاوێکی لێ داگرتم و بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای دەکردم. مات بووم. گوتم تۆ بڵێی چاوم ڕێشکەوپێشکە بکات، یا بە هۆی گڵۆپە کزەکانەوە باش نابینم. بەڵام وا نەبوو. مامۆستا هەر بەڕاستی تەماشای دەکردم و چاوی لێ دادەگرتم. ئیدی بەیەکجاری شڵەژام. نەمدەزانی چی بکەم، مامۆستا بەوەشەوە

نەوەستا. لێوی دەجوولایەوە. دیار بوو دەیویست شتێکم پێ بڵێ. بەڵام دەنگی نەدەگەیشتە من. ئەمە وێنە نەبوو، هەر مامۆستا خۆی بوو. من هەر لە ئەوم دەڕوانی. نەمدەوێرا چاو بتروکێنم، یا بڕوانمە لایەکی دیکە. گوێم لێ بوو قەحپەکە سوپاسی کردین و داوای لێ کردین دانیشینەوە. مامۆستا یەکسەر لە جێگەکەی خۆی ڕاوەستا و چرکەی لە خۆی بڕی. وا دیار بوو کەس هەستی پێ نەکردبوو. بە هۆی گڵۆپە کز و زەردەکانەوە خەڵکەکە وایان دەزانی هەر وێنەکەی مامۆستایە و لەوێ، لەو بەرانبەرە، ڕاوەستاوە. کەس نەیدەزانی هەر خۆیەتی، خۆی خۆیین. من زۆر شڵەژابووم. نەمدەزانی چی بکەم. وام بە سەردا هات بیکەمە هەرا و ئەم کەینوبەینە ئاشکرا کەم، بەڵام نەمدەوێرا. ئەمە ڕووداوێکی هەروا ئاسایی نەبوو. شەهیدێك زیندوو ببێتەوە و لە کۆڕی یادکردنەوەی خۆیدا ئامادە بێت. زۆر دەترسام و زۆر شڵەژابووم. بیرم لەوە دەکردەوە بەبێ دەنگ بۆی دەرچم و بڕۆم، کەچی زاتم نەدەکرد. تەماشایەکی مامۆستام کردەوە. زۆر شەرمەزار بووم. وێنەکەی مامۆستا لە جێگەکەی خۆیدا بوو، پێدەکەنی. تۆزێ هاتمەوە سەر خۆم. گوتم وا دیارە چاوم ڕێشکەوپێشکە دەکات. دەمزانی هیی بێخەوییە. ماوەیەك بوو خەوم نەبوو. شەوان تا درەنگێ دادەنیشتم و دەمخوێندەوە و جاروباریش دەمنووسی. دوێنێ شەو تا مەلابانگدان هەر "مێژووی شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵات"م دەخوێندەوە. کتێبێکی زۆر خۆشە. نەمدەویست وازی لێ بێنم. کاتی خۆی، پێنج شەش ساڵێ لەمەوبەر، لەگەڵ مامۆستادا ویستبوومان وەریبگێڕین، بەڵام نازانم چۆن بوو، ئیدی ڕێك نەکەوت. لەو دەمەشەوە کتێبەکەم دەست نەکەوتبوو بیخوێنمەوە. باش بوو لەم ڕۆژانەدا، کاری ڕاست بێت، ئازاد ئەم دانەیەی بۆ پەیدا کردم. گوتم بۆی دادەنیشم تا لێ دەبمەوە. ئەمڕۆش بە درێژاییی ڕۆژەکە هەر سەرم دەئێشا. بەس نەبوو نەمکرد بە هاتوهاوار، ئەگەرنا شێتیان دەکردم.

قەحپەکە قسەی دەکرد. لێپرسراوی یەکەمی بانگ کرد بچێ وتار بخوێنێتەوە. لێپرسراوی یەکەم بەگوڕ هەستا و چووە سەر شانۆکە و

میکرۆفۆنەکەی لێ وەرگرت و لەسەر سێپێکەی دانایەوە و دەستی بە قسان کرد. باسێکی زۆری مامۆستای کرد و بەگەرمەوە ئاخی بۆ نەمان و کۆچکردنی هەڵدەکێشا. خەڵکەکەش بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێ دەدا. کە لێ بووەوە لە شانۆکە نەهاتە خوارەوە. چوو پاڵی دا بە دیوارێکی شانۆکەوە و ڕاوەستا. ژنە چووە بەردەم میکرۆفۆنەکە و کۆڵێ قسەی کرد. پاشان بانگی یەکێ لە میوانە بەڕێز و ناودارەکانی کرد بچێ گوتاری خۆی بخوێنێتەوە. ئەمیش زوو خۆی گەیاندە سەر شانۆکە. هەر دەستی پێ کرد و پێ نەکرد، لێپرسراوی یەکەم پەلی قەحپەکەی ڕاکێشا و بردییە پەنایەکەوە و کەوتە هەڵگوشین و ماچکردنی. من بەجارێ تێکچووم. ئەی ئەمەیان چی بوو؟! نازانم خەڵکەکە ئەم دیمەنەیان دەبینی یا نە. وا دیار بوو زۆربەیان دڵیان دابووە قسەکانی کابرای گوتارخوێنەوە. باسی ئەوەی دەکرد چۆن دەبێ شەهیدان بکەینە سەرمەشق و نموونە بۆ خەبات و تێکۆشانمان و بۆ ڕەوشت و خووی شۆڕشگێرانەمان و بۆ خۆبەختکردن و دڵسۆزی. بەڕاستی زۆر جوانی دەگوت و خەڵکەکەش بەدڵ و بەگیان گوێیان ڕادەدێرا و ئەو هۆڵە گەورە و پانوپۆڕە دەنگێ، ورتەیەکی لێوە نەدەهات. تەماشایەکی ئەولام کردەوە. لێپرسراوی یەکەم خەریك بوو جلەکانی لەبەر قەحپەکە دادەماڵی و جاربەجار خۆی پێوە دەنووساند. دەستی گرت و بردی و لە دەریچەیەکی سەر شانۆکەوە لە چاو ون بوون. تەماشایەکی وێنەکەی مامۆستام کرد. وێنە نەبوو، مامۆستا خۆی لەوێ ڕاوەستابوو، چاوی بڕیبووە نێوچاوی من و دەستێکی هەڵتەکاند.

*[... ... لە لێژنەی هەرێم بڕیاری ئەوەیان دا کە دەبێ پێوەندیی کچان، قوتابییانی کچ، لە ڕێگەی منەوە بێت، من بە لامەوە زۆر ئاسایی بوو. هیچم لە خۆمدا شك نەدەبرد. هەموو ژن و کچێکی ئەندامم بە دایك و خوشکی خۆم دەزانی. شنە یەکێك بوو لەوانەی بەگەرمی دەیویست ئەو بەرپرسیارییە بگرمە ئەستۆ. کات و شوێنیان لە ماڵی حاجی مارف*

دانابوو. دەمزانی نەرمینی کچی ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخراوی کچانە. لە کۆمیتەکەش تەنیا هەر ئەوم دەناسی. کە چووم بۆ کۆبوونەوەکە هەر بە جارێ پەشۆکام. دەبینم دڵنیاش لەوێیە و ئەندامی کۆمیتەکەیە. من چەندە پەشۆکابووم، دڵنیا دوو ئەوەندە. دەتوت خوێن لە گیانما نەماوە. نەمدەزانی چۆن قسە بکەم و چی بڵێم. دڵنیایش تێك چووبوو. ئەویش بە تەواوی زەرد هەڵگەڕابوو، سوور هەڵگەڕابوو، نازانمچی هەڵگەڕابوو. بەڵام ناچار بووم. تازە دەبوو هەرچۆنێ بووە کۆبوونەوەکە ببەمە سەر. خۆیشم نازانم ئەو دوو سەعاتەم چۆن بردە سەر. وام دەزانی هەموویان تەماشای من و دڵنیا دەکەن. وام دەزانی هەموو گوێیان لە کوتەکوتی دڵمە. دوو سێ جار وا ڕێك کەوت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دڵنیا قسە بکەم. نەمدەتوانی سەر هەڵبڕم و تەماشای بکەم. خۆمم بە کاغەز و دەفتەرەکانی بەردەستمەوە خەریك دەکرد. یەك جار، تەنیا یەك جار چاوم بڕییە چاوی. ئای لەو خۆشییە. ئای لەو بەدبەختییە. خەریك بووم دەبووم بە تنۆکێ ئاو و دەچووم بە ناخی زەویدا. هەتا ماوم ئەو نیگا ئەفسووناوییەیم لە بیر ناچێتەوە. هەر ئەو جارە بوو. ئیتر جارێکی دیکە چاوم بە دڵنیا نەکەوتەوە. پێت وا نەبێ لە بیرم چووبێتەوە. بەڵام دەبوو هەر وا بکەم. دەبوو بە جێی بێڵم... ...]

خەریك بووم شێت دەبووم. نەمدەزانی ئەمە چییە. یەکدوو جارێ چاوم لێك نان و چاوم کردنەوە. بەڵام ئاگام لە خۆم بوو. نە خەونم دەبینی و نەخەویشم دەهات و چاویشم ڕێشکەوپێشکەی نەدەکرد. چاوێکم بە هۆڵەکەدا گێڕا. خەڵکەکە گوێیان دابووە قسەکانی کابرا. لەو کاتەدا لێپرسراوی یەکەم لە دەرگەیەکی بچووکی تەنیشت شانۆکەوە هاتە دەرێ. زۆر سست و خاو بوو. لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا. بەدەم باوێشکدانەوە هاتەوە سەر جێگەکەی خۆی و دانیشتەوە. ژنەش هاتبووەوە سەر شانۆکە و بە سەر و قژێکی ئاڵۆزکاوەوە ڕاوەستابوو. کابرای میوان دابوویە بەری. تەماشایەکی مامۆستام کردەوە، لە جێگەکەی خۆی نەمابوو، ڕووەو ناو

خەڵکەکە دەهات. ڕێك و ڕەوان تەماشای منی دەکرد. زۆر شڵەژام و بەڕاستی ترسم لێ نیشت. خۆمم پێ ڕانەگیرا. هەستام و بە پیریەوە چووم. کە گەیشتمە لای، دەستی گرتم. دەستی زۆر نەرم بوو. لەوە دەچوو هیچ ئێسکی تێدا نەبێ، نەیهێشت ورتەم لە دەم بێتە دەر. ڕایکێشام و چووین پاڵمان دا بە دیوارێکی هۆڵەکەوە. هەر ئێمە نەبووین. خەڵکێکی زۆر، ئەوانەی جێگەی دانیشتنیان بەر نەکەوتبوو، پاڵیان دابوو بە دیوارەکانەوە، یا هەر بەچیچکانەوە بۆی دانیشتبوون و کرووشکەیان کردبوو، چاویان لە هیچەوە نەبوو، تەنێ گوێیان دەگرت. کەس ئاگای لە ئێمە نەبوو.

دوای تاوێ کابرای میوان لە قسەکانی بووەوە. خەڵکەکە چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێ دا. ئەویش چوو پاڵی دا بە دیوارێکی شانۆکەوە. قەحپەکەش، وەك شاعیرێکی حیزبیی لێزانی بە میکرۆفۆن و چەپڵە ئاشنا، لەسەرخۆ هاتەوە بەردەم میکرۆفۆنەکە و دەمی پێوە نا و دەستی بە قسان کردەوە. ئەم جارەیان نوێنەری بنەماڵەی مامۆستای شەهیدی بانگ دەکرد بچێت ئاخاوتنی خۆی پێشکێش بکات.

[... ... *کۆبوونەوەی دواتری لێژنەی هەرێم دە ڕۆژ دوای ئەوسا بوو. ئەو دە ڕۆژە بۆ من دە ساڵی نەهاتی، دە ساڵی بەندیخانە و دە ساڵی چاوەڕوانیی پڕ لە ئێش بوو. لەودە ڕۆژەدا پێوەندیم بە یەکێك لە هاوڕێیانی سەرکردایەتییەوە کرد. داوام کرد بمگوێزنەوە بۆ هەرێمێکی دیکە. لە کۆبوونەوەکەدا نامەی سەرکردایەتی خوێنرایەوە. لە نامەکەدا ناوی من نەهێنرابوو. تەنیا داوای ئەوەیان کردبوو یەکێکمان خۆی هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی بچێ لە لێژنەی هەرێمی چواردا کار بکات. هیچ سێ و دووم لێ نەکرد. داوام کرد من بنێرن. بیانووی باشیشم بە دەستەوە بوو. هەموو خاوەن ماڵ و منداڵ بوون. من نەبێ. ئاگام لێ بوو شنە لە هەموویان زیاتر هات بە گژما. بەڵام من تازە بڕیاری خۆمم دابوو. دەمزانی ئەگەر پێوەندیم بە کۆمیتەی کچانەوە بمێنێ، دڵداریی من و دڵنیایش پەرە دەستێنێ و لە*

*دواییشدا هەر ئاشکرا دەبێ. ئەمە لە دوو ڕووەوە گیروگرفتی بۆ دەهێنامە پێش. لەناو ڕێکخراوی خۆماندا خەڵکی وا هەبوون کە ئەمە، ئەم پێوەندییە، دژی من بەکار بێنن و بیکەنە ڕێگەیەك بۆ ناوزڕاندنم. لە لا یەکی دیکەشەوە، خۆت دەزانی ئێمە بنەماڵەیەکی دیارین، هەزاران هەبوون، لە خوایان دەویست کەسێکمان پێیەك لار دابنێ، بۆ ئەوەی تووشی هەڵدێرێکمان بکەن. تاکە ڕێگەیەکم لە بەردەمدا مابوو؛ بڕۆم، شاریش و دڵنیایش بە جێ بهێڵم. دەموت بەرگەی دووری دەگرم، بەڵام بەرگەی گڕی ئەوین ناگرم. ئاگر و بەنزین هەتا لە یەکەوە دوور بن سەلامەتترە......]*

نوێنەری بنەماڵەی مامۆستای شەهید هەستایە سەر پێ و لەگەڵ چەپڵەڕێزانی خەڵکەکەدا ڕووی کردە سەر شانۆ. خەڵکەکە هەموو تەماشای ئەویان دەکرد. ئەمە شانازییەکی گەورە بوو بۆ ئەو و بۆ بنەماڵەکەیان. ئەویش، بێگومان، ئەمەی دەزانی. زۆر ڕێکوپێك و هێمنانە هەنگاوی دەنا.

مامۆستا کە چاوی بەو کەوت سیخورمەیەکی تێوە ژەندم و گوتی:

– چاوت لێیە چەند گەورە بووە. ورگیشی پەیدا کردووە.

– تۆ جارێ لەوە گەڕێ. ئێستا چی بکەین؟! هەر لێرە ڕاوەستین؟!

– ئەی پەلەی چیمانە؟ با گوێ لەمیش بگرین.

– ئاخر تۆزێکی تر چراکان پێ بکەن هەموو دەتناسنەوە و ...

– مردووت مرێ، تۆ هەر لەسەر ئەقڵەکەی جارانتی. کێ من دەناسێتەوە؟!

نوێنەری بنەماڵەی شەهید لە بەردەم میکرۆفۆنەکەدا ڕاوەستابوو. ماوەیێکی زۆر بێدەنگ بوو. خەڵکەکە هەموو چاویان بڕیبووە دەمی. وا پێ دەچوو ئەو هەستی بەوە کردبوو کە ژنەکە خۆی تەنیا نییە. تەماشایەکی کرد، بەڵام خۆی گێل کرد. کەوتە قسەکردن. باسی ئەوەی دەکرد کە هەموویان، هەموو بنەماڵەی مامۆستا هەر لەسەر ڕێبازەکەی ئەون.

هەموو ئامادەن سەربازی بیروباوەڕی ئەو و ڕێکخراو و کۆمەڵەکەی ئەو بن. مامۆستا سیخورمەیەکی دیکەی تێوە ژەندم:

– ئەریٚ تۆ ئێستاکەش هەر لەتەکیاندای؟!

– بەخوا چی بیٚ لە تۆی بشارمەوە، نەوەڵڵا دەمێکە وازم لیٚ هێناون.

– هەرگیز تۆ وا ژیر نەبوویت. چاکت کرد.

– تۆ خۆت منت هێنایە ڕیزەوە.

– من؟!

– ئەی خۆناشیٚ لە بیرت چووبێتەوە؟!

– ڕاستە، بەڵام هەر زوو ناسیمن.

– تۆ شەهیدی ئەوانی.

– شەهیدی ئەوان؟!

– ئەی ئەوە نییە؟!

– شەهیدی ئەوان نا، کوشتەی دەستی ئەوان.

– مەبەستت چییە؟!

– ئەگەر دەروێشییەکە بەری دابیت، تێدەگەی دەڵێم چی!.

ئێمە لەم قسانەدا بووین کە میوانی ناودار و خۆشەویست بە ئەسپایی لە دەرگە بچووکەکەی تەنیشت شانۆکەرا هاتە دەریٚ و ڕووی کردەوە جێگەکەی خۆی. چونکە قەڵەو و ئەستوور بوو، لە دانیشتنندا دەتگوت هێسترێکە لە پەلەپۆ کەوتبیٚ و خۆی بدا بە زەویدا.

گوتم: با بڕۆین. لێرە لە یەکدی ناگەین.

– باشە با بچین. تۆ جێگەت هەیە؟!

– ئەی چۆن؟!

– ئەی بۆ نەچینە لای خۆم. یەکدوو هاوڕێی تازەشم هەن، حەز دەکەم

چاوت پێیان بکەوێ و بیانناسی.

– هاوڕێی چی؟!

– یەکێکیان پیرێکە پەنجا شەست ساڵێ لەمەوبەر مردووە و کچ و کوڕێکیشن هاوتەمەنی خۆمان نین، ئەوان تازە دەستیان داوەتێ.

– جا بچین لەوێ چی بکەین؟!

– کتێبی چاکمان لا هەن. دەزانم بە دڵی تۆش دەبن.

وردەوردە دڕمان بە خەڵکەکە دەدا و بەرەو دەرگاکە دەچووین. خەڵکێکی زۆر ڕاوەستابوون و ڕووناکییەکەش زۆر کز بوو. زۆری پێ چوو تا گەیشتینە نێزیکی دەرگەکە. لەوێ تۆزێکی دیکەش ڕاوەستاین. لەو کاتەدا نوێنەری بنەماڵەی شەهید، لۆژەلۆژ، بەرەو جێگەکەی خۆی دەهاتەوە. ئەوانەی ڕیزەکانی پێشەوە هەر کە چاویان پێ کەوت بەرزەپێ لە بەری هەستان و کەوتنە چەپڵەڕێزان. خەڵکەکەی دیکەش چاویان لەوان کرد و هەموو هەستانە سەر پێ و بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانییە کوڕە و چەپڵەیان بۆ لێ دەدا. ئەویش هێواش هێواش ڕووەو جێگەکەی خۆی گلۆر دەبۆوە. مامۆستا بە دەستێکی دەرگەکەی دەکردەوە و بە دەستەکەی دیکەی قۆڵی منی گرتبوو، بە لاچاویش هەوڵی دەدا سەر شانۆکە ببینێ، بەڵام ئەوەندە خەڵك بە پێوە وەستابوون هیچ نەدەبینرا. شەپۆلێ بای سارد کردی بە ژوورا. یەکێ لە یاساوڵەکان هاتە پێشەوە و بۆڵاندی:

– کاکی خۆم ئێوە بۆچی وا دەکەن؟! یا ئەوەتا وەکوو ئەو خەڵکە ڕاوەستن و گوێ بگرن، یا بچنە دەرەوە.

هێشتا لە دەرگاکەوە ئاوای ئەودیو نەبووبووین، هەردووکمان بە یەك دەنگ گوتمان:

– دەچینە دەرەوە....؟!

سۆڵلەنتونا ١٩٨٢/٤/١٠

# ڕازخانەی گومان

وڕ و کاس و داماو، لەناو ژوورێکی بچکۆلانەی درێژکۆڵەدا، جاروبارێ پاڵ دەکەوت و هێندێ جاریش بە دانیشتنەوە خەو دەیبردەوە. بیر و هۆشی گیرۆدەی هەزار و یەك خەیاڵ و ئەندێشەی بێسەرەتا و بێکۆتایی بوون. هەرچییەکی دەکرد و دەستی دەدایە هەرچی، هەر پێی وا بوو ئەمە ئەو کارە نییە کە دەبێ بیکا. پەست بوو، بێزار بوو، ماندوو بوو؛ یکجار ماندوو بوو. نە ئەوە بوو بتوانێ ئاسوودە و ئارخەیان بچێ بخەوێ و هەموو دەرد و پەژارە و گشت کاروباری لە بیر بکات، نەیش ئەوەی بێ دوودڵی لە گێژاوان بدات و شان بداتە بەر کار و سەختی. لەنێوان دوو هێزی دژبەیەکدا، دوو ئارەزووی تەواو لەیەك جیاوازدا، دەهات و دەچوو. تاوێ بەم لایەدا لار دەبۆوە و لای وا بوو بۆ چاکی بۆ چووە و سەرێکیش ڕووی لەو لایە دەکرد، دەتگوت گەڕانەوەی نییە. نەیدەزانی بۆچی ئاوا بەجارێ سەری دنیای لێ هاتۆتە یەك. بە خۆی بووایە نێوی ترسنۆکی لە خۆی دەنا و بەوەش گەلێ گرێی ئاڵۆزی بۆ دەکرایەوە. ئەگەر دڵنیا بووایە لەوەی ئەمەی کە تێی کەوتووە ترسنۆکییە، دەشیتوانی ناوەڕۆکی دەگەڵ ناودا گونجاندبا و ئەودەم دەچووە پێستی ترسنۆکێکەوە، کە لە هەموو شت هەڵدێت و بە هیچ شتێ ناوێرێت. بەڵام کە ناوبەناو هۆشی دەهێنایەوە بەر خۆی دەیزانی وا نییە. بۆچی بە زۆری زۆردارەکی خۆی بە ترسنۆك لە قەڵەم بدات، کە وا نەبێ. پێی وا بوو دەستەپاچەیە نەك ترسنۆك. دەستەپاچەی ئەوەی ناتوانێ بڕیار بدات. دەی هەر وایش بوو. بڕیاری بۆ

نەدەدرا. هێز و توانستی بڕیاردانی لە دەست دابوو. ئەم دوودڵی و ڕاڕاییيە بڕستی لەبەر بڕیبوو. ئەوێك كە هەمیشە ناوبانگی بەوە دەركردبوو كە دژ ڕادەوەستێ و بەئاسانی مل نادا، كەچی ئێستاكە هێندە لاواز و كز بوو، دەتگوت هەموو ژیانی لە بن باری زۆر و ستەمدا بردۆتە سەر و سەری بۆ هەموو زۆرێ دانەواندووە. نەیدەتوانی تاكە هەنگاوێ چییە بینێ. هەر هەنگاو، هەنگاوێكی ئاسایی. دەبووایە لە دڵی خۆیدا دە جاری هێنابا و بردبا. بە هەزار جۆری لێك دابایەوە، بە هەموو بارێكدا هەڵیسەنگاندبا، تا زاتی بڕیاردانی كردبایە. ئەوەندە لە شت ورد دەبووەوە، ئەوەندە لێی دەكۆڵییەوە، ئیدی ئەمسەر و ئەوسەری لێ تێك دەچوو، سەدان لایەنی خراپی لە شتەكەدا دەدۆزییەوە، هەر لەو كاتەیشدا سەدان لایەنی چاكیشی لە پێش چاو دەگرت، جا وەرە لە كێشەیەكی ئاوا ئاڵۆز خۆ ڕزگار بكە. نەیدەزانی بە كامە لادا دایشكێنێ. چاكە و خراپە بەرامبەر یەك دەوەستانەوە. هەموو بە دەستی خۆی بوو، ئەگەر پەنجا لایەنی ڕەشی لە كارێكدا دیتبا، دەیتوانی دەمودەس پەنجا لایەنی سپییش بەرانبەریان قیت بكاتەوە. جاران وا نەبوو. جاران ئەگەر كارێك دەهاتە پێش، زۆر زۆر خۆی ڕاگرتبا، هەر تاوێ، تاوێكی كورت بیری لێ دەكردەوە، دەنا ئیدی بێ سێ و دوو لێ كردن و بێ هێنان و بردن بڕیاری دەدا. ئەنجامیش چ دەبوو با ببێ، ئەوە شیری ئەنجام و ئەمەش گەردنی ئەو. ئەم بەزمەی ئێستای تازەیە، هەمووی چوار پێنج ساڵێكە تووشی بووە، بەڵام ئیتر ئەوەتا بە سەر و دەست تێ كەوتووە، بە هەر لایەكدا پەل دەهاوێ ڕزگاربوونی بۆ نییە.

بۆ خۆی چاكیش ئاگاداری سەروبنی كێشەكە بوو. ئاخر ئەو لەوانە نەبوو نەزانێ لە دەوروبەری چ ڕوودەدات. نەخێر، ئەو لەوانە نەبوو. چاك دەیزانی كەوتۆتە گێژاوەوە. گێژاوێكی هێند بێئامان، مەگەر هەر خۆی بزانێ و تێبگا چیی بەسەر هاتووە. ئەو لەوانە نەبوو خۆی بخەڵەتێنێ، یا

بە دڵدانەوەیەك تین و تاوی ڕووداو و لێقەومانی بیر بچێتەوە. دەیزانی ئیدی ئەم جارە دەرچوونی نییە. مەگەر... مەگەر هێزێکی نا ئاسایی، پەرجوویەك، دەستی بداتە دەست و دەریبێنێ.

ئەوانەی لە دەوروپشتی دەژیان و دەیانناسی دیلی ڕوواڵەت بوون. ئەو بە ڕوواڵەت هیچی ئەوتۆی لێ نەدەبینرا کە مرۆڤ بخاتە گومانەوە. ئەوانیش پێیان وا بوو هەر ئەوەی جارانە. هەرگیز بۆ ئەوە نەچووبوون کە ناوەوەی پڕە لە تووڕەیی و دەرد و گومان. لە ترس و نیگەرانی و خەفەت، لە بێهومێدی و ئارەزووی هەڵاتن. دیسان هەر ڕوواڵەت وای پێشان دەدا کە زۆری لە دەست دێت، نە ئارام دەگرێت و نە ماندووبوون دەزانێت. ئەو دڵی هیچ بەوە خۆش نەبوو چەندی ئەنجام داوە و چەندە کاری کردووە. بەوە دڵخۆش نەبوو کە ڕەنگە لە خەڵکی دیکەی پتر کردبێ. خۆی چاکی دەزانی کە چیی نەکردووە و چەندی ئاوات لە دڵدان و چەندی خەون لە مێشکدان. دڵخۆشی کراو نەبوو، وەلێ نیگەران، زۆریش نیگەرانی نەکراو بوو.

ئەوی لە هەموو شت پتر بۆی دەبوو بە مایەی نیگەرانی و خەفەت هونەرەکەی بوو، چونکە هونەر لای ئەو ژیان بوو، ژیانی وی بوو. پێی وا بوو بۆ هونەر پەیدا بووە و دەبێ هەر بۆ هونەریش بژی، کەچی ئێستاکە نە ژیانی هەبوو، نە هونەر.

سەردەمانێ کە هێشتا لاو بوو، لە جیهانی سەوز و سووری خەیاڵدا پەڕوازی دەکرد. هێز و گوڕێ کە هەیبوو، دڵی بوو، دڵی پڕ لە هەست و ژیان و ئارەزووی بوو. شەنگ و وزەیەك کە دەیگێڕا و دەیبزواند هونەر بوو، هونەری پیرۆز و ژیانویست و ژیانکرد. هێندەی باوەڕ بە خۆی و بە دڵی خۆی و بە هونەرەکەی هەبوو، دەیگوت جیهان دەگۆڕم. دەبێ بەو هونەرە بناخەی ڕزیوی ئەو جیهانە هەڵتەکێنم و یەکێکی جوان و ڕێك و ڕازاوەی

لە جێگەدا دامەزرێنم. پێی وا بوو هونەر هەموو شت دەکات و بە هونەر هەموو شت دەکرێ.

ئێستا ترسی هەرە گەورەی ئەوەیە هونەرەکەشی تیا بچێ. ئەمەی لە هەموو شتێ زیاتر لەبەر گرانە. ئەوێ کە هەمیشە پشتئەستوور بە هونەر، دە گژ هەموو سەختی و ئاستەنگانڕا دەچوو، ئێستاکە وا وێ دەچوو مەرگ هاتبێ و بەربینی پێ گرتبێ. هەناسەی سوار دەبوو. خۆی لاواز و نەوێر و بێدەسەڵات دەهاتە پێش چاو. دەشیزانی سەرچاوەی هەموو ئەو ترسەی ترسی مان و نەمانی هونەرەکەیەتی. ئەو لە بیری خۆیدا، هەموو دەمێ، هاوکێشەیەکی وەهای سازکردبوو، کە ببێتە ڕێنوێنی جیهانبینی بۆی؛ هاوکێشەی هونەر و ئازادی. هەڵبەتە ئەوەشی فەرامۆش نەکردبوو، کە لەولاشەوە بناغەی هاوکێشەیەکی دیکەی لە مێشکدا چەسپیبوو؛ هاوکێشەی ئازادی و ژیان. سێکوچکەی هونەر و ئازادی و ژیان گەمارۆی کوانووی دڵی دابوو، دڵیشی لەگوێن گڕ و کڵپەی ئاگرێکی خودایی دەگڕا و زمانەی دەکرد و هەڵدەکشا.

ماوەیەك بوو، ماوەیێکی زۆر بوو، بیری دەکردەوە. دەیزانی نەمانی هونەرەکەی نەمانی خۆیەتی. وەك پرسەبارێکی کەسەر لەدڵ، کە کات و ناکات بیری لای کەسێکە مەرگ بردوویەتی، بیری ئەم لای بەهرەی ژاکاوی خۆی بوو. لە سەرەتادا، سێ چوار ساڵێ لەمەوپێش، کە هەستی پێ کرد زۆری بیر لێ نەکردەوە و بە شتێکی گرنگی نەزانی، گوتی هەستێکی کاتییە، دێ و دەڕوا و دەبڕێتەوە، ئیدی بۆچی خۆمی پێوە خەریك بکەم، بۆچی بیکەمە کەڵکەڵەی شەوورۆژم. بەلام کار لەوەدا نەما خۆی لێ بێدەنگ بکات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جیهانی بچووکتر دەهاتە پێش چاو و ژیانی تاریکتر دەبینی. دەیویست خۆی قایل بکات کە هیچ نەگۆڕاوە، پێی نەدەکرا، چونکە هەموو شت گۆڕابوو. ئەو، ئیدی، ئەو مرۆڤە ئازادە دڵ پڕ لە گوڕ و تین و ژیانەی جاران نەمابوو. ئەو باڵدارە سەربەستە نەبوو، کە

ساڵەهای ساڵ بە ئارەزووی خۆی دەشت و دەر و کێو و هەرد و تەلان بپێوێت و بە ئاسماندا پەڕواز بکات. دەیزانی ئازادیی لێ زەوت کراوە. دەشیزانی کە ئازادیی لە دەست دەرچوو هونەرەکەشی دەدۆڕێنێ. هەموو ئەمانەی چاك دەزانی و هەست پێ دەکرد. نەیدەویست پێی لێ بنێ، بەڵام نەدەکرا. ئیتر لەوساوە بێهومێدی، وێنەی گەردی خۆڵەمێشین، بەسەر دڵی بلوورینیدا دادەباری و کەڵەکە دەبوو. گەردی خۆڵەمێشین سەراپای هەستیی دادەپۆشی. ئیتر لەوساوە پەیکەر بوو، پەیکەرێکی بێگیانی بێدەنگی ڕەشداگەڕاو. بێدەسەڵاتیی خۆی یەکجار لەوەڕا بۆ دەرکەوت، کە نەیدەتوانی هەست و نەستی خۆی دەرببڕێ. جاران بە خۆشییەکی چکۆلانە دڵی دەکەوتە سەما و بیری ئاڵوواڵا دەروونیان دەورووژاند. جاران بە سووکەخەمێك چەندین شیعری شین و مۆری دەنووسی، کەچی ئێستاکە لەهەرەتی دەرد و خەفەت و بێهومێدیدا لێوی نەدەبزووت و پێنووسەکەی لە گۆ کەوتبوو. جاروبارێ هەستی ورووژاوی تینی بۆ دەهێنا، ئەودەم دەکەوتە پەلەقاژەی ئەوەی لە چوارچێوەیەکدا دایڕێژێ، پەنای دەبردە بەر هونەرەکەی. هەموو جارێ هومێد و ئارەزووی دەپووچایەوە. ئەوی دایدەڕشت بە دڵی نەدەبوو. دیلی بیرکردنەوە لە نموونەی هەرەبەرز بوو. ئەوی دەینووسی و بەرهەمی دەهێنا، بەلای کەسانی دییەوە ڕەنگە بە جوان و چاك و سەرکەوتوو دابنرایە، بەڵام بە دڵی خۆی نەدەبوو. ئەو دەیزانی ئەوی دەیویست بیڵێ ئەمە نەبوو. دەیزانی ئەو نموونە نایابەی لە بیریدا بوو، لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی هێنابوو ئاسمان و ڕێسمان بوون.

ئەوە چەنای چەن ساڵ بوو لەگەڵ ئەو هونەرەدا ئاشنا بوو. شارەزای گەلێ بنەما و نهێنی و شێوە و سنووری بوو، بەڵام هەرگیز بیری بۆ ئەم دەردە نەچووبوو، هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێ دێت وشە، وشەی زمان بەشی ناکات. دەردەکەی ئەو ئێستاکە ئەمە بوو. ئەو وشە و

دەربڕینانەی لە بەردەستا بوون یارای وێنەگرتنی هەست و نەست و بیر و ئەندێشەی وی نەبوون. ئەو ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەزموونەکانی لەچاو جاراندا زۆر گۆڕاون، گەورەتر بوون و ئاڵۆزکاوتر. دیارە زمان نەیدەتوانی بێ بە هانای دەروونی پڕ لە گرێ و گۆتاڵی ئەوەوە.

ئەم ساڵانەی دوایی لەگەڵ گەلێ بیری تەرسناکدا ڕاهاتبوو، هەمووی ئازمایشت کردبوون و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردبوون. ئەو ئیدی ئەو لاوە دڵخۆش و سادە و کراوەیەی جاران نەبوو، چونکە بە چوار پێنج ساڵێ هێندەی تاڵاو بە گەروودا چووبوو هەرچی تامی خۆشی و شیرینیی ژیانە لە بەرچاوی کەوتبوو. بە درێژاییی هەموو ژیانی هەرگیز بە بیریدا نەهاتبوو کە ئاوها ڕۆژێك بە چاوی خۆی دەبینێ، کە لە ماوەیێکی وا کورتدا ئەو هەموو ئەزموونە تاڵ و ڕەش و ناهەموارەی دێتە ڕێ.

ئەگەر بۆ هۆیەکی سەرەکی گەڕابایە و بیویستایە سەرەتای ئەم ژیانە تازە و تاریك و نووتەکەی خۆی دەستنیشان بکات، هەر یەکسەر ژن و ژنهێنانی بە بیردا دەهات. لای ئەم، بە پێچەوانەی زۆر کەسی دیکەوە، ژنهێنان هەرگیز نیشانەی سەرەتای قۆناغێکی پڕ لە بەختەوەری نەبوو.

لە سەرەتادا، تا ساڵێك و بگرە تا ساڵ و نیویێکیش پێی وا بوو ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بە لاوێتی، وەك هەموو کەسێك لەو تەمەنەدا، خەونی پێوە دەبینی و بە چەمبەری پەلکەڕەنگینەی هەزارڕەنگ دەیڕازاندەوە. وای دەزانی ئیدی بەم ژنهێنانەی بەختەوەری و شادیی دنیای بەسەردا دادەبارێ و هەموو ژیانی خۆی، ئاسوودە و ئارام دەباتە سەر، خۆی بۆ هونەرەکەی تەرخان دەکات و بەوەش دەگاتە ترۆپکی سەرکەوتن. لە سەرەتادا وای دەزانی، گەلێ جار وای دەزانی. بەڵام هەر زوویش کرمی گومان لە دڵیدا دەکەوتە جووڵەجووڵ. ئەو لەوانە نەبوو هەست نەکات و تێنەگات. هەر زوو دەستی پێ کرد بە جۆرێکی دیکە بیری لێ بکاتەوە.

ماوەیێك خۆی دەخواردەوە و نەیدەویست گەردەلوولەکەی ناخی سەر بەرز بکاتەوە. دەیویست هەرچی هەیە لە ناوەوە بەند بێت و سەر هەڵنەدات، چونکە خۆیشی نەیدەزانی چی ڕاستە و چی درۆ. نەیدەزانی باوەڕ بە چی بکات. نەیدەتوانی لەسەر شتێ ساغ بێتەوە. هەمیشە لە زۆرانبازییەکی بێئامانـدا بوو. نەیدەتوانی بڕیار بدات. سەر بۆ گومانی هەڵچووی دەروونی شۆڕ بکات و پێی لێ بنێ، یا خۆی بەوە قایل بکات، ئەوەی بە دڵیدا ڕادەبووری زۆڵەبیرێکە نە بنجی هەیە و نە بناوان. جاروبار، تاك و تەنیا، دادەنیشت و دەستی لە یەخەی هەزاران بیر گیر دەکرد، ئامبازی یەك بە یەکیان دەبوو، بەڵام نە ئەوانی پێ دەشکێنرا و نە خۆی دەبەزی. نە جارێك و نە دوو. دەیان جار و سەدان جار، پیشی دەکرد و ناوچەوانی دەدا بە یەکدا و خەم و خەفەت و نیگەرانی سەرتاپێی دادەگرت. بە ئاستەمیش، ترووسکەیەك چییە، نەدەهاتە پێش چاوی. گەلێ جاریش دەکەوتە دڵدانەوەی خۆی. بەوەشەوە نەدەوەستا. نەفرینی لە خۆی دەکرد و بە ڕەچەڵەکی بیر و گومانەکانیدا دەچووە خوارێ. دەیویست بە بارێکی دیکەدا لێکی بداتەوە و خۆی قایل بکات، کە ژنەکەی نە گوناهی هەیە و نە تاوان. ئەمە خۆیەتی کە شایانی ئەو نییە و ژینی لەویش تاڵ کردووە. هەرچەندە سەری دەهێنا و دەبرد بوارێکی بە دی نەدەکرد، ڕێگەیەکی نەدەدۆزییەوە، چارەیەکی پێ نەدەزانی.

لە دواییدا ئەوی گومان بوو لای ئەم بوو بە ڕاستی. ئەوی دەترسا بە بیرکردنەوەش توخنی کەوێ، لەگەڵی ڕاهات و بوو بە ئاشنای. چیی دی نەیتوانی بەرامبەر گەردەلوولی گومان ڕاوەستێ. وزەی لەبەر بڕا، ئارامیی لێ هەڵگیرا و خۆی دا بە دەست شاڵاوی بیری هەزاربەهەزارەوە. ئەمجارە، ئەگەرچی ئیدی دڵنیاتر بوو لە جاران، بەڵام دەیزانی ئەمە سەرەتای ڕێگەی نەهاتە. دڵنیا بوو، ئەوەی لێی دەترسا تووشی هات، ئەوەی نەیدەویست پێی لێ بنێ، وا بەرۆکی گرتووە و لێی نابێتەوە. لەوساوە

ژیـانـی بـوو بـە دۆزەخـێکـی دوایـی نـەهـاتـوو. شەوان و ڕۆژانـی بـوون بـە خـەمێکـی قـووڵـی بێئـەندازە، ژانێکـی بێنـاوی نـائـاسایـی. لـەوساوە ئیدی بـەجـاریٚ گۆڕا. نـە ڕەنگوڕووی وەکوو خۆی مـایـەوە و نـە ئـەو حـەز و گـەشە و نـەشەیـەی جـارانـی لـیٚ دەبـیـنـرا. ئـەوی هـەوەس و ئـارەزووە لـە نـاخیدا نـەمـابوو. ئـەو لاوە دڵخۆش و ڕووخۆشـەی جـاران ڕۆیشتبوو، پـەیکـەرێکی دڵمردووی بێگیـان جێگـەکـەی گرتبوو، پـەیکـەرێکـی بێدەنگـی ڕەشداگـەڕاو.

ئـەم ژوورە بـچـکـۆلـەیـە بـووبـووە یـانـەی شەوورۆژی. ڕازخـانـەیـەك بـوو جێگـەی هـەزاران هـەزار بیر و گومـان و ئـەندێشە، خـەم و پـەژارە و پـەستی، بێهومێدی و نیگـەرانی و تـاسەی تێدا دەبـووەوە. لـەم ژوورەدا لـەگـەڵ خۆیدا، لـەگـەڵ نـاخـی تێکچڕژاوی خۆیدا و لـەگـەڵ بیری هـەزاربـەهـەزاردا دەکـەوتـە دوان. کـەوشـەنـی خـەیـاڵـی تـا دەهـات تـەسکتر دەبوو. سنووری لێکدانـەوەی هـەر کرژ دەبوونـەوە و دەچوونـە یـەك. قـوڕاوی خـەم و نیگـەرانیش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەرەو وشککردن و خـەستبوون دەچوو، دیـارە لـەگـەڵیشیا ڕەقتر و سەخـتـتـر. تـا بـەرەو ئـەوە دەچـوو بـبێتـە تـۆپێکـی ڕەق و تـەقـی لـە شکـان نـەهـاتـوو. هـەمیشە خۆی تـەنیـای تـەنیـا دەبینی.

گومـان زۆڵـەبیرێك بوو لـە نـاخیدا دەگوورا و گـەورە دەبـوو. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ و مـانـگ لـە دوای مـانـگ وای هـەست دەکـرد چـیـی تـر پـێی نـاکـریٚ بـیشارێتـەوە و لـێی بـێدەنگ بـیٚ. ئـەوەی لا ڕوون بـوو ئـەگـەر خـۆیشی بیشارێتـەوە خـەڵکـی دیکـە هـەر هـەستی پـیٚ دەکـەن و پـەی بـە نیگـەرانـی و پـەژارەی ئـەم دەبـەن. ئـەم زۆڵـەبیرە لـەو کـاتـەوە پـەیدا بوو کـە لـە هـەنـاوی ژنـەکـەیدا پزێك، تـازەمرۆڤێك گوورا و دروست بوو. گومـان و پز دوو هـاوەڵ بـوون، لـە دوو مـاڵـی جـیـاوازدا، یـا دوو نـەیـار بـوون و کـەوتـبـوونـە پێشبڕکێیـەکـی سەخت و خوێنـاوی. هـەر ڕۆژێك تێدەپـەڕی و هـەر مـانگێك ڕادەبـوورد پـز لـە هـەنـاوی ژنـەکـەیدا و گومـان لـە نـاخـی ئـەمدا گـەورەتر دەبوون و ڕەنگ و ڕوخساریـان ڕوونتر دەبوو. ئـەویـان بـەرەو ئـەوە دەچوو

ببێتە منداڵێك، سبەی، دوو سبەی ملی ڕێگەی هات و نەهات بگرێتە بەر، ئەمیشیان ئافەریدەیێك بوو بێ بنج و بناوان، بێناو و بێمەبەست. هەتا گەورەتر دەبوو، زێدەتر ترس و سامی دەخستە دڵ و دەروونی ئەمەوە و زۆرتر ئازاری دەدا.

ئێستاکە ئیدی ئەوە هەشت مانگ، هەشت مانگی خشت بوو بە دەم ژانی گومانەوە دەتلایەوە. هەشت مانگ بوو ئافەریدەی دزێوی گومان دەبزوا و چڕنووکی لە ناخی گیر دەکرد، لەگەڵ خوێن و هەستیدا تێك ئاڵابوو، لە هەناویدا هەناسەی دەدا، بە سەد و یەك ناوکەداو پێوەی گرێ درابوو. نەیدەزانی ئەم جانەوەرە ناحەزە هەتا کەی ئاوا ئێسکی دەکرۆژێ و خوێنی دەمژێ.

ژنەکەی، کە ئێستا زگەکەی هەشت مانگان بوو، پشووسوار و ماندوو، گرژ و مۆن بەو ناوماڵەدا دەهات و دەچوو. ژیانی لێ تاڵ کردبوو. شەووڕۆژی لێ کردبووە دۆژەخێکی نێڵەدار. هەموو چاوپێکەوتنێکی ئاگری گومانی لە ناخی ئەمدا خۆشتر دەکرد. کاتێ کە بەتەنیا دەبوو و بیری لێ دەکردەوە سەری سووڕدەما. جاران، کە تازە هێنابووی، حەزی دەکرد شەووڕۆژ پێکەوە بن. هەر جارێ کە چاوی دەبڕییە چاوی، تەزوویەکی گەرم و خۆش بە ناو ڕەگەکانیا پەخش دەبوو. کەچی ئێستاکە خواخوایەتی نە چاوی پێ بکەوێ، نە گوێی لە دەنگی بێ و نە هەستیش بە بوونی بکات. لێی بێزار بوو. لە دەنگی، لە ڕەنگی، لە هەموو شتێکی بێزار بوو. حەزی دەکرد بە ڕۆژان و بە مانگان لێیەوە دوور بێت. ئەگەر تەماشایشی دەکرد هەموو شوێنێکی ئەوی پێ ناشیرین و ناحەز بوو؛ دەمی، لووتی، قژەکەی. هەر لە خۆیەوە ڕکی لێ دەبووەوە، لە دەنگی، لە شێوەی قسەکردنی، لە جۆری تەماشاکردنی و لە هەموو شتێکی. هەر لەو دەمانەدا بوو، کە ڕێگەیەکی دیکەی هاتە پێش. ڕێگەیەك کە هەرگیز نە بیری لێ کردبۆوە و نە بە خەیاڵیدا تێپەڕیبوو.

هەر بۆیەش نەیدەزانی چ بکات و چۆن ببزوێ. ئەو فێر بووبوو جاروبار دەچووە کتێبخانەی گشتی یا دەیخوێندەوە یا تەماشای گۆڤار و ڕۆژنامانی دەکرد. چاوی بە کیژێکی جوان و ناسک کەوتبوو لەوێ کاری دەکرد. لە سەرەتادا تەنیا جوانییەکەی سەرنجی ڕاکێشا و ئیدی خۆی پێوە خەریك نەکرد. جارێکیش پرسیارێکی لێ کرد، ئەویش زۆر بە ڕووخۆشییەوە هات بە دەمیەوە و یاریدەی دا. لێرە بە دواوە، وردە وردە، کەوتە بیرکردنەوە لە کیژەکە. کە دەهاتەوە ماڵێ وای هەست دەکرد کەسێکی لێ بە جێ ماوە، کەسێك کە هۆگری دڵ و دەروونیەتی. کە دەچووە ئەوێش هەر ئەوە بوو، دووراودوور، سەرنجی دەدا، لێی ورد دەبووەوە و بە تەماشاکردنی خرۆشی کۆمەڵێ هەستی تێکەڵ دەچووە دڵیەوە.

ڕۆژانی دواتر لە جاران زۆرتر سەری کتێبخانەکەی دەدا، ڕۆژی دوو جار، یا هەر نەبێ یەك جار. هەموو چوونێکیش دەبووایە ڕۆژباش و سەلاوی بە کیژەکە گوتبایە. ئەمە بە لای ئەمەوە گرنگ بوو، چونکە نیشانەی زیندوویی و گەشەکردنی دیاردەکە بوو. زۆرجار بیری دەکردەوە و بۆ ئەوە دەگەڕا چ ناوێك لەم پێوەندییە بنێ. خۆی حەزی دەکرد پێی بڵێ دڵداری، بەڵام لە ناخیشیدا دەیزانی وا نییە. هەر نەبێ لەبەر ئەوەی ئەم تەنیا لای خۆیەوە حەزی لەو کردبوو. لەوەیە ئەو ئەمی هەر بە یەکێك لەو سەدان کەسە دانابێ، کە ڕۆژانە هاتوچۆی ئەوێیان دەکرد. بەڵام ئەوەش هەبوو، هەڵسوکەوتی کیژەکە لەگەڵ ئەمدا ئاسایی نەبوو. کە ئەم بە بیانووی کتێبێ یا گۆڤارێکەوە پرسیارێکی لێ دەکرد، ئەو برێك دەشڵەژا، بزەیەکی دەهاتە سەر لێو، بزەیەکی بێگیان، وەك بڵێی لە شەرماندا نەوێرێ، یا نەتوانێ چرای هەستی خۆی گەش گەش دایبیسێنێ. ئەم پێوەندییە تازەیە، ئازارێکی تازەشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ژیانی ئەمەوە، ئازارێك لەوەی جاران قورستر و ڕەشتر و ئاڵۆزتر. ئێستا ئیدی دەبوو هەنگاو بنێ، لەگەڵ بیر و دڵی خۆیدا یەکبیر و یەکدڵ بێت. گومان بکاتە

قەناعەت و بەو پێیەیش خۆی ساغ کاتەوە و بڕیار بدات. نەدەبوو ئیدی هەر بە بڕیاردانەوە بوەستێ، دەبوو بڕیار بدات و جێبەجێشی بکات.

ئەم جارەش سەرلەنوێ، لە بەردەم دووڕیانی بڕیارداندا، سەری دنیای لێ هاتەوە یەك، دۆش داما و بیری بڕی نەکردە هیچ کوێیەك. بە دڵ دەیویست خۆی یەکالا بکاتەوە، یا هەر نەبێ خۆی و ژیان و تەمەنی بداتە دەم گێژەنەیەکەوە، کە ڕەنگە لە ئاخرا، لە کەنارێك، لە جێیەك، لە بوارێك بگیرسێتەوە و خۆی بگرێتەوە. بەلام ئەو هی ئەوە نەبوو بڕیار بدا، ئەو تازە ئیدی ئەو خاوەن دڵ و دەروونە نەبوو ڕێگایەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

ئەم جارە ژانێکی دیکە و نیگەرانییەکی دیکەش هاتە پێش، ژانێکی لەوانەی پێشووش جیاواز و بەسوێتر. کە ئەم ماوەیە لە بیر و خەیالی خۆیدا بووبوو بە هۆگری کیژەکەی کتێبخانە، جۆرە هاوکێشەیەکی بۆ خۆی دروست کردبوو، هاوکێشەیەکی وا کە ئاسوودەیی بداتە دەروونی و قەرەبوویەك بێت بۆ ئەو هەموو گوشارەی کەوتبووە سەر مێشکی. لە بیری خۆیدا وای بۆ دەچوو کە ئەم پێوەندییە تازەیەی چەندە تۆوی خۆشەویستیی تێدایە و بەیەکگەیشتنی دوو دڵ و دەروون و دوو گیانە، ئەوەندەش تۆڵەسەندنەوەیە. لە لایێکەوە خۆی لە ئازار و ڕق و ناحەزی ڕادەپسکاند و لە لایێکی دیکەشەوە خۆی دەدایە دەست خۆشی و خۆشەویستی و حەزەوە، کەلاوەکانی بێهومێدیی بە جێ دەهێشت و دەچووە هومێدستانەوە، لە دیلی ڕزگاری دەبوو و ئازادی باوەشی بۆ دەکردەوە، کەسێکی لە ژیانی خۆی دەکردە دەرەوە کە بۆی بووبووە مایەی خەم و خەفەت و نیگەرانی، یەکێکی دەهێنایە نێو ژیانی خۆیەوە کە لەتەك خۆیدا جوانی و شادمانی و ئەوینی دەهێنا. ئەو ئەگەرچی مەستی ئەم خەیالە بوو، بەلام لەوەیش بێئاگا نەبوو کە تۆڵەسەندنەوە لە ڕقەوە هەڵدەقولا، ڕقیش دژی ئەوین بوو، دژی خۆشویستن بوو، دەی چۆن دەکرا لە ڕق و خۆشەویستی یەك بگرن؟! چۆن دەیتوانی لە دڵی خۆیدا جێگەی ئاو

و ئاگر، خودا و شەیتان، هەتوان و ژار بکاتەوە!! لێرەشدا سەرلەنوێ بیری دەچووەوە بۆ لای هونەرەکەی. ژنەکەی بووبووە هۆی لەناوچوون و پەژمردەبوونی هونەرەکەی، بەڵام لەوەیە بەم خۆشەویستییە تازەیەی هونەرەکەی ببوژێتەوە و داری بەهرەی سەرلەنوێ چەکەرە بکات. کە هونەرەکەشی بۆ بگەڕێتەوە، واتە ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەمە دیسان سێ کوچکەکەی بوونی ئەم بوو؛ ئازادی و هونەر و ژیان. کە بیری لەمە دەکردەوە تۆڵەسەندنەوەی بە ڕەوا دەزانی. هەقی دەدا بە خۆی کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە و ئەم هەلە لە دەست نەدات. کەسێ کە ئازادیی لێ زەوت کردبوو، بووبووە هۆی تیاچوونی هونەرەکەی و ژیانی لێ کردبوو بە دۆزەخ هی ئەوە بوو تۆڵەی لێ بکرێتەوە. لەم پلەیەدا گوڕێکی دەدایە خۆی و خۆی بۆ بڕیاردان ئامادە دەکرد. دەیویست بە یادی جاران، بە یادی ئەو سەردەمانەی کە بێ سێ و دوو لێ کردن بڕیاری دەدا و جێبەجێیشی دەکرد، ئێستاش هەر وا بکات. باوەڕی دەکرد کە ئەم جارە بتوانێ خۆی ڕاپسکێنێ و تین و توانستێك بداتە خۆی، چونکە، پێی وا بوو، خۆشەویستی وزەبەخش  و ویستخولقێنەرە. بڕیاردان ئێستا ئیدی هەر یەك شت بوو، خۆی لەو دۆزەخەی تێی کەوتبوو ڕزگار بکات. خۆڕزگارکردن، یا خۆئازادکردن... ئەمە چەمکێکی تازەتر و باشتر بوو. لە تۆڵەسەندنەوە چاکتر بوو. زۆریش لە تۆڵەسەندنەوە  خۆشتر دەهاتە بەر گوێ. چونکە لە تۆڵەسەندنەوەدا هەست بە جۆرە یەکسانییەك دەکەی، تۆ لەو چاکتر نییت، بەرزتر نییت، هەر ئەوەیە تۆڵەی خۆت دەکەیتەوە. تۆڵەی هەقێ کە ئەو پێشتر خواردوویەتی و بڕاوەتەوە، مەرجیش نییە تۆ لەسەر هەق بیت. تۆ دەتەوێ تۆڵەی بەزین و ژێرکەوتن و ملدانی خۆت بکەیتەوە. بەڵام خۆئازادکردن وا نییە. لەمیاندا تۆ سەردەستیت، تۆ بەرزتریت. ڕاستە تۆ شکاویت، دیل کراویت، بەڵام نەبەزیویت، بەڵام ملت نەداوە. کە ئێستاش خۆ ڕزگار بکەیت هەست دەکەیت جۆرە بەردەوامییەکی تێدایە،

بەردەوامییەکی بنیاتنەرانە. خۆئازادکردن پرۆژەی داهاتوویەکی چالاکە، پرۆژەیەکی بەکارە، کەچی تۆڵەسەندنەوە پرۆژەی داهاتوویەکی پاسیڤە، پرۆژەیەکی نابەکارە. مەرج نیە کە تۆڵەی خۆت کردەوە بتوانی بەردەوام بیت و شتێك بکەیت، شتێکی باش و گرنگ. لەوەیە هەر بە دوای تۆڵەسەندنەوەدا خۆیشت لێ ببیتەوە و تەواو ببیت. ئەم دەبوو خۆی ئازاد بکات، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و سەردەمێك و بەشێکی تازەی ژیانی دەست پێ بکات، سەردەمێکی لە جاران جیاواز، زۆریش جیاواز.

ئێستا ئیدی بڕیاردان شتێك نەبوو پێویستی بە بیرکردنەوە بێت. با، بیرکردنەوەی پێویست بوو، بەڵام ڕارایی و دوودڵییەکە لە ئارادا نەمابوو، دەیتوانی بڕیار بدات و خۆی ساغ کاتەوە. ئەمەش هێندە سادە نەبوو؛ یەعنی مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو بێ دوودڵی لایەنێك هەڵبژێرێ و هەموو شتێ بەوە ببڕێتەوە. دەبوو هەڵبژاردنەکە ڕاست بێ. لەوەش گرنگتر دەبوو هەڵبژاردنەکە و بە دوویشیدا بڕیاردانەکە لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکانیدا بگونجێن و هاوئاهەنگ بن. ئەم نەیدەتوانی لەو بنەما ئەخلاقییانە، کە زادەی کۆمەڵە باوەڕێکی فەلسەفەیی بوون چاوپۆشی بکات و خۆی لێیان نەبان بکات. دەیویست هەموو شتێ بە تەرازووی ئەخلاقی فەلسەفەیی بکێشێ و دەیویست بە موویش لەو ڕێگە پاك و پیرۆزەی بە چاوی دڵ دەیدیت لا نەدات.

گیروگرفتەکەی ئەم، ئێستاکە، تەنیا فەلسەفەیی و ئەخلاقی نەبوو، بگرە ئێستێتیکی و هونەرییش بوو. یا ڕەنگە بکرێ بگوترێ سایکۆلۆژیش بوو. ئەم حەزی لە گۆڕان و گۆڕین بوو. پێی خۆش نەبوو هەتا دنیا دنیایە شتەکانی دەوروبەری وەك خۆیان بمێننەوە و بهێڵرێنەوە. ژیان و دینامیزمی ژیانی لە گۆڕین و گۆڕاندا دەبینی. ئەوەی نەك تەنیا لە دیاردە گەورەکاندا پێ ڕاست بوو، بەڵکە تەنانەت بۆ بەشە وردیلەکانی ژیانی خۆیشی هەر وای دەویست و وای بیر دەکردەوە. ئەم بیرکردنەوەیە شتێك

نەبوو خۆی دایهێنابێ، زادەی سرشت بوو، هەموو شتێ لە سرشتدا، لە ژیـانـدا هـەر وا بـە ڕێوە دەچـوو. گـۆڕان و گـۆڕیـنـیش لای ئـەم کـۆمـەڵـە بنەمایەکی وشك نەبوون. بیرەکەی ئەم ئەوە بوو کە ئەگەرچی گۆڕین پرۆسێسێکی درێژخـایـەنـە و کۆمـەڵـێ بـنـەمـای مێژوویی و کۆمـەڵایـەتـی نەخشیان لە دواخستن یا پەلەپێکردنیدا هەیە، بەڵام دیسان فاکتۆرێکی دیکەش دەمێنێتەوە، وەك بڵێی سرشت هەر بە تایبەتی بۆ مرۆڤی بە جێ هێشتبێ. ئەم فاکتۆرەش ئەزموونگەری، یا پەنابردنە بەر ئازمایش و تـاقـیـکـردنـەوەیـە. ئـەگـەر بـتـەوێ وەك تـاکـەکـەس، ئـەویش تـاکـەکـەسێکـی هۆشیار. لە پرۆسەی گۆڕان و گۆڕیندا بەشدارییەك بکەیت و جێپەنجەیەکت دیار بێ، دەبێ هەوڵ بدەی شت تاقی بکەیتەوە، بەوەی کە لە بواری ئەزموونـدا چاکی و خراپییانت بۆ دەر بکەوێ و ئەوسا بڕیاریان لەسەر یا لە دژ بدەیت، واتە مەسەلەکە مەسەلەی هەڵبژاردنە. دەبێ بتوانی خۆت نەخشی خۆت و داخوازی خۆت و ئەوەی خۆت دەتەوێ، هەڵبژێری. با هـەڵـبـژاردنـەکـە لـە نـێوان ژمـارەیـەکـی کـەمـیشدا بـێت. بـا ئـەوەی لـە بـەردەسـتـیشتـدایـە ئـەو زۆرە نـەبـێ، بـەڵام هـەر چـاکـتـرە، چـونکـە خـۆت هەڵتبژاردووە و بەسەرتدا نەسەپێنراوە. دیارە هەڵبژاردنیش مەرجی خۆی هەیە و هەروا لە خۆوە پێك نایەت. مەرجی هەرە گرنگیش ئازادییە. تۆ کە ئازاد نەبوویت چی هەڵدەبژێری، چۆن دەتوانی شت هەڵبژێری... ناتوانی. دەبێ پێشەکی ئازاد بیت، ئازادیت دەستەبەر کردبێ بۆ ئەوەی بتوانی بە ویستی ڕاستەقینەی خۆت شت هەڵبژێریت. ئێستا ئەم بواری هەڵبژاردنی بۆ ڕەخسابوو....

ئەم ئەزموونی ژنداریی هەبوو، چونکە دەمێك بوو ژنی هێنابوو، بەڵام وای هـەسـت دەکـرد پـێویسـتـی بـە ئـەزمـوونـی تـازەیـە، پـێویسـتـی بـە تازەکردنەوەی ئەزموونەکانی خۆیەتی. ئەم هەستەی بە تایبەتی لەوەوە لا دروست بووبوو کە لە گەلێ جێگە و ڕێگەی جیاوازدا وا هەڵدەکەوت چاوی

بە جۆرە ژنێك، یا كچێك، دەكەوت هێندە ناسك و جوانكیلە و ئێسكسووك بوون كە لەوە بوو پیاو سوێی بۆیان بێتەوە و حەز بكا دەمودەست تینوێتیی خۆی بشكێنێ. لەو كاتانەدا لە نزیكەوە سەرنجی دەدان؛ سەرنجی دەم و لێویان، لامل و گەردنیان، سینگ و بەرۆكیان، دەست و پەنجە و مەچەكیان و تاڵ تاڵی قژەكانیان... سەرنجی لەرینەوەی شەپۆلاسای گیانی دەدان، سەرنجی ڕێ و ڕۆیشتنی دەدان. بیری لەوە دەكردەوە دەبێ چەند خۆش بێ ئەو لەشولارەت لە بەردەستدا بێت. دەبێ خۆشی و چێژێكی چەند قووڵ و گەورە بێ لێو بنێیتە سەر لێی، لاملی، باڵی، شانی، پشتی، یا هەر جێیەكی دیكەی. لەم ساتانەدا بیری لە ئەزموونە كۆنەكانی خۆی دەكردەوە، ئەزموونی ژیانی ژنداری، و لەگەڵ ئەم ئەزموونە خەیاڵكردانەدا بەراوردی دەكردن. جیاوازییەكە ئەرز و ئاسمان بوو. ئەویان ساردیی خووپێوەگرتن و ئەمیان گەرم و گوڕیی تازە و نەناس و چاوەڕواننەكراو، ئەو بێتامیی مەتەڵێكی هەڵهێنراو و ئەم چێژ و لەززەتی نهێنییەكی پەی پێ نەبراو، ئەو سیسبوون و ژاكان و ئەم گەشاوە و گوڵكردن، ئەو كۆنەشارێكی بێزراو و ئەم دورگەیەكی سەوزی خەون پێوەبینراو. لەو ساتانەدا وای هەست دەكرد كە لە خۆشی و تامی ڕاستەقینەی ژیان بێبەش كراوە؛ وای هەست دەكرد ژیان و هونەر و ئازادیی لێ زەوت كراوە و بە دەست و پێی بەستراوەوە، یووسف ئاسا، فڕێ دراوەتە بنی بیرێكی تاریك و نووتەكەوە.

یووسف لەبەر مەكر و فێڵ و فرەزانیی ژن ساڵانێكی لە زینداندا بردە سەر؛ بێبەش لە ئازادی و ژیان و لە تەمەنی لاوێتی لەناو چواردیواری ڕەق و تەقدا، شەوان و ڕۆژانی بە یەك دەگەیاندن. زولەیخاش ئاگری جوانی و عەشقی یووسف شێتی كردبوو، ژنانی گەڕەكی كۆكردەوە و سەر و چەقۆی دانە دەست، تا ببنە گەواهی ئەوینێكی بێئامان. سەریان سووڕ ما، دەستی خۆیانیان بڕی و نەك دڵێ، سەد دڵ عاشقی جوانییەكەی

یووسف بوون. وتیان زولەیخا شێت و هاریش بێت هەقیەتی، ئەمە فریشتەیە.

ئەم یووسف نەبوو، بتوانێ لەو هەمووو داوە ڕزگاری ببێ و بەرگە بگرێ. ئەگەر سەدیەکێکی یووسف دڵنیا بووایە، دەمێك بوو بڕیارێکی دابوو و لەسەر شتێك ساغ بووبووەوە. دەمێك بوو لەم دۆزەخی دوودڵی و گومانە هاتبووە دەرێ. ئەم یووسف نەبوو، بەڵام ژن هەر ژن بوون، ئەگەر لە شۆخی و جوانیشدا زولەیخا نەبووبن، لە مەکر و فێڵ و عەییاریدا هەر یەکێکیان سەدی وەکوو حەوا و زولەیخایان دەخستە کۆشیان.

سنووری بیرکردنەوە و لێکدانەوەی تا دەهات تەسکتر دەبوون و دەهاتنەوە یەك. لایەنەکانی هاوکێشەکە، ئەگەرچی، ڕوون و ئاشکرا بوون، بەڵام بۆ ئەم نە ئەمسەری دەبینرا و نە ئەوسەری. ئەم ڕاڕایی و دوودڵی و گومانە ئەوەندەی تر ژیانیان لە بەرچاوی تاریك دەکرد و بەرەو بێئومێدی ڕایاندەماڵی. لەو ساتانەشدا کە زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ بیری دەکردەوە، سەری لەم بەزمە دەرنەدەکرد. پێی سەیر بوو بۆچی هێندە لاواز و بێدەسەڵاتە و چۆنە وا سەری دنیای لێ هاتۆتەوە یەك. دەیزانی نە دەبەنگە و نە زەینکوێر. لە مەسەلە قووڵەکانی فەلسەفە دەگەیشت و گرێی بابەتە ئاڵۆزکاوەکانی تیۆریی جۆربەجۆری بۆ دەکرانەوە، کەچی ئێستاکە بەرانبەر سادە و ساکارترین ئافەریدەی ئەم سەرزەمینە دەستەپاچە ڕاوەستابوو. نەك هەر ئافەریدەی هەر سادە و هەرە ساکاری ئەم سەرزەمینە، بگرە هیی هەمووو گەردوونیش. لەو ڕۆژەوە ئادەم پێی ناوەتە سەر بستێکی ئەم گەردوونە، ژن سێبەر بووە و لە پیاو جیا نەبۆتەوە. حەوا گەورەترین گورزی سرەواندە ئادەم و بوو بە هۆی بێبەشبوونی خۆیشی و ئادەمیش و هەمووو مرۆڤایەتیش لە بەهەشت، کەچی ئادەم هەر دەستبەرداریشی نەبوو، هەر وازی لێ نەهێنا. پێی وا بوو بێ حەوا هەڵناکا. ئادەم ئازاد نەبوو چونکە بواری هەڵبژاردنی نەبوو، خۆشی بووایە و ترشی

بووایە هەر حەوای لە بەردەستدا بوو؛ نەیدەتوانی بیگۆڕێتەوە و یەکێکی چاکتر وەربگرێ، نەیدەتوانی دەستکاریی بکات و بیگۆڕێ و چاکتری بکات. لە هەمووی بەدبەختانەتر ئەوە بوو کە نەیدەزانی هەڵبژاردن چییە، چونکە هەڵبژاردن کاتێك دەکرێ کە نموونەی دیکە هەبن، کە بزانی نموونەی دیکە، نموونەی باشتر، هەن و تۆ دەتەوێ واز لە یەکێك بهێنی و یەکێکی دیکە هەڵبژێری، یەکێك بە دڵی خۆت. بەڵام ئادەم نەیدەزانی نموونەی دیکە هەیە، یا با بڵێین دەیزانی نموونەی دیکە نییە.

ئەم ئادەم نەبوو. بەدبەختییەکەشی هەر ئەوە بوو کە ئادەم نەبوو، چونکە ئەگەر وەك ئەو بیزانیبایە کە نموونەی دیکە نییە، یا با بڵێین نەیزانیبایە کە نموونەی دیکە هەیە، ئەودەم ئاسوودە و ئارخەیان پاڵی لێ دەدایەوە و سەری بۆ چارەنووسی خۆی شۆڕ دەکرد. بەڵام چارەڕەشیی ئەم لەوەدا بوو کە ئازاد بوو، کە بواری هەڵبژاردنی هەبوو، کە دەیتوانی خۆی نەخشی خۆی و داخوازی خۆی و ئەوەی کە خۆی دەیەوێ هەڵبژێرێ.

وڕ و کاس و داماو، لەناو ژوورێکی بچکۆلانەی درێژکۆڵەدا، جاروبارێ پاڵ دەکەوت و هێندێ جاریش بە دانیشتنەوە خەو دەیبردەوە. بیر و هۆشی گیرۆدەی هەزار و یەك خەیاڵ و ئەندێشەی بێسەرەتا و بێکۆتایی بوون. هەرچییەکی دەکرد و دەستی دەدایە هەرچی، هەر پێی وا بوو ئەمە ئەو کارە نییە کە دەبێ بیکا. پەست بوو، بێزار بوو، ماندوو بوو؛ یەکجار ماندوو بوو. نە ئەوە بوو بتوانێ ئاسوودە و ئارخەیان بچێ بخەوێ و هەموو دەرد و پەژارە و گشت کاروباری لە بیر بکات، نەیش ئەوەی بێ دوودڵی لە گێژاوان بدات و شان بداتە بەر کار و سەختی لە نێوان دوو هێزی دژبەیەکدا، دوو ئارەزووی تەواو لەیەك جیاوازدا، دەهات و دەچوو.

زستانی ١٩٨٧– ١٩٨٨

# میرزا

ئەمە یەکەم جار نییە ئاوەهام بەسەر دێ. هەموو جارێ پەنجەی خۆم دەگەزم و دەڵێم ئیدی بەسە. تۆبە بێت ئەگەر جارێکی دیکە بهێڵم وام لێ بکەن. بەڵام هەموو جارێکیش هەر ڕوو دەداتەوە و کەرکەر مل دەدەم و بێدەنگ دەبم.

کە ژنەکەم چووە دەرەوە، من لەسەر تەختی نێو ژوورە بچووکەکە ڕاکشابووم. کچە بچکۆلەکەمان دەستی بە لێواری تەختەکەوە گرتبوو و بەملا و بەولادا دەهات و دەچوو، یاریی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەنگی دەهات. هیچی نەدەگوت، چونکە هێشتا زمانی نەگرتبوو، بەڵام دەنگەکانی بە جۆرێك دەردەبڕی، وا پێ دەچوو ڕستەی ڕێکوپێکی بەپێی ڕێزمان و فۆنۆلۆژیی کوردی داڕێژراو بڵێ... چرۆ هێشتا پێیشی نەگرتبوو، هەڵسوکەوتی بوو. ئەگەر یەکێك دەستی بگرتایە دەیتوانی بڕوا بە ڕێوە، چاکیش دەڕۆیشت. جاربەجار ڕایشی دەکرد، بەڵام خۆی تەنها نەیدەتوانی ڕێ بکا... دەترسا... دەترسا بکەوێ، دەنا لەوە نەبوو نەتوانێ بڕوا. هەر بە پاڵکەوتنەوە یاریم لەگەڵ دەکرد. جاروبار دەستێکم دەدایە دەستی نەوەك بکەوێ. تاوناتاوێکیش دەستم لێ بەردەدا و دەمویست وای لێ بکەم خۆی بڕوا... ئەمەیان چووە سەر. سەیر بوو، لەپڕ دەبینم لەخۆیەوە کەوتە ڕێکردن. سێ چوار هەنگاوێك چووە پێشەوە و بە پشتا گەڕایەوە... دڵم بەمە زۆر خۆش بوو. ماوەیێکی زۆری لەگەڵ خەریك بووم. دیار بوو ئەویش ئیتر وازی چووبوو. بە دەست، لووت و چاوی خۆی هەڵدەگلۆفت. دەمزانی شەکەت بووە و خەوی دێت. من خۆمیش هەوەسی یاریکردنم نەمابوو،

دیـار بـوو زۆر درەنگ بـوو، هـەر نـەبـێ ئـێوارە داهـاتـبوو. هـەستم دەکرد ژوورەکە زۆر ساردە. سەیرێکی پەنجەرەکەی پشت سەرمم کرد، دەڕوانم پــەردەکـەی گـۆڕاوە. پـەردە ئـەسـتـوورە زەردەکـەی خـۆی پـێوە نـەمـابـوو، پەردەیەکی سپی و تەنك خرابووە شوێنەکەی. ببێ و نەبێ ئەمە ژنەکەم وای کردووە. ئەی گوایە کێی دیکەیە، خۆ من نیم. هەر ئەوە حەز دەکا هـەموو ڕۆژێ جل بشۆرێ و نـاومـاڵ گسك بدات. هـەزار جـارم پێ وتووە، شت کە پیس نەبێ بۆچی دەیشۆی، بەڵام هـەر نـاچێ بـە گوێیـا، قسە هـەر قسەی خـۆیـەتـی. تـۆزێ پـەردەکـەم لادا تـا تـەمـاشـایـەکی دەرەوە بکـەم، دەبـیـنـم پەنجەرەکەش دانەخراوە. خوام نەما... بەجارێ کەللەیی بووم. دە وەرە دەهەری مەبە. دە وەرە شێت مەبە و خۆت مەکوژە. ڕۆژ نییە من ئەم بەزمەم بەسەر نەیەت. خواخوایەتی من یەك سەعات لە ژوورەکە دوور بکەومەوە، گورج پەنجەرەکەی بۆ دەکاتەوە....

– بـا بـایەکی پاك بێتە ژوورەوە. بۆنی ژوورەکە زۆر نـاخۆشە.

– نـاخۆشی چییە، خۆ کەس گووی تیا نەکردووە، نـاخۆشە، نـاخۆشە، نە نـاخۆشە و نە تەڕەمـاش.

– تۆ خۆت هەموو ڕۆژەکە لە ژوورەوە دانیشتووی، نازانی... یەکێ لە دەرەوە بێتە ژوورێ بـاشتر هـەستی پێ دەکات.

– دە بیبڕەوە ئیتر... نـاخۆشە، نـاخۆش نییە، من خۆم وام دەوێ، تۆ چیتە بـە سـەرەوە!!

– ئێ بـاشە، جـا بۆ تووڕە دەبی، من بۆ چاکەی خۆت وا دەکەم.

– سوپـاست نـاکەم و ئەم چاکەیەم نـاوێ... لاچۆ لـە بەرچـاوم ون بـە... دەی...

بە دەم بۆڵەبۆڵەوە دەچم بە هەموو هێزم پەنجەرەکە دادەخەم. ئەوەندە توند پێوەی دەدەم دیواری ژوورەکە هـەموو دەلـەرێتـەوە و دەنگیـان لێوە دێ.

دەڵـێم ئـێستـە شووشەی پـەنجەرەکـەش هـارە دەکـا و دێتـە خـوارەوە. ئێستاکەش هەر وام کرد. پەنجەرەکەم توند پێوە دا...

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، زۆر درەنگ بوو. دەرەوە تاریك بوو. نەمدەزانی چی بکەم. لەبەر توورەیی هیچم نەدەبینی. لە جاران زیاتریش سەرمام بوو. بەتایبەتی کە پەنجەرەکەم ئاوا بە کراوەیی بینی، وام دەزانی هەموو گیانم ڕچیوە. ژوورەکەم ساردتر دەهاتە بەرچاو. چرۆم لەسەر جێگەکە لەسەر پشت خەواند و خۆم لە ماڵ چوومە دەرەوە، بزانم بۆ نەهاتەوە.

هەروا بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیشتم دەبینم وا لەولاوە هات. ژنەکەم وێڕای یەکدوو کەسی دیکە، بە دەم پێکەنین و گاڵتە و قسەکردنەوە بەرەو ڕووم دەهاتن، گوتیان لە ئاهەنگێکی کوردی بوون، زۆر خۆش بووە. گۆرانی و مۆسیقا و گۆڤەندی خۆش خۆش. نەیانویستووە زوو هەستن، بۆیە وا درەنگ دێنەوە. زۆر توورە بووم. گوێم بەوانی دیکە نەدا. بە ژنەکەمم وت جـارێکـی تـر بـەم ڕەنـگـە نـاهـێڵـم بـچـیـتـە دەرەوە. لـە بـەیـانـیـی زووەوە ڕۆیشتووی، وا ئێستاکە شەوە بە ناخێری گیانت دێیتەوە. منت بەدیار مناڵێکەوە بە جێ هێشتووە لەبەر ئەوەی خۆت بگەڕێی و بچیتە سەیران. ئەمە ناوی دەنێی چی؟! زوو کە دەی، بگەرە ماڵەوە، چرۆم هەروا بە تەنیا لەسەر جێگاکە بەجێ هێشتووە، خوا دەزانێ ئێستا کەوتۆتە خوارەوە، چیی بەسەر هاتووە...

ناوکۆڵانەکە تاریك بوو، بەرەو ماڵەوە دەهاتین، کەچی وام دەزانی ڕێم ون کردووە. نەمدەزانی بەرەو کوێ بچم. دەمویست بچمەوە ماڵێ، بەڵام ڕێم نەدەبردەوە سەری. ئەوانیش هەر وا ڕێگەکەیان هەڵە کردبوو. سەرم دەهێنا و سەرم دەبرد نەمدەزانی ژوورەکەمان لە کوێیە... بەخوا برا سەیرە. ئەی باشە من هەمووی تاوێکە لە ماڵ دەرچووم، چ زوو وا هەموو شتم لە بـیـر چـووەوە؟! پـیـاو چـۆن مـاڵـی خـۆی لـێ دەگـۆڕێ؟! دەمـویست ژوورە

بچووکەکە بهێنمەوە بیری خۆم. زۆر چاکم لەبیر بوو. دەمزانی چۆنە و چەند گەورەیە و جێگەکە لە کوێدایە و مێزی نووسینەکەم لە کام لایەوە داناوە. هەمووم لە بیر مابوو. گوایە بۆچی لە بیرم نامێنێ، ژووری خۆمە خۆم. کەچی هەرچیم دەکرد نەمدەزانی لە کوێیە و چۆن بۆی بچم. هەزارویەك شتم بە بیردا دەهات؛ ژوورێکی تاك و تەنها بوو، ژوورێك بوو لە ماڵێکی گەورەدا، ژوورێك بوو لە نێو کەلاوەیەکدا،... ئا، وا بزانم وا بوو. ئەمدیو و ئەودیوی هەموو دیواری ڕووخاو و خشت و دار و پەردوو بوو... نا، نا، ئاوهایش نەبوو... شێوەی ژوورەکەم ڕێکوپێك دەهاتەوە پێش چاو. کە لە دەرگەکە بچیتە ژوورەوە و یەکسەر بە لای دەستەڕاستدا وەرگەڕێی، مێزی نووسینەکەم دەکەوێتە لای دەستە ڕاست و تەختی نووسینەکەش دەستەچەپ. چرۆم لەسەر جێگەکە بە جێ هێشتبوو. هەر لە خۆمەوە وام بە بیردا دەهات کە ژوورێك بووبێت لە هوتێلێکی کۆن و گەورە و پانوپۆڕدا... دەبێ وا بێ. وا بوو. ژووری ژمارە (١٩) بوو، ئەوەتا تەنانەت ژمارەکەیشیم لە بیر ماوە. چاك لە بیرمە. ژووری ژمارە (١٩)ی میوانخانە کۆنە، شڕە گەورە و هەراوەکە...

هەموو لێمان دا ڕوومان کردە ئەو هۆتێلەی کە دەبێ ژوورەکەمانی لێ بێ، ژووری ژمارە (١٩). لەو جێگەیەوە کە لێی ڕاوەستابووین زۆر دوور نەبوو. هەر لە دوورەوە ئەو ناوە ڕووناك دیار بوو. سەرکەوتین، چووینە سەربانی هۆتێلەکە. سەربانی چی، دەشتێك بوو بۆ خۆی. دەتگوت بازاڕە. خەڵکێکی زۆر بەو سەربانەدا دەهاتن و دەچوون. وردەواڵەفرۆش و دەستگێڕ و میوە و سەوزەفرۆشیش هەبوون. ئێمەش بە ناویاندا دەڕۆیشتین، پەلەمان بوو. من و ژنەکەم و یەکدوو کەسی دیکە. ژنەکەم لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، دەیویست هەرچی زووترە بگاتەوە لای مناڵەکەی. ئەوەی لە تەنیشت منەوە دەڕۆیشت میرزا بوو. بە لای میوەفرۆشێکدا تێپەڕ بووین. وتم بۆچی پرسیاری لەم نەکەم، ئێستا ئەم دەزانێ ژووری ژمارە

(١٩) لە کوێیە. بە عارەبی پرسیارم لێ کرد. ئەویش پەنجەی ڕاکێشا، وتی لە نهۆمی خوارەوەیە، لە سووچەکەدا. ڕووم کردە میرزا و وتم: ڕاست دەکات، لە بیرمە ژوورەکەمان لە سووچی ئوتێلەکەدا بوو. کابرای میوەفرۆش گوێی لێ بوو ئێمە بە کوردی قسانمان دەکرد، بزە گرتی و ئەمجا کردی بە کوردی. ئەوەی بە عارەبی گوتبووی هەمووی بە کوردی پێ گوتینەوە. ڕووم تێ کردەوە و وتم تۆ کوردی؟ وتی: بەڵێ کوردم. بەدەمیەوە پێکەنیم و وتم هەر بژییت. سوور دەمزانی میرزا لە دڵەوە گاڵتەی بەم کوردایەتییەی من دێت، بەڵام نەیدەویست دەریببڕێ. گەلێ جار لە کافتیریاکەی زانستگە و لە جێگە و ڕێگەی دیکەش گوتوبێژی لەم بابەتەمان کردبوو. دەیزانی زۆر قسەلەڕووم و ئەوەی بە ڕاستی بزانم دەیکەم و دەیڵێم... لەبەر ئەوە بێدەنگ بوو، هیچی نەگوت.

زۆر خێرا ڕۆیشتین.... ژنەکەم لە پێشەوە و ئێمەش لە دوایەوە. زۆر نیگەران بووم. پەلەم بوو. دەمویست زوو زوو بگەمەوە ژوورەبچووکەکە و بزانم کچە بچکۆلەکەمان چیی بەسەر هاتووە....

سۆڵەنتونا ٩/١٠/١٩٨٤

## یەك لە دوای یەكەكانی سەردەمێكی لێخن

١

ئەوەتا كروشكەت كردووە و هەر چرچ دەبیتەوە و بەسەر هێڵە سپییەكانی بیرەوەریدا ڕووەو ئەو بیابانانەی زۆر دەمێكە بە جێت هێشتوون دەگەڕێیتەوە. بە مەراق و نیگەرانییەوە گوێ بۆ دەنگی نادیاری ڕووداوەكان ڕادەدێری.... دەنگی ڕووداو لە كون و كەلەبەرەوە سەر دەردێنن و تۆزێ گەرمی و ترس و نیازت پێ دەبەخشن. هەمووی هەفتەیەك لەمەوبەر بوو، كە بەنجی بێهۆشییەكی دە سەعاتی بەری دایت و چاوت كردەوە، بە قەرەوێڵەكەوە شەتەك درابووی، دەتگوت ئاژەڵێكی دێرینەی پێشمێژوویت، بە گوللە پێكاویانی و دیلیان كردوویت و لە قەفەسێكیان توند كردوویت، كەچی هێشتاش هەر لێت دەترسن. بەدەم ئازارەوە دەتلایتەوە كە یەكێك لێت هاتە پێشەوە و پرسیاری لەشساغی و دەرد و ئازارەكەی لێ كردیت و كۆڵێ قسەی قۆڕی لەو بابەتەی پێ بوو... داوای چۆڕێ ئاوت دەكرد، بەڵام نەیاندەدایتێ. هەموو لە دۆكتۆرەكە دەترسان. دۆكتۆر دەستەڵاتی هەرە زلی نێو ژوورەكە بوو. برینپێچە گەمژەكە بەو ناوەدا دەهات و دەچوو... بە دەنگێكی ناساز پێدەكەنی و تریقەی لێوە دەهات. جاروبار هەر بێ سەلاموعەلەیك تەرمومەترێكی دەهێنا كە هێشتا بۆنی سپیرتۆی لێ دەهات و لە دەمتی دەئاخنی. كۆمەڵێ وێنە و دیمەنی تەڕ و پاراو هەڵدەكوتنە سەر بیر و مێشكت. لێت دەئاڵێن و دەیانەوێ خوڵكیان بكەیت و نازیان بكێشی...

## ٢

جاران خۆتت هەڵدەکێشا و شانازیت بەوەوە دەکرد کە لەشساغیت و بەرگەی هەموو سەختی و گەرما و سەرمایەك دەگریت.... گوێت بەوە نەدەدا چ دەخۆیت و چ دەپۆشی. پار دەمەدەمی بەهار بوو، گەردەلوول و با و تۆزێکی ڕەش و چڵکن هەڵیکرد و ئاسمانی شاری لێ تاریك کردن و دڵی ئەو خەڵکەی بە جۆرێ تۆقاند کە بە هەموو ژیانت وێنەیت نەبینیبوو... هەموو سڕ بووبوون. ئەگەر دەشجووڵانەوە بۆ خۆشیان نەیاندەزانی چی دەکەن. هەموو چاویان بڕیبووە سنوور و سنووریش خڕ داخرابوو. سنوور تریفەکەی جارانی نەمابوو. فرمێسك بەسەر گۆنادا چۆڕاوگەی دەبەست و دەهاتە خوار.

بەیانییەکی زوو بوو، ملی شەقامە قیرتاوەکەت گرتبوو، و ڕووەو ناوشار دەڕۆیشتیت. هەموویان بە پێچەوانەی تۆوە ڕووەو ئەملا ڕێیان دەکرد. ئەوان لە شارەوە دەهاتن ڕوویان کردبووە ئەو سەرسنوورە. پیاوی ڕیش هاتوو، خەم و پەستی لە چرچ و لۆچی ڕوومەتیان دادەباری. بە دڵتەنگییەوە ڕووەو جێگەیەکی نادیار دەڕۆیشتن و خاکیان بە جێ دەهێشت، خاکێك کە بە درێژاییی هەموو ژیانیان لەسەری ژیابوون و لەلایا ژیابوون و بۆی ژیابوون. پیرەپیاو و پیرەژن، منداڵی پێپەتی و سەگ و کەر... هەموو پەست بوون و هەموو خەمبار بوون. تەنانەت کەرەکانیش خەمبار بوون. گوێیان دەلەقاندەوە و وڕ وڕ و گێژ گێژ لەو خەڵکەیان دەڕوانی، وەکوو بڵێی هاوبەشی دڵتەنگی و کۆستکەوتنیان بن. هەموو شاریان بە جێ دەهێشت و ملی ڕێگە قیرتاوەکەیان دەگرت. بەیانییەکی شاخاوی و دڵتەنگ بوو... تەنیا تۆ بووی ڕووت کردبووە شار. شاریش چی، دەتگوت لاشەی کچۆڵەیەکی کوژراوە... بەیانییەکی خەمگین و شاخاوی بوو. هەر تەنها تۆ ڕووەو شار دەچوویت و ڕووەو ڕۆژێ کە لەو دەمەدا خەریك بوو شاری ڤاڵا و چۆڵوهۆڵی داگیر دەکرد. بەڵام هەستت بە

هێز و توانستێکی ئەفسانەیی دەکرد، چونکە بەرەو شارەکەی خۆت و بەرەو هەتاو دەچوویت...

ئەو ڕۆژە بە ڕووی مەینەت و چەرمەسەرێی کارەساتەکەدا هەڵشاخایت و کۆچی ڕووەو مەڵبەندی ڕۆژت دەست پێ کرد، بەڵام هەر تۆ نەبووی. تەنها نەبووی، یا هەر لە خۆتەوە وات هەست دەکرد. زەوی هەنگاوەکانتی لە ئامێز دەگرت و تفەنگەکەت هاوڕێی دڵسۆزت بوو. هیوای گوڵڕەنگی ئەو خەڵکەت پێ بوو...

٣

ئەو ڕۆژەی بە خەمبارییەوە ماڵاواییان لە تفەنگەکانیان کرد، دەتگوت کۆرپەی شیرینی خۆیان دەنێژن. بە سەربەرزییەوە ڕوویان کردە خاك، تا هەر لە زەوییەوە و لە بۆن و بەرامەی دڵسۆزانەی دایکانەیەوە نێزیك بن. ئەو ڕۆژە تۆ یەکێك بووی لەو کۆمەڵە دڵگەرمانەی دەیانویست پەیمانی دڵسۆزی لەگەڵ زەویدا ببەستن. ئامادە نەبووی پێ لەوە بنێی کە تفەنگەکەت دۆڕاند و ئەوانیش هەر وا. هومێدت هەر بەوە بوو کە تفەنگەکەت دێتەوە، چونکە لە خاکەوە نێزیکی، ئەوانیش هەر وەکوو تۆ بوون و هومێدیان نەبڕیبوو.

٤

ئێوارەیەکی سەوزی بەهار بوو، لەتەك برا بچکۆلەکەتدا لە ئاوایی چوونە دەرەوە و دەتویست تاوێ بەتەنیا لەگەڵ زەوی و لەگەڵ خەمی دڵتا بمێنیتەوە. (سلێمان)ی برا بچکۆلەت دەستی چەپی خستبووە نێو دەستی ڕاستی تۆ. پەنجەکانی لەنێو دەستتدا ئارەقیان دەکرد و هەناسەیان دەدا، دەتگوت چۆلەکەیەکی بچکۆلەن. هێندە پرسیاری زۆر و ژیرانەی دەکرد، نەیدەهێشت تەنها بیت. کاتێ کە دوور لە ئاوایی دانیشتیت تا دەست

بکەیتە ملی خەمە تاریکەکانت کە دەتویست لەبرا بچکۆلەکەتیان بشاریتەوە، ئەو لەو ناوە پارچە کاغەزێکی دۆزییەوە و لەسەری نووسی: "کاکە فەرهاد تەسلیم بوو"...

ئەو بەهارەئێوارەیە تێگەیشتیت کە منال، ئەوەی سەردانەواندن بێت، نایزانن... ئەو ئێوارە سەوزەی بەهار تێگەیشتیت کە منالان، لە چاو ئێمەماناندا، لە زەوییەوە نێزیکترن.

٥

ئێستاکە، لەسەر تەختەکە ڕاکشاویت و چاوەڕێی دۆکتۆریت، پاش تاوێ دێت و دەزووی عەمەلیاتەکەت دەردێنێ... لای ڕاستی بەشی خوارەوەی سکت بە پارچەی سپی داپۆشراوە و تۆش دەتەوێ هەمووی لابەیت و بیدڕێنی... بە هیواوە چاو دەبڕیتە ئەو ئاسۆیەی لەو مەڵبەندی سنوورە ئالاوە... پڕبەدڵ حەز دەکەیت لەم تەختەیە ڕزگار ببیت و جارێکی دی لەسەر زەوی بنوویتەوە...

شام ١٩٧٦/٨/٢٠

## دوو ڕووداوی مێژوویی

هەموو جارێ ئەمە وا ڕێك ناکەوێ کە چەند ڕووداوێکی دەگمەن بکەونە یەك ڕۆژ. کەچی، چونکە ئەو بەختی هەبوو، ئەو ڕۆژە وا هەڵکەوت. ڕووداوەکان هێندەش زۆر نەبوون کە لە ژماردن نەیەن، دوو ڕووداو بوون، دووی ڕێکوپێك، نە کەم و نە زیاد. بۆ ئەم هەر ڕۆژەکە خۆی گرنگ و مێژوویی بوو. لە ڕۆژی ئاوادا دیارە شتی مێژوویيیش ڕوو دەدات، شتی وا کە ساڵان و مانگان چاوەڕوانی دەبی و بەهیوایت ڕوو بدات و بێتە دی.

ئەو ڕۆژە شاری کفری ورووژابوو. هەر لە بەیانیی زووەوە خەڵکەکە کەوتبوونە ناو جادە. منداڵ بەملاو بەولادا فرکە فرك ڕایان دەکرد، دەهاتن و دەچوون و ملەقوتێیان بوو. خەڵکی ئاواییيەکانی نزیك شاریش کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوویان کردبووە شار، بە دوو چەرخە، بە تراکتۆر، بە پاسی گەورە، بە سواریی کەر و هێستر و بە پێیان دەهاتن. ئەوانیش دەیانویست بەشداری بکەن و لەتەك خەڵکی شاردا بن. کاربەدەستان خۆیان ئامادە کردبوو، شەقام و کۆڵانەکان پاك گسك درابوون. لە هەموو لایەك دروشمی ڕەش و سوور و سەوز لەسەر پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ نووسرابوون و بەرز کرابوونەوە. زۆربەی خەڵکەکە ڕووەو سەرا دەچوون، چونکە ئەوێ هەم جێگەی لێپرسراو و کاربەدەستان بوو، هەمیش سەرەتای شار بوو، ڕێگەی کەرکووك و بەغدا لەوێوە دەهاتە ناو شار.

خەڵکی کفری حەفتەیەك زیاتر بوو دەیانزانی ئەو ڕۆژە کێ دێت، ئەگەرچی بە ڕەسمی هیچ ڕانەگەیێنرابوو، ئەوەی لێ دەرچێ کە ئەم یەك

دوو ڕۆژەی دوایـی لـە دروشمـە هـەڵواسراوەکـاندا بـەخێرهـاتنی میـوانی گەورەی شار کرابوو. بەڵام هەموو کەسێ، گەورە و بچووك، دەیزانی وەزیر دێت، وەزیری دەوڵەت لە بەغداوە دێت. شتی هەرە گرنگ ئەوە نەبوو کە وەزیری دەوڵەت لە بەغداوە دێت، چونکە لە مێژووی ئەم شارەدا لەوەیە چەند جاری دیکەش وەزیر سەریان دابێت. گرنگ ئەوە بوو وەزیر کورد بوو. بەڵێ، بەڵێ. هەر بەڕاستی کورد بوو، هەم وەزیر بوو، هەم کوردیش بـوو. هـەمـووی سـاڵـێك و چـەنـد مـانـگـێ بـوو، بـووبـووە وەزیـر. لـەوەبـەر پـێشمـەرگـە بـوو، یـەکێك بـوو لـە سەرکردەکـانی شۆڕش و پـارتـی. ئـەوەتـا ئێستـاش وەك وەزیری دەوڵەت، بە شێوەیەکی ڕەسمی، سەری لەم شارە دەدا. ئەمە بۆ خەڵکی شارەکە مایەی سەربەرزی و دڵخۆشییەکی گەورە و بێهاوتا بوو.

ئـەم، ئـەو ڕۆژە هــەر نـەچوو بـۆ خـوێندنگـە. دەیزانـی وەزیـر دێت، ئـیتـر خوێندنی چی و دەرز و دەوری چی. چێشتەنگاوێکی درەنگ لە خەو هەستا و پاش خۆئامادەکردن، لە ژوورەکەی وەدەرکەوت و ڕووی کردە ناوشار. ئەمیش خەڵکی ئاوایی بوو، بەڵام لەوانە نەبوو کە ئەو ڕۆژە بە دووچەرخە و بە کەر و بە تراکتۆر دەهاتنە شار و دەیانویست وەزیر ببینن، وەزیری کورد کە لە بەغداوە دەهات. ئەم بە هۆی خوێندنەکەیەوە هەر لە شار دەژیا و لە ماڵێکدا ژوورێکی بچکۆلەی بە کرێ گرتبوو.

ئەو سەردەمانە لە بارودۆخێکی ئاڵۆزکاودا دەژیا. هەرچەندە تەمەنی هەر هەژدە نۆزدە ساڵێك دەبوو، بەڵام خۆی پێی وا بوو ئەزموونێکی زۆری هەیە. لە هەندێکیاندا چەرخی چەپگەرد لەگەڵی یار نەبووبوو، شکستی هـێنـابـوو. دەیـویست شکـانـەکـانی بـە ئـەزمـوونـی تـازەی سەرکـەوتـووانـە قـەرەبوو بکا. زۆربەی شەوان تا درەنگێ دادەنیشت و خۆی بە خوێندنەوەوە خەریك دەکرد. زۆری دەخوێندەوە. هەرچییەکی بەردەست کەوتبایە بینی پێوە دەنا.

ئەو ڕۆژە خۆشی نەیدەزانی دەیەوێ چی بکا. هێندەی حەز بەوە نەبوو بچێ تێکەڵی فەرتەنە و هەراوەزاتی پێشوازیی وەزیر ببێ، پێیشی خۆش نەبوو هەر لە ماڵا بێ. لە پێشا پیاسەیەکی ناو ئەو کۆڵان و شەقامانەی ناوشاری کرد. پاشان وردەوردە، ئەویش وەك خەڵکەکەی دی، ڕووی کردە دەوروبەری سەرا. لەوێ خەڵکێکی یەکجار زۆر وەستابوون. بەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون. میکرۆفۆنەکانیش لە کەللەی سەر دەیانشیراند. بە هەر لایەکدا دەچوو تووشی ئاشنایێ، دۆستێ، هاوەڵێ دەبوو. ئەو ئاپۆڕەیە چاوەڕێی وەزیری دەوڵەت بوو، وەزیری کورد، کە لە بەغداوە دەهات.

لەپڕ وای بە دڵدا هات کە ئەم ڕاوەستانەی ئێرەی بێسوودە. لێرە چ بکات؟! باشە، ئەوا وەزیریش هات، ئەوپەڕەکەی ئەم لە دوورەوە بە حاڵ و ناحاڵ چاوێکی پێ بکەوێ. بەڵام ئەمەی بۆ چییە؟! هەروا لەسەرخۆ کەوتە ئەوەی بکشێتە دواوە و بڕواتەوە. دەتگوت خەڵکەکە گۆمی ئاوە و ئەمیش کەوتۆتە قووڵاییەوە. بەڵام دوای تاوێ گەیشتە تەنکایی. ڕێگەی ماڵی گرتەوە بەر. لە ڕێگە بڕیارەکەی گۆڕی. لە باتی ژوورەکەی خۆی ڕووی کردە ماڵی ناسیاوێکی. کوڕەکانیان دۆستی بوون و کچەکانیشیان بزێو و چاوباشقاڵ. کە بیری لەم چوونەی ئەوێ کردەوە، خۆشییەکی بە دڵدا گەڕا. جاروبار سەری ئەم ماڵە ناسیاوەی دەدا و لەگەڵ کچەبچکۆلەکەیاندا چاوبڕکێی دەکرد. ئیدی لە لای خۆیەوە هەودایەکی حەوڕەنگی بە دەوروبەری ئەم چاوبڕکێیەدا تەنیبوو. ئەمەش یەکێك بوو لە ئەزموونە تازەکانی ژیانی.

ماڵی ناسیاوەکەی حەوشێکی گەورەیان هەبوو. کە لە دەرگا گەورەکەی حەوشەوە دەچوویتە ژوورێ، یەکسەر بە دەستەچەپا ژوورێکی سپیی گەچکاریکراوی گەورە بوو، ئەمجا حەوشێکی پان، بەشێکی هەر بەردەڵان بوو، چەند هەنگاوی دوایی چیمەنتۆ بوو، بۆڕیی ئاو، تەشتەجل، بەرمیلە نەوت، پەڕۆگووی منداڵ، تەناف و جلی هەڵواسراو، سەندەڵی و زۆر شتی

تریشی لێ بوو. لەوەوپاش بەرهەیوانێکی درێژ و سێ چوار ژوور بوو.

ماڵەکە ماڵێکی گەورەش بوو. ئەگەر نیوەشیان لە دەرەوە بوونایە، هەمیشە پێنج شەش کەسێکیان هەر لە ماڵێ دەبوون، کەچی ئەمڕۆ لەوە دەچوو کەسی لێ نەبێ. ڕاست لێی دا چووە ژوورەوە. ئەم بۆ ئەوان خۆیی بوو، بێگانە نەبوو.

سەرێکی کێشایە ژوورەکان، کەس نەبوو. ئەمجا هاتەوە بیری کە دەبێ ئەمانیش چووبن بۆ پێشوازیی وەزیر. ئەمەش ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو. بە بیری نایە ئەمان چ جارێك ئاوها بە جارێ ماڵیان چۆڵ کردبێ.

ئەم لەم بیرکردنەوانەدا بوو دەنگی دەرگای حەوشە هات. کچە بوو، بە جلی خوێندنگەوە خۆی کرد بە ژوورا. کە چاوی بەم کەوت بڕێك شڵەژا، بەڵام نەیهێنا بە ڕووی خۆیدا. ئەمیش لای خۆیەوە شڵەژابوو، ئەمەی هەرگیز بە بیردا نەهاتبوو... [*... ئەی گیان، ئەمە خۆتی، خوا لە کوێوە ناردیتی. من سەد جار لەوێوە ڕێگەم بڕیوە و هاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی چاوێکت لێ داگرم، بۆ ئەوەی بە دزییەوە زەردەخەنەیەکم پێشان بدەی، ئێستا هەر خۆم و خۆتین. لە من و تۆ بەولاوە کەس لەم ماڵەدا نییە. جا بۆ کوێ دەچی، بەخوا پەلت بە پەلی هەورەوە بێ ئەم جارە لە دەستم دەرناچی... گیان گیان... وەرە پێشێ، وەرە پێشێ، جا خۆم دەزانم دەردەکەت چۆن تیمار دەکەم.. بە قوربانی خواکەت بم، شتی وا کوا هەڵدەکەوێ...*]، نە ئەو خۆی تێك دا و نە ئەم. وەك بڵێی هەردوویان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبن بە درۆوە وای پێشان بدەن کە چ شتێکی نائاسایی لە ئارادا نییە. ئەم نەیدەزانی چ بکات و چۆن بکات. قسەشی بۆ نەدەهات، باش بوو ئەو کەوتە قسە:

– دەمێکە هاتووی؟

– نەوەڵڵا، تۆزێ لەمەوپێش هاتم.

– ئەی ماڵی ئێمە، کەسیان لە ماڵ نین.

– کەس لە ماڵ نییە، دیارە چوونە بۆ ئاهەنگەکە...

بەم تۆزە قسەکردنە، هەردوویان چاك تێگەیشتن چی ڕووی داوە. بێ ئەوەی پێی بزانن هەردوویان پێیان لە ڕاستییەکی ساکار، بەڵام گرنگ، نابوو؛ بە دەمی خۆیان ئەوەیان درکاندبوو کە کەس لە ماڵ نییە و هەر خۆیانن. هەردووشیان ئیتر قسەیان پێ نەمابوو. گەیشتبوونە سەر دووڕێیانێك، سەر سنوورێکی تەلبەندکراو، دەبوو هەرچی زووە بڕیار بدەن و هەنگاو بنێن... [*... دەترسێم بڕوات و لە دەستم دەربچێ. ئەگەر ئەم جارە نەیگرم، ئیتر هەلی وا جارێکی تر هەڵناکەوێتەوە. چیی پێ بڵێم، خۆ ناکرێ بڵێم ڕاوەستە کارم پێتە. هەتا نەکشاوەتە دواوە دەبێ پەلاماری بدەم...*] پێشتر هەرگیز هەڵنەکەوتبوو ئاوا ڕووبەڕووی یەك ببنەوە. ئەوی لە نێوانیاندا ڕووی دابوو هەر چاوبڕکێیەکی ساکار بوو. کە ئەم دەچووە سەردانیان ئەو دەکەوتە قیتەقیت. هەمیشە وای ڕێك دەخست کە ڕووبەڕووی ئەم دابنیشێ. ئەم هەر کە دەیزانی باوکودایك و براکانی ئاگایان لێ نییە، چاوی لێ دادەگرت و لێوی دەجووڵاندەوە، ئەویش بە هۆ و بەبێهۆ بزە دەیگرت و پێدەکەنی. ئەم ئێستاکە هەموو شتێکی لا تێکەڵ بووبوو. نەیدەتوانی بیر بکاتەوە، نەیدەزانی چاوەڕوانی چییە. یەکسەر پەلاماری دا. دەستی برد سەری بگرێ، ئاخر دەیویست گۆنای ماچ بکات. ئەو زوو سەری داخست، هەردوو شانی هات بە دەستیەوە. ویستی بەزۆر سەری پێ بەرز بکاتەوە، ئەو خۆی ڕاپسکاند و لە دەستی دەرچوو. ئەم هەر زوو پێشی پێ گرت و باوەشی پیا کردەوە. ئەو توند بەهەردوو دەستی سەر و ڕوومەتی خۆی گرتبوو. ئەم بە زۆردەستی دوور خستەوە، قژەکەی لا دا و دەمی نایە سەر گۆنای و یەکدوو ماچی کرد. ئیدی وەك بڵێی کاری تەواو بووبێ، دەستی خاو بووەوە و بەری دا. ئەویش دەتگوت مریشکێکە کەڵەشێر تساندوویەتی، خۆی دەتەکاند و سەر و قژ و جلەکانی ڕێك دەخستەوە.

ئەم لەوە زیاتر لەوێ گیر نەبوو. خۆیشی هەر نەیزانی چۆن حەوشەکەی بەجێ هێشت و لەو ناوە دوورکەوتەوە. یەکڕاست لێی دا چووەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و تاوێکی باش لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا. بێوچان بیری لە ڕووداوەکە دەکردەوە. هەنگاو بە هەنگاوی وە بیر خۆی دێنایەوە. کە دەگەیشتە دوادوایی، لەوێدا دەیبڕی و سەرلەنوێ پێدا دەچووەوە، لەو ساتەوە کە لە سەرا گەڕایەوە و ڕووی کردە ماڵی ئەوان و تا ئەو دەمەی ماڵەکەیانی بەجێ هێشت. خۆی بە بەشەکانی یەکەمەوە زۆر خەریك نەدەکرد. ئەو ڕێگەیەی نێوان سەرا و ماڵی ئەوانی هەروا وەك کۆمەڵە وێنەیەکی تیژتێپەڕ دەپێچایەوە. بەڵام لەوە بەدوا زۆر بە وردی، یەك بە یەکی بەسەر دەکردەوە. نەیدەویست بچووکترین قسە و جووڵەی لە دەست دەربچێ، هەموویانی چەند جار لەسەریەك دەهێنایەوە پێش چاوی خۆی.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە و ڕۆژانی دواتریش، دوو ڕووداوەکە بەرەبەرە کزر دەبوونەوە، ڕوونتر دەبوونەوە و شێوەیەکی دیارتریان وەردەگرت. بە منداڵی، لە قوڕەسوورە شتی جوان جوانی دروست دەکرد؛ ژن و پیاو، کۆتر و مەڕ و بزن. لە بەر هەتاوەکە دایدەنان، وشك ببنەوە. زوو زوو سەری لێ دەدان و تەماشای دەکردن. کزر دەبوونەوە، ڕەنگە سوورەکەیان سپی دادەگەڕا، وشك دەبوونەوە و تا دەهات ڕەقتر و سفتتر دەبوون. ئێستایش ڕووداوەکانی ئاوا دەدیتن. تا کاتیان زیاتر بەسەردا تێدەپەڕی، ڕوونتر و خەملاوتری دەهاتنە بەرچاو. بۆ یەکێکی وەك ئەم کە سەروسەودایەکی لەگەڵ فەلسەفە و فەلسەفەبازیدا هەبوو، دەبوو لەگەڵێ ڕووەوە هەڵیانسەنگێنێ و تاووتوویان بکات. هەر وایشی کرد. ماوەی چەند ڕۆژێك هۆش و بیری هەر بە لای "ڕۆژەکە" وە بوو. پێی وا بوو ئەمە یەکێکە لە ڕۆژە هەرە گرنگەکانی ژیانی. لە دەفتەری ڕۆژنامچەکەیدا، کە بە لایەوە گرنگ بوو بەش لە دوای بەشی ژیانی خۆی تێدا تۆمار بکات، ئەو ڕۆژەی بە جۆرێ باس کردبوو، وەك بڵێی باسی یەکێ لە ڕووداوە کاریگەر و

دیارەکانی مێژوو بگێڕێتەوە. حەوتوویەك لەوەوپاش، ئێوارانێك هات بە سەریا بچێ بەتەنیا پیاسەیەکی ئەو ناوجادانە بکات. پاییزەبارانێکی نەرم گەڵای داری تاك و تەرای دەشۆردەوە و بۆنێکی خۆشی لە دیوارە گڵینەکان هەڵدەستاند. دوودڵ بوو، نەیدەزانی هەر بڕوا و بسووڕێتەوە، یا بچێتەوە بۆ ژوورە بچکۆلانەکەی خۆی. لە دڵی خۆیدا دەیهێنا و دەیبرد. کاتێ بە خۆی زانی، ملی ڕێی گرتووە، بەرەو ماڵی ناسیاوەکەی.

سۆللەنتوونا ١٩٨٩/٥/١٥

## نوورەشەشە

نوورەشەشە هەتا ئەو دەمەی ماڵیان هاتە شار و بگرە هەتا چەند مانگێك دوای ئەوساکەش، نە شتی وای کردبوو، نەدەشیزانی کاری وا چییە و چۆنە!!

نوورە هەتا باوکی مابوو هەر لە لادێ دەژیان.ئێ خۆ لادێش وەکوو شار نییە. لە لادێ خەڵکی هەر شەرم دەکەن ناوی شتی وا بێنن. ئەلحەمدولیلا دیانەت ماوە و نامووس و شەرم و شکۆش هەر هەیە هەر شارەکەیە بە جارێ خوا قوڕی پێوە داوە. نە شەرم و شکۆ هەیە و نە خواناسی. کەس لا لە کەس ناکاتەوە. کەس گەورە و بچووك نافامێ. مەگەر تاکوتەرا حاجی و پیر و ڕیشسپی نوێژ و تاعەتێك بکەن. ئیتر خەڵکەکەی دیکە بۆ میزکردن نەبێ سەر بە مزگەوتا ناکەن. بچۆ تەماشای ئاودەستخانەی مزگەوتیان بکە. بۆ دیوارەکان جێگەی نووکەدەرزییەکیان پێوە ماوە ڕەش نەکرابێتەوە؟ شتی وا سەیروسەمەرە لەو سەر دیوارانە نووسراوە سەربەقوڕ دێنێتە پێکەنین: بڕۆخێ عارەب، بژی عارەب. بژی تورکمان، بمرێ تورکمان. هەموو جارێکیش خەتێکیان بەسەر (بڕووخێ)کاندا هێناوە و کراونەتە (بژی)، یا (بژی)یەکانیان کردووەتە (بڕووخێ)... فلانەکەس جاش و خۆفرۆشە. نەخێر فلانەکەس پاڵەوانە و ڕۆڵەی گەلە. کێری کورد بە کوزی دایکی عارەب. ئەمەیان هەر وەکوو خۆی مابوو، کەس دەستی لێ نەدابوو. وا دیارە لەبەر ئەوەی بە کوردی نووسرابوو، عاربەکان بۆیان نەخوێنرابووەوە. ئاخر عارەبی خۆمان کوردی نازانن. چونکوو پێویستیان پێ نییە. دەبووایە هەر نەبێ بۆ دوو شتی ئاوا خۆیان فێر

بکردایه. بۆ ئەمەش هەر کوردێك پەیدا دەکەن بۆیانی دەکاتە عارەبی و تێیاندەگەیێنێ. هێندێ کەس داخی دەروونی خۆیانیان لەسەر میزکردن هەڵڕشتبوو. بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو هەموو شەڕەجنێو و سیاسەت و سیاسەتبازییە باسی دڵدارییان نووسیبوو: (س)م خۆش دەوێ. (کاف) حەزی لە (فێ)یە. (شین) ژنی (لام)ە. (نوون) گاندەر و قەحپە و سۆزانییە.

نوورەشەشە کە یەکەمجار لە ئاودەستخانەی مزگەوتی منارەشینەکەدا میزی کرد و چاوی بەو هەموو خەتخەتۆکانە کەوت، هەر ئەبڵەق بوو. خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو هەمووی بۆ بخوێنرێتەوە، نەیشیدەزانی ئەم هەموو شتانە بۆ نووسراون. لە دڵی خۆیا وتی ئەی گوایە من بۆ شتێ نەنووسم؟! دەستی کرد بە گیرفانی چاکەتەکەیدا، کلیلێکی بە دەستەوە هات. مناڵێکی لادێیی وەکوو نوورەشەشە، کە کوێرەخەتێکی هەبێ، دەبێ چی بنووسێ! دەستی بە چی ڕاهاتبێ ئەوە دەنووسێ... بە کلیلەکەی کەوتە کراندنی دیوارە گەچەکە و سێ چوار وشەی نووسی: "الجمهورية العراقية، عاش الزعيم عبدالكريم".

نوورەشەشە زۆر دڵی بە ژیانی شار خۆش بوو. حەزی دەکرد شەووڕۆژ بەو ناو کۆڵان و بازاڕ و قەیسەرییەدا بسووڕێتەوە. تەماشای دوکان و کۆگا و شتی جوان بکات، گوێ لە خەڵك بگرێ. لەبەردەم چایخانەکاندا ڕادەوەستا و چاوی دەبڕییە نێوچاوی ئەو خەڵکەی دانیشتبوون. ئەوان چای و پیپسی کۆلا و میرەندا و سێڤن ئاپ و تراوبییان هەڵدەقوڕاند و نوورەش تەماشای دەکردن. گەلێ جار شاگردچایچییەکان دەریاندەکرد. جا چیی تیایە. ئەم چایخانەیە نا ئەو چایخانەیە. بە بەردەم کەبابخانەکاندا دەڕۆیشت، دووکەڵی خەڵووز و بۆنی کەباب و گۆشت بەسەریا دەهات، ئاو دەزایە دەمی. زۆری حەز لەو بۆنە بوو. کەبابی دەست نەدەکەوت. کەباب بەو گرانییە و ئەمیش بەو لاتییە.

کاتی خۆی باوکی لە شار دەگەڕایەوە، هەموو جارێ هەشت نۆ

(لووکەواو)ی لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێنانەوە، بۆ نووره و دایکی. ئێواره گەرمیان دەکردەوە و دەیانخوارد. بێجگە لە کەبابەکەیش، باوکی نووره سێ چوار نانی شاریشی بۆ دەهێنان. نانی شاری هەر نان بوو، بەڵام خەڵکی زۆریان حەز لێ بوو. دەیانخستە ناو نانێکی خۆماڵی و لوولیان دەدا و دەیانخوارد. ئەم نانی شارییە هەرچەندە زۆر بەلەزەت بوو، بەڵام عەیبێکیشی هەبوو؛ بە ساردی زۆر جیڕ بوو، باوکی نووره هەموو جارێ دەیوت: نانی شارییان وتووە بەگەرمی. عەمری نەمێنێ، بەساردی یەژی قایشە. بەڵام هەموو جارێکیش هەر بۆی دەکڕین. ئاخر ژن و منداڵ حەزیان لێ بوو. ئێ مامەشەشەش لە دارای دنیادا لە نووره و دایکی نووره بەولاوە کێی هەبوو؟ هەتا مامەشەشە مابوو ئەمان زەبوونی و نەبوونییان بە خۆیانەوە نەبینی. شەشە بەهاران و هاوینان سەوزەفرۆشیی دەکرد. ئیتر ئەمە تووره، ئەمە سڵقە، ئەمە شێلمە، ئەمە چەوەنەرە، هەروەها شووتی و ترۆزی و کاڵەك و تەماتە و بامێ و باینجان. خۆی هیچی نەبوو. ئەمانەی هەموو لە خاوەن بێستان، لە گوندەکانی نێزیکی سیروان دەکڕی و دەیبرد و لەو گوندانەی لای خۆیان دەیفرۆشتنەوە. دەیدایە گەنم و جۆ. پارەی نەدەویست. نەیدەزانی بەپاره چۆنی بفرۆشێ. نەیدەزانی کیلۆی دێتە چەند. ئەو شتی سەربەسەر و دووکوت و یەکونیو دەدا.

بەڵام کە شەشە مرد، دایکی نووره کێچ چووە کەوڵی و هەوای شار دای لە کەللەی. دەیگوت لە دوای شەشە من لەم ئاوایییە ڕەقوتەقەدا چی بکەم؟ کێم هەیە؟ قەوم و قیلە بە من چی؟ بەخوا بۆ خۆم دەچمە شار، بە جلشۆری بێ، بە نانەوایی بێ، تیکەنانێکم هەر دەست دەکەوێ. خوا گەورەیە. خوا کڵاوی بۆ بەڕوویش کردووە. بۆ خۆم دەچمە شار، بەس نییە ئیسراحەتە. نورەیش ماشەڵڵا ئەوەتا دەساڵانە، لای چایچییەك، لای تەنەکەچییەك، ئەیکەمە شاگرد و یاڵا و یا عەلی. دایکی نووره گوێی بە کەس نەدەدا.

هەرچی تەمێیان کرد و پێیان وت، سوودی نەبوو.

وتیان فاتە بار مەکە و کوڕەکەیش و خۆتیش مەفەوتێنە!

وتیان شار بەحرێکە بۆ خۆی، تۆیەکی بێوەژن و بێکەس ناتوانی لەوێ هەڵبکەی.

وتیان لێرە، لای خۆمان، بمێنەرەوە، هەموومان چاومان لێتەوە دەبێ. بەخوا ئەگەر پاروومان لە زاری خۆمان دەرهێناوە، ناهێڵین بێکەسیتان پێوە دیار بێ!

خەڵکی زۆریان وت و فاتە کەمی بیست. هەرچی شڕەوپڕەی ناومالْ هەبوو، هەمووی فرۆشت و دەستی نوورەی گرت و لێی دا چووە شار. فاتە لە ماڵی وەستا شەریفی خانچی ژوورێکی گرت و لێی دانیشت. وەستا شەریف کاتی خۆی مامەشەشەی دەناسی. هەموو جارێ کە شەشە دەهاتە شار سەری وەستای دەدا و پیاڵەیێ چای لا دەخواردەوە و ئەوجا دەچوو بە لای کاروباری خۆیەوە.

هەموو نەیبردە پێنج شەش مانگێك فاتە هاواری لێ هەستا. وای دەزانی لە شار بۆی هەڵڕێژراوە. پەنجەی پەشیمانیی گەست... [... *هاوار بە ماڵم،* چیم بە خۆم کرد؟]، بەڵام دوای چی؟! لە پاش ترێ خەمشەی بڕێ. زوو زوو سەری دەکردە سەر وەستا شەریف، بەڵکە لە شوێنێ، لای دۆستێ، لای ناسیاوێ نوورەی بۆ دامەزرێنێ. خۆیشی پەنای بردەوە بەر خزم و کەسوکار. دەچوو، سەری گوندەکەی خۆیانی دەدایەوە. لەشەرمانا چاوی هەڵنەدەهات. خزم هەر خزمە. دەیانزانی فاتە پەشیمانە، بەڵام نەیاندەدا بە ڕوویدا. دەستیان بە هەرچیدا بگەیشتایە دەیاندایێ. فاتە سێ و چوار ڕۆژێ لەناویانا دەمایەوە و پاشان دەگەڕایەوە بۆ شار. باش بوو وەستا شەریفیش لەملا و لەولا پرسیاری دەکرد و چاوی دەگێڕا، تا نوورەی لای حەمەسەنی تەنەکەچی دامەزراند. نوورە هەموو ڕۆژێ لە بەیانی زووەوە هەتا خۆراوایەکی درەنگ لە دوکان کاری دەکرد. بەردەستیی حەمەسەنی دەکرد.

ئەو تەنەکانە لەسەر یەك دانێ.

مەسینەکان لابە.

پەرێمزەکە داگیرسێنە.

ئەو پارچە تەنەکەیە ببڕەوە.

مەقەسەکەم بدەرێ. ئەمەیان نا، گەورەکە. دەك کوێرایيت دایێ، گەورەکە، گەورەکە. نازانی گەورە کامەیە؟!

پەرێمزەکە خەریکە دەکوژێتەوە، پەمپی تێکە.

دەی کوڕم، دەی! ئەوە بۆ ڕاوەستاوی؟ بچۆ لای حەمە پەخە چایەکم بۆ بێنە، با خەست و شیرین بێ.

حەمە پەخە لەو نزیکانە چایخانەی هەبوو. خۆی نێوی حەمەی فەخری بوو، بەلاّم لە ناو خەڵکا بووبووە حەمە پەخە. دووکاندار و بەقاڵ و چەقاڵی ئەو ناوە هەموو شاگردەکانیان دەناردە کن حەمە پەخە چایان بۆ بێنن. حەمە خوێنەوار نەبوو، بەلاّم زیرەك بوو. هەر چایەکیان ببردایە ئەم لەسەر دیوارەکە خەتێکی دەکێشا. چوار خەتی دەکێشا و بۆ جاری پێنجەم خەتێکی چەپوڕاستی بەسەر چوارەکەدا دەهێنا و بەوە دەبووە پێنج چا. لێی تێك نەدەچوو. هەموو سەری مانگێ دەچووە سەریان. ئەمیان پەنجا چای. ئەویان سەدوچل. ئەوی تر هەشتا. حاجی فەرەج دووسەد و دە. مەلا عەولا نەوەدوشەش. سەی ئەمین چلوچوار...ئیدی بە ساڵان و بە مانگان ئەمە کاروپیشەیان بوو. نە ئەوان دەیانپرسی بۆچ ئەوەندە دەکا و نە حەمەش پێی دادەگرت. چەندیان بدایەتێ، وەریدەگرت، وەك نیشانەی سوپاسبژێری سەرپەنجەکانی خۆی ماچ دەکرد و لەسەر چاوی دادەنان و لێی دەدا دەڕۆیشت. حەمەسەن هێندێ جاردڵی بە نوورە شەشە دەسووتا و دەیگوت چایەك بۆ خۆیشت بێنە.

نوورە نیوەڕوان دەگەڕایەوە بۆ ماڵ و بەپەلە نانێکی دەخوارد و

دەچووەوە سەر کارەکەی. ماڵیان لە ناوشارەوە دوور بوو، هەتا دەچووە ماڵ و دەهاتەوە زۆری پێ دەچوو، زۆریش ماندوو دەبوو. بەڵام جاربەجاریش خۆی خەریك دەکرد. دەیگوت ئەگەر پارەم هەبێ پاسکیلێ دەکڕم و هاتوچۆی پێ دەکەم. هەر ڕۆژێ سەرقاڵ بووبونایە و کاریان زۆر هەبووایە، حەمەسەن نەیدەهێشت نوورە بڕواتەوە. پارەی دەدایێ و دەینارد خێرا نان و کەبابێ بخوا و بگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئەو ڕۆژانە نوورە لە جاران پتر ماندوو دەبوو، پشووەکەی نیوەڕۆشی لە دەست دەردەچوو، بەڵام هەر بە لایەوە خۆش بوو؛ چونکە نان و کەبابەکەی تیا بوو.

بە نیوەڕوان، جاروبار، حەمەسەن دەرابەکەی لە ناوەوە دادەدایەوە، ڕادەکشا و سەرخەوێکی بۆ دەشکاند. ئەگەر نوورە لەوێ بووایە، ئەویش لە لایێکەوە بۆی دەکەوت. ئەوەندە ماندوو دەبوو، هەر زوو خەوی لێ دەکەوت. حەمەسەن هێندێ جار نەیدەهێشت نوورە خەوی لێ بکەوێ. دەسبازیی لەگەڵ دەکرد. دەستی بە سەروملیا دەهێنا. دەستی لە پووزی دەدا. دەستی بۆ سمتی دەبرد. لە خۆیی نێزیك دەکردەوە و خۆی پێوە دەنووساند. کراسەکەی هەڵدەدایەوە. نوورە نەیدەزانی حەمەسەن بۆ وا دەکا. بیستبووی لە شار خەڵك هەن کاری خراپ لەگەڵ منداڵ دەکەن، بەڵام باوەڕی نەدەکرد حەمەسەن لەو کەسانە بێ. تا جارێکیان، بە دەم یاری و دەسبازییەوە، حەمەسەن دەرپێکەی نوورەی هێنایە خوارەوە و دەستی گرت و (هین)ەکەی خۆی، هەر لەژێر دەرپێکەوە، دا بە دەستیەوە. نوورە بەجارێ وشك بوو، دەتگوت خوێن لە لەشیا نەماوە. نەیدەزانی بقیژێنێ و هاوار بکا، چاو بنووقێنێ، ڕابکا، چی بکا..!! هینەکەی حەمەسەن زۆر زل بوو، نوورە هەرگیز هیی وای نەدیبوو. لە لادێ، کە لەگەڵ منداڵەکانی هاوەڵیدا لەو دەشت و دەرە یاریان دەکرد، شەرم و شکۆیان لا نەبوو. بە بەرچاوی یەکەوە میز و گوویان دەکرد. گەلێ جار لەو ناو خۆڵەپەتانییەدا کۆڕیان دەبەست و بەرانبەر بە یەك دەستیان دەکردە میزکردن. دەیانویست بزانن میزی کێ

کەف زۆرتر دەکات. چووکی هەموویان هەر وەکوو یەك بوو. بەڵام ئەمەی حەمەسەن زۆر زل بوو. حەمەسەن بواری نوورەی نەدا بزانێ چی دەکا، هەر زوو بە دەستی چەپی دەرپێکەی خۆیشی هێنایە خوارەوە و نوورەی ڕا کێشا بۆ ئەوەی لەسەر کۆشی خۆی دایبنێ. نوورە دەستی خۆی ڕەپ ڕاگرتبوو، پەنجەکانی لە یەکدی دوورکەوتبوونەوە و بە هەموو هێزی خۆی ڕاتەکاند. کردی بە قیژە و هەرا: – بەرمدە... بەرمدە، ئەڕۆم... بەرمدە...

هەتا دەهات زیاتر دەنگی لێ هەڵدەبڕی. حەمەسەن کە زانیی کارەکەی بۆ نەچووە سەر، خێرا خۆی گورج کردەوەوە و دەستێکی بە سەروملی نوورەدا هێنا و کەوتە دڵدانەوە و دڵخۆش کردنی:

– کەرە... گاڵتەم لە تەکتا کرد...

حەمەسەن دەستی نوورەی بەردابوو، خۆیشی لەسەر جێگەکەی چوارمشقی دانیشتبوو، بەڵام نوورە وا پەشۆکابوو، ئەگەرچی حەمەسەن بەریشی دابوو، لەپەسادا هەر هاواری دەکرد...

– بەرمدە... دە بەرمدە... ئەڕۆم...

حەمەسەن دەیویست هەرچۆنێ بووە بێدەنگی بکات، دەستی کردە گیرفانی کراسەکەیا، نیودیناری دەرهێنا و بۆی درێژ کرد، بەڵام نوورە لە تووڕەیی و لە پەشۆکاویی خۆیدا هیچی نەدەبینی. بە پەلە خۆی گەیاندە لای دەرگاکە، بە هەردوو دەستی دەرابەکەی تۆزێ بەرزکردەوە و بۆی دەرچوو.

هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو، ئیدی جارێکی دیکە نەگەڕایەوە. فاتەی دایکی نوورە دڵی لێی دابوو، دەیزانی نوورە بۆچی ڕایکردووە و نایەوێ بچێتەوە سەر کارەکەی، لەبەر ئەوە زۆر پێی دانەگرت و سەری نەکردە سەری. بەڵام هەر دوو هەفتە بوو. فاتە بە خوتە و بۆڵە، زووخاوی کردە جەرگی نوورە. ڕۆژ نەبوو تفی لێ نەکات و قسەی ناخۆشی پێ نەڵێ:

– عەمرت نەمێنێ، ئەو غەوزی گەیلانیمە گەرەکە ڕۆحت دەرکا.

– گیانت دەرچێ، تەمەڵی تەوەزەلی خوێڕی. ئەوەندەی کەرێکی.

– عەمر کۆتای عەمری خۆت بی، ئیشەڵڵا.

– داوەشێی، منالّی خەڵکی بستێ نابێ، نان بۆ باوکودایکی دەردەکا، تۆش وەك ماکەر لەم ناوە ئەسووڕێیتەوە.

نوورە وای لێ هاتبوو لە گیانی وەڕەس بووبوو. بەیانی لە ماڵ دەردەچوو و هەتا ئێوارەیێ درەنگ سەری پیا نەدەکردەوە. خۆی وەکوو سەگی خوێڕیکراو دەهاتە پێش چاو. تفی لە خۆی دەکرد. بەو گەرمای نیوەڕۆیە ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵانی دەکرد و نەدەچووەوە ماڵێ. لە برسانا لاکەی سەری دەهات، بەڵام ئەوەی لە قسە و تانە و تەشەری دایکی پێ باشتر بوو.

هێندەی نەخایاند، نوورە لای بلە زۆراب بوو بە سەکن. ئەمجارەیان خۆی کاری بۆ خۆی دۆزییەوە. زۆریشی دڵ بەم سەکنی کردنە خۆش بوو. بلە پاسێکی کۆنی هەبوو. زۆرتر لە نێوان شار و وەستگەی شەمەنەفەرەکەدا هاتوچۆی دەکرد. کاری نوورە ئەوە بوو جێگە بۆ خەڵکە ڕێبوارەکە، کە "ڕکاب" و "نەفەر"یشیان پێ دەوتن، دیاری بکات، کرێکەیان لێ وەربگرێت و کۆڵ و بار و جانتاکانیان لەسەر پاسەکە قایم بکات و کە دابەزین بۆیانی بێنێتە خوارەوە. جاربەجار دەوڵەمەند و حاجی و ئەفەندییەکان شتێ پارەشیان بخشیش دەدایێ.

ئەم کارەی نوورە یەك شتی ناخۆش بوو. زۆرجار دەبووایە بە شەو بچوونایە بۆ وەستگەی شەمەنەفەر. جاری وا هەبوو شەمەنەفەر سێ چوار سەعات دوادەکەوت، یا هەر نەدەهات. ئەمان، ناچار، دەبوو لەو بەر سەرمایە هەر چاوەڕێ بکەن. جاری واش هەبوو دەچوون بۆ لادێ، ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتیان باردەکرد. شەویان بەسەردا دەهات. بەڵام سەرڕای هەموو ئەوەش نوورە دڵی بە کارەکەی هەر خۆش بوو.

بەم کار پەیداکردنەی نوورە، فاتەش دەمودووی گۆڕا. هەموو جارێ کە

نووره دەهاتەوە، لە هەمێزی دەکرد و ئەملا و ئەولای ماچ دەکرد. خێرا خواردنی بۆ گەرم دەکردەوە و چای لێ دەنا. لەلایەوە دادەنیشت و قسەی خۆشی بۆ دەکرد و ئەم شت و ئەو شتی لێ دەپرسی:

– لە دەورت گەڕێم... بە ساقەت بم.

– ئۆخەی، خوایە، ماشەڵا کوڕەکەم پیاوە.

– غەوزی گەیلانی دەست بە عەمرتەوە بگرێ، ڕۆڵە...!

– ئێ، دەی قسەم بۆ بکە.چیت دی، چیت خوارد، بۆ کوێ چوون؟!...

نووره هەر لە سەرەتاوە تێگەیشت بلە زۆراب لە حەمەسەن باشتر نییە، بەڵام ئەمجارە زۆر دوودڵ بوو. بیری لەوە دەکردەوە لە سەکنییەوە پێ دەگات و دەبێتە شۆفێر و دەبێتە خاوەنی ترومبێلی خۆی. چیرۆکی لەم بابەتەی گەلێ بیستبوو. هەموو ئەو شۆفێر و خاوەنپاسانەی دەیناسین، لە سەکنییەوە پێ گەیشتبوون. بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەم کارەیشی لە دەست دەربچێ، دەبێتەوە بە سەگی خوێڕیکراو و دایکی شاربەدەری دەکات.

بلە زۆرابیش لە بابەتی حەمەسەن نەبوو. هێشتا حەفتەیەکی پێ نەچووبوو نوورەی لای خۆی کردبووە سەکن، دەستی کردە کلکە پێوەکردنی، لە کات و ناکاتا هەزارویەك قسەی ناشیرینی پێ دەگوت. قسەی خۆشی قویندەر بوو. دەیویست هەر زوو دەستەمۆی بکات. یەکەم جار نوورەی لە ڕێگەی ئاواییی کارێز زەوت کرد. ئێوارە هێندێ خەڵکیان لە شارەوە برد بۆ ئەو گوندانەی نزیکی شار. لەوسەرەوە کەس نەبووهەڵیبگرن. شەویش بوو، بەو شەوە کەس بۆ شار نەدەهات. نووره لە تەنیشت بلەوە دانیشتبوو. بلە پاسەکەی دەئاژۆت و نوورەش لەبەر ماندوێتی جاروبار وەنەوزی دەدا و سەری بەسەر سینگیا شۆڕ دەبۆوە. بلەش خێرا خێرا دەستی بۆ سمت و ڕانی دەبرد و وە ئاگای دەهێنایەوە. ڕێگەی نیو سەعاتێکیان مابوو بگەنە شار، بلە ترۆمبیلەکەی لە جادەکە

لادا و ڕایگرت. هاتە تەنیش نوورەوە و لەسەر کۆشنەکە بە دەما پاڵی خست. نوورە زۆر ترسا. وشك بووبوو. دەیزانی بلە نیازی چییە. ویستی هاوار بکات و بقیژێنێ... بەڵام دەیزانی دەنگی ناگاتە کەس. کەوتە پاڕانەوە:

– مامە برایم توخوا وازم لێ بێنە...[نوورە لە کاتی دیکەدا بە بلەی دەگوت "وەستا"].

– وس بە قویندەر.

– مامە برایم، ئەومە قوربانت بەس ئەم جارە وازم لێ بێنە.

– دایکەنە، حیز!

نوورە کەوتبووە داوی هەستی جۆربەجۆر و جیاوازەوە. دوودڵ بوو. زۆریش دوودڵ بوو. لە لایێکەوە زۆر دەترسا ئەگەر بلە لاقەی بکات، ئێشێکی زۆری پێ بگەیەنێ، بەڵام لە ناخی ناخیا وای هەست دەکرد، ئەمشەو پێ دەنێتە دنیای خەڵکە گەورەکان، دنیای شۆفێرە لێهاتووەکان و فیتەرە ناودارەکان؛ خەڵکی وەکوو عەزە شۆڤرلێت و مارف دووژن و حاجی کەمال. ئەمە ڕێگەی گەورەبوون و پێگەیشتنە. ئەوانیش، لەوانەیە، هەر وا بووبن و هەر ئەم ڕێگەیەشیان گرتبێ.

–مامە برایم توخوا ئازارم مەدە...

– ئازارت نادەم، نا... دایکەنە دەی...

– ئاخر بەخوا زۆر دەترسم. توخوا با ئێشی نەیەت.

بلە ئیدی دڵنیا بوو کە کارەکەی ڕەخساوە. ئەمە یەکەم مناڵ نەبوو زەوتی بکات. دە، دوانزە ساڵ بوو شۆفێریی دەکرد. دەیان سەکنی ڕاگرتبوو، فێری شۆفێریی کردبوون و بە جێیان هێشتبوو. گەلێ جار لەتەك شۆفێرە مێردمناڵەکاندا دەکەوتە گەمە و گاڵتە و پێی دەگوتن:

– بە سایەی ئەم کێرەوە گشتتان بوونە شۆفێر.

– کوڕم ئێستاش نانی ئەمەیە دەیخۆی.

– سپەباوك، نانێ بخۆ و نانێ بکە بە خێری من.

ئەوانیش دڵی بلە زۆرابیان نەدەشکاند، هەر بە زەردەخەنەوە وەرامیان دەدایەوە و حەنەکیان لەگەڵ دەکرد:

– مام برایم، تازە پیر بووی، هیچت پێ ناکرێ.

– دەعباکەت چۆنە برایم؟ دەجووڵێ؟

– ئاخرشەڕ، هەتیوبازی بەس نییە... دە بچۆ تۆش وەکوو ئەو خەڵکە ژنێ بێنە. قورمساخ، پیر بووی، پیر!

هەتا لەو شارە بووم، هەر وا جاروبار نوورەم دەبینی. نەمدەزانی چ کارەیە و چی دەکا. کە لەوێش نەمام و هاتمە زانستگە، بەدەگمەن چاوم پێ دەکەوت. بەڵام هەر جارێ کە من یا یەکێك لە ئامۆزاکانمی دەدیت زۆر ڕێزی دەگرتین و هەر پێی دەگوتین "یاشێخ".

جارێکیان دەمەو هاوین بوو، لە گەراجەکەی (نەهزە) لە بەغدا، لەگەڵ فوئادی ئامۆزاما ڕاوەستابووین. فوئاد بەرەو کوردستان دەچووەوە و منیش هاتبووم بە ڕێی بکەم. چاوەڕێ بووین شۆفێر و سەکنی پاسەکە بێن و جێگەیەکی بۆ دابنێن. لەپڕ تەماشامان کرد شۆفێر نوورە شەشەیە. خۆش و دش و چاك چۆنیی لەگەڵ کردین. سەکنەکەی منالێکی دە، دوانزە ساڵان بوو. جانتاکانمان دایێ دایانمەزرێنێ. هات جێگەیەك بۆ فوئاد دابنێ، بەڵام پلە و پایەی ئەوی نەدەزانی، لەبەر ئەوە پرسیاری لە نوورە کرد:

– وەستا نووری، مامۆستا لە کوێ دابنیشێ؟!

– سەدر بۆ یاشێخ دابنێ، سەدر!!

پاییزی ١٩٨٣

# کابرایەکی بێگانە

هەمووی یەك دوو ڕۆژێك بوو لە نەخۆشییەکەم ڕاست بووبوومەوە... هەروا گێژ و وێژ دەهاتم و دەچووم و زۆر بێگێول بووم و خۆمم زۆر بێهێز وقەلس و لاواز دەهاتە بەر چاو. سەرێکم کێشایە ژووری خوێندنەکەم؛ مێزەکە کۆمەڵێ کاغەزی سپی و نیوەنووسراو و نامە و کتێب و فەرهەنگی جۆربەجۆری بەسەرەوە بوو... [... *بەو پێ و پلە لاواز و باریکەوە ئەو بارەی چۆن پێ هەڵدەگیری؟*]... هەر کە چاوم بە تەختی نووستنەکە کەوت، یەکسەر وام بە بیردا هات کە تۆزێ بۆی ڕابکشێم و پشوویەك بدەم. ئەو تەختەم هەر بۆیە لەوێ دانابوو، کە جاربەجار لە کاتی خوێندندا ماندوو دەبووم، دەچووم لەسەری ڕادەکشام و دەمخوێندەوە، یا سەرخەوێکم بۆ دەشکاند. ئیدی هیچ سێودووم لێ نەکرد و چووم لەسەر گازەرەی پشت بۆی کەوتم...

نازانم زۆری پێ چوو یا کەم، لە نێوان خەوو بێداریدا بووم.... ئەگەر لە نێوان خەو و بێداریدا پەردەیەك هەبێت، من ئەو پەردەیەشم هەر نەدەدی... تەماشای بنمیچەکەم دەکرد و هێندێ جاریش چاوم لێك دەنان. لەنێو کۆلانی تەنیشت ژوورەکەوە دەنگەدەنگ دەهات. خەڵك دەهاتن و دەچوون و لەوە دەچوو لە بازاڕ و شت کڕین و لەسەر کارەوە بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە. گوێم لێ بوو هێندێکیان بە کوردی قسەیان دەکرد... [*تۆ بڵێی ئەوان بن؟!* *چۆن بوو وا زوو گەڕانەوە؟!*]... دەنگەدەنگەکە کز دەبوو، وا پێ دەچوو دوور دەکەوتنەوە. گەلێکی نەدەخایاند هەمدیس پەیدا دەبۆوە... زۆر خۆمم پێیەوە خەریك نەکرد. لە نێوان خەو و بێداریدا بووم؛ نە ئەوەتا یەکجاری خەوتبم

و نە ئەوەش کە بەئاگا بم. چاوم لێك دەنان و دەمکردنەوە. جارێکی دیکەش دەنگ و هەراکە سەری هەڵدایەوە... ئەم جارەیان باشتر گوێم ڕادێرا. گوێم لێ بوو هێندێکیان بە کوردی قسەیان دەکرد. وا بوو. بە کوردی قسەیان دەکرد.... بە دەنگیاندا وا پێ دەچوو بەرەو دەرگەی ماڵەکەی ئێمە دەهاتن. لەوەیە خانمی منیان لەگەڵ بێت. نەمدەویست بچم دەرکەیان لێ بکەمەوە. ئەم بەیانییە پێش ئەوەی بچێتە دەرێ شەڕم لەگەڵ کردبوو، لێی تووڕە بووم و خەریك بووم لێی بدەم. دەنگەدەنگەکە هەر نێزیکتر دەبۆوە [ئەگەر *ئەوان بن ئەوا خۆیان کلیلیان پێیە و ئیدی پێویست ناکات من دەرگایان* بۆ بکەمەوە]، منیش هەر لە نێوان خەو و بێداریدا بووم...

وا بزانم گوێم لێ بوو دەرگەیان کردەوە. کە هاتنە ژوورەوە بەو لایەی دیکەدا چوون و بە لای ئەم ژوورەدا نەهاتن. دیار بوو هێند بە تەنگ منەوە نەبوون. منیش گوێم پێ نەدان. نازانم کەمی پێ چوو یا زۆر... نازانم چەندی خایاند... لەوە دەچوو خەو بەری دابم... دەمویست هەڵسم و لەم ژوورە تەسکە بچمە دەرەوە.. دەرگەی ژوورەکە دەچووە نێو چێشتخانەی ماڵەکەمانەوە. دەمویست هەستم، بەڵام لەبەر تەمەڵی و لەشقورسی نەمدەتوانی. حەزم دەکرد هەر ڕاکشێم. هەرچۆنێك بوو هەستام. دەستم برد ویستم گڵۆپەکە داگیرسێنم. کەچی پێ نەبوو. ویستم گڵۆپی سەر مێزەکە داگیرسینم، ئەویش پێ نەبوو. چوومە چێشتخانەکەوە، لەوێش هەر وا. سەیر بوو بە لامەوە. گوتم وا دیارە کارەبا بڕاوە. کەچی کوانووی چێشت لێنانەکە کاری دەکرد، گڵۆپە سوورەکەی کوانووەکە داگیرسابوو، چایەکەی ئەم بەیانییەش بەسەر ئاگرەکەوە بوو، هەر دەکوڵا. نەمدەزانی ئەم بەزمە چییە. گڵۆپەکان هەڵنابن، کەچی کوانووەکە نەکوژاوەتەوە. ئەگەر ئەلەکتریك بڕاوە، خۆ دەبێ هەموو بە جارێ لە کار بکەون. خۆ ئەگەریش نەبڕاوە ئیتر بۆچی نیویان لە کار کەوتوون و نیویان کار دەکەن. لەوە دەچوو هێشتا خەوەکە بەری نەدابێتم. زۆر وڕ و گێژ بووم.

گوێم لە دەنگەدەنگێك بوو لە ژووری نووستنەکەمانەوە، چووم بۆ ئەوێ، ژوورەکەم زۆر شپرزە و ئاڵۆزاو دەهاتە پێش چاو. نوێنی سەر جێگە دووکەسییەکەمان بەملا و بەولای تەختەکەدا هاتبووە خوارەوە و داچۆڕابوو. زەلامێك لە جێگەکەی مندا بەسەر دەمدا پاڵ کەوتبوو، وا پێ دەچوو نەخۆش بێت یا ئێشێکی هەبێت. خێزانەکەم بەسەریا داچەمیبووەوە و قسەی لەگەڵ دەکرد. لە کابرا چوومە پێشەوە و تەماشایەکی سەروگوێلاکیم کرد. بێگانە بوو، نەمدەناسی، بەڵام لەوە دەچوو خێزانەکەم بیناسێ. بە چاوی گاندەوە سەیرێکی ژنەکەمم کرد. ئەویش هەر تووڕە بوو. کەسمان نەمانەدەویست شەڕ و هەرا و دەمەقاڵەکەی ئەم بەیانییەمان لەبیر ببەینەوە. زۆرم بەلاوە ناخۆش بوو کابرایەکی بێگانە ئاوا لەسەر جێگەکەم لێی کەوتبێ. چووم لە تەنیشتیەوە ڕاوەستام. پاکەتێ شیر لەسەر جێگەکە دانرابوو، دەمەکەی هەڵبچڕابوو، وا دیار بوو هێندێکی لێ خواردبۆوە. پاکەتەکەم هەڵگرت، ویستم بینێمە سەرەوە و بیخۆمەوە. دەشمویست بیرێژم بەسەر سەروگوێلاکی کابرای بێگانەدا. پاکەتەکەم دانایەوە. ژوورەکە تۆزێ تاریك بوو. گڵۆپەکانی ئەویش لە کار کەوتبوون. سەرنجێکی کابرای بێگانەم دایەوە، یەکێکی مناڵکار و باریکەلە و لاواز بوو. هەردوو دەستی خستبووە ناوگەڵی، وا دیار بوو شوێنێکی دەئێشا، من زۆر پەست بووم، بەجارێ تووڕە و کەللەیی بووم. پشتملی کابرام گرت و ڕامتەکاند. لە جێگەکە دەریمهێنا و هێنامە بەردالانەکە. ژنەکەم تەماشای دەکرد و نەدەبزووت. لەوە دەچوو ئەمەی پێ ناخۆش بێت. بەردالانەکەش هەر تاریك بوو... منیش هەر گێژ و وێژ بووم... لەوە دەچوو هەر لە نێوان خەو و بێداریدا بم... بە مشت و پێلەقە و نووکەشەق کەوتمە وێزی کابرا...

سۆللەنتوونا ٧/٤/١٩٨٢

## قۆندەرە

ڕەنگە سەیر بێ ئەگەر بڵێم یەکەم بیرەوەریی ژیانم بە پێڵاو دەست پێ دەکات... لەوەیە زۆر کەس هەبن یەکەم ڕووداو، یا یەکەم بیرەوەریی ژینی خۆیانیان لە بیر بێت، بەڵام من لە کەم کەسم بیستووە، کە بتوانێ پڕوپوختە و ڕێکوپێك یەکەم بیرەوەریی ژینی بێنێتەوە بیری خۆی...

جاری وا هەیە کە بیر لە ژینی خۆت دەکەیتەوە، کۆمەڵێ ڕووداوت بیر دەکەوێتەوە... هەر یەکەیان هی سەردەمێکی تایبەتیی ژیانن... هێندێکیان زۆر کۆن نین و هی ئەم سێ چوار ساڵەی پێشوون و هێندێکیشیان کۆنترن. ئەگەر زۆر ورد ببیتەوە و بۆ دواوە بگەڕێیتەوە... دەبینی هیی دیکەشیان بە شوێندا دێت... بۆ دواوە بچۆ... هەر بچۆ... هەر بچۆ... لەپڕ دەگەیتە سنوورێك، دەگەیتە دیوارێك، کە زۆر چاك دەزانی هیچی ئەودیویت لەبیر نییە... دەگەیتە سەردەمێك، یا ڕووداوێك، یا ساتێك کە دەزانی ئیدی نایێتەوە بیرت لە پێش ئەوەدا هەبووبیت، نایێتەوە بیرت لە پێش ئەوەدا ژیابیت... دیارە پێش ئەوە هەبوویت و ژیاویشیت، بەڵام مێشکی تۆ هیچی پێش ئەوەی پێ نییە...

خۆ ڕەنگە ئەو یەکەم شتەی کە مێشکت هەڵیگرتووە، یا با بڵێین ئەو دوا شتەی، ئەگەر بۆ دواوە بچی و هەر بچی دەیگەیتێ، شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەش نەبێت و لە سەرلەبەیانیی ڕۆژێکی دیاریکراویشەوە دەست پێ نەکات... بەڵام لەو باوەڕەدام بۆن و تام و لەزەتێکی یەکجار تایبەتی و خۆشی هەبێت... من کۆمەڵێ ڕووداو و باسوخواسی منداڵیم لەبیرە، بەڵام هەرە کۆنترینیان لەبارەی قۆندەرەوەیە... جووتێ کەوشی سووریان بۆ

کرپبووم و لە پێیان کردم و گوتیان ئا دەی پێیەوە ڕاکە... ئیدی نازانم ڕام پێوە کرد یا نە... تەنیا هەر ئەوەم لە بیرە... بەڵام با ئەوەش بڵێم... کە ئەم ڕووداوەم دێتەوە پێش چاو، بە تەنیا ئەوانەی دەوروپشتم نابینم، بەڵکوو وا دەزانم خۆیشم دەبینم ... وەك بڵێی من بە چاوی یەکێکی دیکە تەماشای دیمەنەکەم کردبێ...

مەسەلەی قۆندەرە و پێڵاو زۆر گرنگە... لەوەیە خەڵك هەبن بەبێ پێڵاویش بتوانن بژین، بەڵام هێندەش هاسان نییە... هەموو پێویستمان بەقۆندەرەیە، چونکە بەڕاستی قۆندەرە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ژیندا... بەڵام سەیر ئەوەیە خەڵك زۆر بە چاوێکی نزمەوە تەماشای قۆندەرە و پێڵاو دەکەن. دەبینی کابرا کە دەیەوێ باسی یەکێك بە سووکی بکات، دەڵێ: جا قۆندەرەی وا چییە. بەقۆندەرەشی نازانم. یا دەڵێن: بڕۆ قۆندەرە. بیبڕەوە ئەگەرنا قۆندەرەکانم دەخەمە دەمتەوە. دەیخەمە ژێر قۆندەرەکانم. لە پێی کە ... و گەلێ شتی دیکەی لەم بابەتە.

هەندێ جار یەکێك نەزان و نەفام بێت پێی دەڵێن پێپەتییە... لای خۆمان زۆرتر کە باسی عەرەب بکەن دەڵێن عارەبی پێپەتی... ڕەنگە لەبەرئەوە بێت عارەبی ئەو بیابان و چۆڵەوانییە پێڵاو لە پێ ناکەن... بەڵام خۆ ئەوەتا ئێستاکە پێپەتی نین... قۆندەرەیان زۆرە و هی باشیشیان هەیە.

هەر کامێکمان بگری کۆمەڵێ ڕووداو و بیرەوەریمان لەبارەی قۆندەرە و پێڵاوەوە لەبیرە... من لە بیرم نییە تا ئێستا چەند جووت قۆندەرەم دڕیوە... جا کێ هەیە شتی وای لە بیر بێت... بۆچی، وەڵڵا خۆ زۆر کەسی وا هەن دەزانن پێش دە دوانزە ساڵ و لە فلانە ڕۆژدا قۆندەرەی چۆنیان لە پێدا بووە... کوڕە زۆر دوور مەڕۆ، من خۆیشم هێندێ شتی وام لەبیرە...

پار هاوین بوو... پاری چی، ئەوە بوو بە پێرار، تەماشای تەلەڤیزیۆنمان

دەکرد، فیلمێکی زۆر خۆشی پێشان دەدا. فیلمەکە لەبارەی قۆندەرەوە بوو. جا بەینی خۆمان بێت تەلەڤیزیۆنی ئەم وڵاتە بەدەگمەن پرۆگرام و فیلمی خۆش پێشان دەدا. بەڵام کە ئەو قۆندەرەیەم بینی... نا، با بڵێم کە ئەو فیلمی قۆندەرەیەم بینی، گەلێ شتی سەیروسەمەرەم وەبیر هاتەوە.

فیلمەکە باسی منداڵێکی ئێرانیی دەکرد کە زۆری حەز لە قۆندەرە و یاریی قۆندەرە بوو. شەووڕۆژ بە خەیاڵی قۆندەرەوە دەخەوت و هەڵدەستا و بە خەیاڵی قۆندەرەوە دەژیا... بە کوردییەکەی منداڵێکی قۆندەرەباز بوو.

چوار ساڵ لەمەوپێش تازە هاتبوومە هامبورگ، جووتێ پێڵاوی ڕەشی پاژنەبەرزم هەبوو، کاتی خۆی لە بەیرووت دەستم کەوتبوو. لەگەڵ سەرکردەی پارتێکی کۆمونیستی ناچەکەدا پێڵاوەکانمان گۆڕیبووەوە. ئەو پاژنەبەرزەکانی خۆی دا بە من و منیشقۆندەرەکانی خۆمم دایێ. ئەوانەی من بە پێم تەسك بوون... بەڵام کە هاتمە هامبورگ قۆندەرە پاژنەبەرزەکانی سەرکردە کۆمونیستەکە لێم بوونە بەڵا... بە دەستیانەوە گیرم خواردبوو... هەر سی، چل هەنگاو دەچووم و گۆرەوییەکانم لەلای پەنجەی پێما گرمۆڵە دەبوون و ناچار، دەبوو داچەمێمەوە و گۆرەوییەکان بۆ سەرەوە هەڵکێشم... بەڵام هەر سی، چل هەنگاوێکی دیکە دەچووم و هەمدیس گۆرەوییە بۆر لە نووکی پێما گرمۆڵە دەبوو... ئیتر بەڕاستی دامابووم... وتم لەوەیە گۆرەوییەکانم شل و خاو بن، با گۆرەویی تازە لە پێ بکەم، بەڵام بێسوود بوو. گۆرەویی قوربەسەر گوناهی چی بوو، هەموو فتیی قۆندەرە پاژنەبەرزەکانی کابرای سەرکردە بوو.

ئەو ساڵەش کە هەرەسەکە ڕووی دا ئێمە لە چۆمانەوە بەرەو ماوەت و شاربـاژێڕ و پـێنـجـوێن دەچـووین. دەمـانویست بـەرگری بکـەین و چـەك دانەنێین. زۆریش نەبووین، هەموو دە پانزدە کەسێ بووین. ئەو جارەش قۆندەرە زووخاوی کردە جەرگم. جووتێ قوندەرەی لاستیکم لەپێدا بوو.

هەر دوای یەکدوو ڕۆژ هەموو پێم بوو بە تلۆق. زۆر خێراش دەچووین و پەلەمان بوو. بەڵام هەر بۆ پشوودانێك دانیشتینایە تۆقڵەکانم دەتەقاند. ئەوجا کە کزەبایەکی سارد دەیدا لە پێم، ئێشی مەرگی پێ دەگەیاندم... ئەگەر یەکێك خۆی بە سەری نەهاتبێ نازانێ ئێشی تلۆق چەند ناخۆشە... ئەو جارە هەمووی هەر دە دوانزە ڕۆژێکمان پێ چوو. ئەرێ بەڕاست ئەگەر بەرگریمان بکردایە، من بەو هەموو تلۆق و برینی پێیەوە چیم پێ دەکرا...!!

بەڵام جارەکەی کوردستانی تورکیا وا نەبوو. نێزیکەی ٤٠ پێشمەرگەیەك بووین. پێڵاوی باشم نەبوو. هەر یەك دوو ڕۆژ جارێ پێڵاوم دەگۆڕی، بەڵام تلۆقی نەکرد. قاسم دەیویست پێڵاوی لەگەڵ بگۆڕمەوە. ئەو جووتێ پێڵاوی لاستیکی سپیی لەپێدا بوو. وای دەزانی پێڵاوەکانی من قایم و چاکن. کە لەیەك جیا بووینەوە، لە دڵما بوو بە گرێ، وتم لەوەیە لێم دڵگیر بووبێ... هەر دوای دوو ڕۆژ پێڵاوەکانم دڕان. وتم باش بوو، بەس نەبوو نەمدانە قاسم، ئەگەرنا ئێستا بە دەستیانەوە شپرزە دەبوو... دوای ئەو جارە چاوم بە قاسم نەکەوتەوە. وا بزانم ساڵێ پاش ئەوسا بوو، پۆستەرێکیان بۆیان کردبوو، وێنەی هەموویانیان بە چاوم بە وێنەکەی قاسم کەوت، یەکسەر مەسەلەی پێڵاوەکەم وەبیر هاتەوە...

لای خۆمان هەرچۆنێ بێت باشترە، دەتوانی بە درێژاییی ساڵ جووتێ قۆندەرە لە پێ بکەی. بەڵام لێرە هاوین قۆندەرەی خۆی هەیە و زستان قۆندەرەی خۆی هەیە و بەهار و پاییزیش قۆندەرەی خۆیان هەیە... جارێ خۆ کەس منی نەکوشتووە پیرەژنەکانیان نەبێ؛ پیرەژنە تەڕپیرەکان. ئەم پیرەژنە نازدار و خانومانانە هەر لە تامیان دەرکردووە. هەر دەستە جلێکیان قۆندەرەی تایبەتی خۆی هەیە... شایی قۆندەرەی خۆی هەیە و شین و پەستی قۆندەرەی خۆی. مامۆستای گراماتیکەکەمان پیاوێکی زیرەك و بێدەنگ بوو، پێنج زمانی گەورە و نێزیکەی هەشت نۆ وردە زمانی

دیکەشی دەزانی. بە زستانان کە دەهاتە ژوورەوە لەسەر قۆندەرەکانی خۆیەوە جووتێ قۆندەرەی ڕەشی لاستیکیشی لە پێ دەکرد، چین لەسەر چین بوو. من ئێستا و ئەوساش تێنەگەیشتم ئەمەی بۆچی بوو؟! لەوەیە ئەمە پێوەندیی بە بار و هەلومەرجی چینایەتیی وڵاتەکەوە هەبووبێت...

پیاو دەتوانێ ئەم باسی قۆندەرەیە بە زۆر باسوخواسی دیکەوە ببەستێتەوە، ئەگەر بێقەیتانیش بێت، هەر بۆ نموونە: قۆندەرە و دڵداری، قۆندەرە و سایکۆلۆژی، قۆندەرە و مێژوو، قۆندەرە و ڕێزمان لەبیرمە شانزدە، حەڤدە ساڵان بووم جووتێ قۆندەرەی زۆر درێژم هەبوو. ئەو سەردەمە هاتۆچۆی ماڵێکی ناسیاوم دەکرد، سێ چوار کچی بەڕووالەت سەلار و بەکردەوە هاروهاج و چاوباز و بزێویان هەبوو... جارێکیان یەکێ لە کچەکان قۆندەرەکەی هەڵگرتبوو بیبا لەولاوە داینێ. گوتی ئەم قۆندەرە درێژانە چییە لەپێیان دەکەی... ئەوی ڕاستی بێت هێندە شەرمم کرد ئیدی زاتم نەدەکرد بەو قۆندەرانەوە بەو گوزەرەدا بچمەوە... قۆندەرە بۆر چاولەوەڕاندنەکەی ئەوێشی لە دەست دەرکردم. مەسەلەکەش هێندە گرنگ نەبوو. لەوەیە قۆندەرەکان هەموو هەر یەك دوو سانتیمێ لە پێم درێژتر بووبن، بەڵام ئەو سەردەمە من شتی لەوە وردترم لێك دەدایەوە. من خەڵکی وام دیوە بە شان و باهوو و بە کاروکردەوە شانی لە شانی گەورەپیاوان داوە، کەچی قۆندەرەیەکی ئەوەندە بچووك و خنجی لە پێدا بووە، لەباتیی ئەو من شەرمم کردووە... جارێکیان لە بارەگای ڕۆژنامەی پارتێکی کۆمونیستی لای خۆمان بووم، چووبووم سەر لە برادەرێکی شاعیر بدەم، لەوێ چاوم بە مەلایەکی سەرکردەیان کەوت لە کوردستانەوە هاتبوو. ئەو سەردەمە ئەوان پشتیان کردبووە شاخ و زوو زوو هاتوچۆی بەغدایان دەکرد، چونکە دەینی بە ملی ئەوان بێ، گوایە کوردستان بووبوو بە جێگای قاچاغچێتی و فرۆشتنی کاڵا و کووتاڵ و پێڵاو و ڕۆنی شاپەسەند و هەموو بەزمێکی ئێران. ئەم کووتاڵانەش،

بەلای ئەمانەوە، کۆنەپەرستانە بوون. تۆزێ لەگەڵ مەلای سەرکردەدا ڕاوەستایـن و خۆش و دشێکمان کرد. بەڵام هێندەی نەبرد بوو بە مشتومڕمان... هەر لە کاتی قسەکردنەکەشماندا من سەرنجی پێی مەلام دەدا، جووتێ پێڵاوی (کفش ملی)ی ئێرانیی لە پێدا بوو. هەر لە خۆمەوە پێکەنینم دەهات. پێ و پلی مەلا زۆر بچووك بوون و کەوشەکانی زۆر سووك و بچکۆلە دیار بوون... پێڵاوی ( کفش ملی) لەگەڵ کەللەسەر و شانوشەوکەتی مەلای کۆمونیستدا نەدەگونجا...

سۆللەنتونا، کانوونی یەکەمی ١٩٨١

# تەرم

لە زیندانی تەنهاییمەوە تا چاو بڕکات
دەشتی بێکەناری بێدەنگییە
بەفر گرتوویەتی.
بەم شەوگارە
هاوارێ وەك لوورە دەنگ دەداتەوە،
هاواری بەندییەکە تاك و تەنیا

ئەو چەند ڕۆژەی سەرەتا باشتر بوو، بەڵام ئەوەتا لەم بەیانییەوە تەرمەکەی باوکم بۆنی کردووە. زۆر ناخۆشە، زۆر زەحمەتە بەو شێوەیە باسی باوکم بکەم، باسی تەرمەکەی بکەم، بەڵام چی بکەم، وایە. ئێستا ئەو تەرمێکە بۆنیشی کردووە. بۆنەکەی هی ئەوە نییە پیاو خۆی لێ نەبان بکات و گوێی نەداتێ، بۆنێکی تیژ و لینج و قورسە، وا هەست دەکەم گەروومی لێ پڕ بووە و بەناو دەمار و ڕەگ و ماسوولکەکانیشمدا پەخش دەبێت. من دڵنیام ئەم بۆنە بۆ کەسێکی تر زۆر قورسترە، زۆر ناخۆشترە. من لەبەر ئەوەی تەرمی باوکمە،ناتوانم، ناوێرم، لە دڵەوە بڵێم، بۆنەکەی وایە. بێجگە لەوەش من ناچارم لەگەڵ ئەم بۆنەدا، لەگەڵ ئەم تەرمەدا بژیم، بەڵام کەسێکی تر، دەتوانێ لێی دوور بکەوێتەوە و خۆی ڕزگار بکات. کەس نایێ بەزۆر خۆی بە بۆنێکی وا وڕ و کاس بکات.

لە سەرەتادا هەر تەرمێك بوو، تەرمێکی وشك و ڕەق، کە تا دەهات قورستر و گرانتر دەبوو و لە هەڵگرتن نەدەهات. زۆری ماندوو کردم، مەرگم بە چاوی خۆم بینی، بەڵام هەر چۆنێك بێ گەیاندمە ئێرە، گەیاندمە ئەم

جێگایە. ئەی لە ئێستە بە دواوە چی بکەم. چی لەو بکەم و خۆم چی بکەم!!

ئەو ئێوارەیەی کەوتینە ڕێ باوکم ڕێك و سپ و ساغ بوو. هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی و ماندووبوونی پێوە دیار نەبوو. خۆی هەستی بە هیچ نەدەکرد و منیش هیچی وام تیا بە دی نەکرد. نازانم بۆچی پێی خۆش بوو سەرلەئێوارە بکەوینە ڕێ. من حەزم دەکرد بەربەیانییەکی زوو دەرچین و یەکەم ڕۆژەکەمان ڕۆژێکی درێژ بێت و چەند قۆناخێکی باش ببڕین. ئەو بە جۆرێکی دیکە بیری لێ کردبووەوە، نەخشەکەی بە جۆرێکی دیکە دانابوو. دەیویست یەکەم ڕۆژ زۆر ماندوو نەبین. ئێوارەکەی بکەوینە ڕێ و دوای پێنج شەش سەعاتێ خۆمان بگەیەنینە ئەشکەوتەکە. ئەو شەوە لەوێ ببەینە سەر. ئەو، یەکەم ڕۆژی بۆ خۆڕاهێنان، بۆ مەشق دانابوو، بۆ ئەوەی پێ و پلمان ڕابێت و لە هەموو ڕوویێکەوە خۆمان بۆ ئەو ڕێگە دوورودرێژە ئامادە بکەین. جا بە ڕاستی باشیشی بۆ چووبوو، چونکە ئەگەر وامان نەکردایە، ئەگەر وەك من بیرم لێ کردبووەوە، وامان بکردایە، دەفەوتاین. هەر یەکەم ڕۆژ بە تەواوی ماندوو دەبووین و ڕێگەکە چاوترسێنی دەکردین. بەڵام بیرەکەی ئەو ئەوە بوو، کە یەکەم ڕۆژ خۆمان بە تەواوی لە قەرەی سەختی و زەحمەتییەکە نادەین، ناچین بە گژ ئەو ڕێگا درێژە زراوتۆقێنەدا، تەنیا خۆمان تاقی دەکەینەوە و چاو و لاق و دەست و پشتمان، هەموو گیانمان ڕادەهێنین و خۆمان بۆ ڕۆژی دواتر و بۆ ڕۆژەکانی دواتر ئامادە دەکەین.

ئەمەیش، ئەم بیرەیش دادی نەداین، دیسان هەر تیا چووین. دیسان هەر هەموو شتێکمان لێ تێك چوو. لە ڕاستیدا ئەو خۆی تیا چوو، من نا. ئەوەی بە خەیاڵی کەسماندا نەدەهات و نەهاتبوو ڕووی دا. بیرم لە هەر شتێك کردبێتەوە، بیرم لە مردن، مردنی باوکم، نەکردبووەوە. دەڵێم ئەو تیا چوو، بەڵام بە ڕاستی ئەوەی تیا چووە منم، نەك ئەو. ئەو مرد و ڕزگاری بوو، بەڵام ئەوە منم کە هەرچی باری گرانی ئەم دنیایە هەیە بەسەر شانمەوەیە.

ئەوە منم کە سەری دنیام لێ هاتۆتە یەك و نازانم چی بکەم. جیاوازییەکە بە ڕووواڵەت ئەوەیە ئەو مردووە و من زیندووم، بەڵام سەد خۆزگەم بە خۆی، سەد خۆزگە بە هەموو مردوویەك، بەس نییە یەك جارە، دەمریت و تەواو. منیش بە ناخێری گیانم زیندووم و دەژیم، کەچی ئەوەی هیوا بێ لە دڵما نییە، ئەوەی ڕووناکی بێ لە هیچ لایێکەوە نابینم و بە دی ناکەم.

باوکم زۆر زوو مرد. باوەڕم نەدەکرد هەروا زوو مەرگ بەربینی بگرێ و تەنگی پێ هەڵچنێ. باسی تەمەنی ناکەم، باسی ئەوە دەکەم کە زوو لە پەلوپۆ کەوت و تەواو بوو. بۆ تەمەن بەشی خۆی تەمەنی هەبوو. لە شەست بەرەو ژوور بوو. ساردی و گەرمیی ژیانیشی زۆر دیتبوو. ئەم جارە زۆر بەرگەی نەگرت. ڕۆژی پێنجەممان بوو. بۆ شەوەکەی باوکم مرد. ئەگەر ئەو شەوە بمابایە و بگەیشتایەتە ڕۆژ، پێمان دەنایە ڕۆژی شەشەم، بەڵام ئەو شەوە تەواو بوو. مردنەکەی کتوپڕ بوو. ڕۆژانی سەرەتا زۆر باش بوو، زۆریش بەگوڕ بوو. تەنیا دوا ڕۆژ، ڕۆژی پێنجەم، ماندوێتیی پێوە دیار بوو. هەستم کرد وەك جاران هەنگاو نانێ و پێش ناکەوێ. جاروبار ڕادەوەستا و پشوویەکی باشی دەدا و ئەوجا دەکەوتەوە ڕێ. من لەبەر دڵی ئەو پێشی نەدەکەوتم، نەمدەویست هەست بەوە بکات کە دەزانم ماندووە. منیش خۆمم دوا دەخست و هەنگاوم شلتر دەکردەوە. خۆراوایەکی درەنگ بوو لامان دایە شیوێکی قووڵ. ئاسۆی خۆرنیشن سوورایی لێ بڕابوو. ئیتر دەبوو ڕاوەستین، دەبوو چاو بگێڕین بۆ جێگەیەکی وا شەوەکەی تێدا ببەینە سەر. ڕۆژانی دیکەش هەر وامان کردبوو. ئەو ئێوارەیە باوکم وەك جاران نەبوو، ڕەنگی تێکچووبوو. کە لە پەنای کەنداڵەکەدا دانیشتین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هیچی نەوت، دەمزانی ژان و خەمێکی زۆر و گەورە لە دڵ و دەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە، بەڵام ئەو لەوانە نەبوو زەبوونی و بێدەستەڵاتی بهێنێ بە ڕووی خۆیدا. زۆر هەوڵم لەگەڵی دا پارووە نانێك بخوا، قومێ ئاو بخواتەوە. هیچی نەویست. وتی تۆ نانی

خۆت بخۆ، من ئێستا هیچم پێ ناخورێ. نەگەیشتە بەیانی. هەر ئەو شەوە و هەر لەو جێگەیەدا مرد. مردنەکەشی زۆر سەیر بوو. من کەسم نەدیبوو وا بمرێ.

ئێستاش ئەوە چوار ڕۆژە من لەگەڵ تەرمەکەی باوکمدا دەژیم. ئەمڕۆ، ئەم ئێوارەیە، ئەمشەو چوار ڕۆژەی تەواوە. بەڵام مەگەر هەر خوا بزانێ چۆن چوار ڕۆژێك بووە. ئەوەی بەسەر من هاتووە لە گێڕانەوە نایەت و هی ئەوە نییە باس بکرێ.

من ئەگەر بمزانیبایە ئاوهامان بەسەر دێ و ڕۆژم بەم ڕۆژە دەگا، ئەم ڕێگایەم نەدەگرتە بەر و خۆم و باوکیشمم تووشی ئەم هەموو بەدبەختی و ماڵوێرانییە نەدەکرد. دەی جا چۆنم زانیبایە، خۆ من نە جادووگەرم و نە غەیبزان. وام زانی دە پانزدە ڕۆژێکمان پێ دەچێ و بە خۆشی دەگەینە مەنزڵ. بەڕاستی باوکم لە من زیاتر حەزی دەکرد. هەر خۆیشی ئەم ڕێگایەی هەڵبژارد. من بە گوێڕایەڵیی باوکم ڕاهاتبووم. لە قسەی دەرنەچووم، بیوتایە برۆ لەو بەرزاییە خۆت بخە خوارەوە، خۆم دەخستە خوارەوە. ئەگەر حەزم لەم هاتنە نەکردایە، دەمتوانی بە جۆرێك تێی بگەیێنم، بەڵام پێم خۆش بوو، بۆیە قسەم لە قسەی باوکمدا نەکرد.

هەر یەکەم شەو کە لامان دایە ئەشکەوتەکە، هەستم کرد هەڵسوکەوتی باوکم وەك جاران نییە، دەم و دووی گۆڕاوە و بە شێوەیەکی دیکە قسەم لەگەڵ دەکا. جاران هەر کوڕوباوك بووین، کوڕوباوکێك کە ئەگەرچی زۆریش نێزیك و تێکەڵ بووین بەڵام دیسانیش سنوورێك لەنێواندا دەمایەوە، سنوورێك کە نە من دەمتوانی لێی بپەڕمەوە و نە ئەو دەیویست لێی بێتە ئەم دیوەوە.

ئێستاکە وەك بڵێی باوکم ئەو سنوورەی ڕەچاو نەدەکرد. وەك دۆستێك دەیدواندم و پرسی پێ دەکردم. من هەر یەکسەر وای بۆ چووم کە دەیەوێ تێم بگەیەنێ ئێستا ئیتر دوو هاوسەفەرین، دوو ڕێبوارین و دەبێ خۆشی

و ناخۆشی وەك  یەك بەش بکەین. ئای بابە گیان! بریا نەك پێنج ڕۆژ، پێنج ساڵ پێکەوە لە سەفەردا بووینایە. بریا هەرچی زەحمەت و دەردیسەری هەیە بەر من بکەوتایە و تەنها هەر تۆ نەمردیتایە. خەمی من ئێستاکە هەر خەمێك و دووان نییە، لە لایەکەوە دەردی هەرە گرانی باوك مردن، لە لایەکیشەوە ئەوەی کە باوکم، تەرمی باوکم، بۆتە بارێکی گران و چۆتە کۆڵم. ڕزگاربوونیشم نییە. چیی لێ دەکەم، خۆ ناکرێ هەروا لەم چۆڵەوانییەدا بە جێی بهێڵم. بۆ کێی بە جێ بهێڵم و دوای چی؟! تازە لەوەدا نەماوە بە پەشیمانبوونەوە ئەم دەردە چار بکرێ. ئەگەر هەر ڕۆژی یەکەمی سەفەرەکەمان، بمزانییایە ئاوامان بەسەر دێ، زۆر بە ئاسانی دەگەڕاینەوە، چونکە هێشتا نزیك بووین، زۆر دوور نەکەوتبووینەوە.

بەڵام ئێستا ئەوا نۆ ڕۆژە بە ڕێوەین و زۆر دوورکەوتووینەتەوە. نۆ ڕۆژە بە ڕێوەین! بەڵێ ڕاستە، نۆ ڕۆژە، بەڵام نۆ ڕۆژە ڕێ نییە، چونکە تەنیا ئەو پێنج ڕۆژەی پێکەوە بووین، هەموو ڕۆژێ، ڕۆژە ڕێیەکمان دەبڕی. ئەوەندە ڕێگەمان دەبڕی، کە پیاوێك دەبێ بە ڕۆژێك بیبڕێ. بەڵام لەو ڕۆژەوە کە باوکم مردووە نەمتوانیوە زۆر بڕۆم، کە پێکەوە بووین چاك دەڕۆیشتین و ڕێگەمان دەبڕی، ئێستا ئەوە بە من ناکرێ، چونکە تەنیام. ئەگەر بڵێم لەبەر ئەوەی تەنیام باش ناڕۆم ڕەنگە ڕاست نەبێ؛ لە لایێکەوە لەبەر ئەوەی پیاو کە تەنیا بێت، سەڵتەزەلام بێ، سووکترە و دەبێ باشتر بڕوا و دوا نەکەوێ، لە لایێکی دیکەشەوە چونکە تەنیام نیم. ئێستاش خۆم و باوکم پێکەوەین، هەر وەك ڕۆژی یەکەم و وەك ئەو پێنج ڕۆژەی پێکەوە دەهاتین، بەڵام ئێستا ئیتر باوکم خۆی نییە، بەڵکە تەرمەکەیەتی، تەرمێك کە بۆنیشی کردووە و دەبێ هەڵیشیبگرم تا دەیگەیێنمە شوێنێك، جێگایەك. ئەوە چوار ڕۆژە من و ئەم تەرمە ڕێ دەکەین، چوار ڕۆژە بە ڕێوەین، بەڵام ئەوەی لەم چوار ڕۆژەدا بڕیومانە، چوار ڕۆژەڕێ نییە. ڕەنگە بە هەمووی ئەوەندەی ڕۆژەڕێیەك ڕێگەمان  نەبڕیبێ. نا . ڕەنگە بە هەمووی ئەوەندەی

ڕۆژەیێەك ڕێگەم نەبڕیبێ. ئەوەی ڕێ دەكا هەر منم، نەك باوكم. ئەو تازە تەرمێكە و ناتوانێ ڕێبكا. تەرمێكە و بۆنیشی كردووە. بەڵام من دەبێ هەم خۆم ڕێ بكەم، هەم تەرمەكەی باوكیشم هەڵگرم و هەنگاو بە هەنگاو لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێنی بگوێزمەوە.

یەكەم ڕۆژ خەریك بووم وره بەردەم و كوڵ بدەم، بەتەواوی پەكم كەوتبوو، نازانم چۆن بوو بەرگەم گرت!

وا بزانم هەر خۆشەویستی و ڕێزی باوكم بوو هات بە هانامەوە، دەنا ڕووخابووم، كەچی ڕۆژەكانی دواتر باشتر بووم. ئەو شەوەی باوكم مرد، بۆ بەیانییەكەی سەری دنیام لێ هاتە یەك. شەوەكەی نەنوستبووم. یەك تنۆكە خەو چییە نەچووبووە چاوم. بە دیار تەرمەكەی باوكمەوە كزۆڵەم كردبوو، تاوێ دەگریام و تاوێ دەمویست مێشكی خۆم ئارام بكەمەوە و بتوانم بیر بكەمەوە. نەدەكرا. هیچم پێ نەدەكرا. دۆش دامابووم. بە جۆرێ پەشۆكابووم، نەمدەتوانی هەر بیریش لە خەوتن بكەمەوە. خەوی چی. چۆن دەمتوانی لەو شیو و كەندالەدا، لەو چۆڵەوانییەدا، بە تەنیشت تەرمێكەوە، ئەویش تەرمی باوكم، خەوم لێ بكەوێ. چاوەڕان بووم ڕۆژ ببێتەوە. وام دەزانی كە ڕۆژ بووەوە ئیتر هەموو شتێ ئاسانتر دەبێ. وام دەزانی هەر ئەو ڕۆژەیە و تەواو. دەتوانم بە ڕۆژێ خۆم بگەیێنمە جێگایەك، یا باوكم بگەیێنمە جێگایەك و بە جۆرێ چارەسەرێكی بۆ بدۆزمەوە، بۆ تەرمەكەی.

ئەو شەوەم بە هەزار حاڵ بردە سەر، شەوێكی دوورودرێژ، شەوێكی تاریك، شەوێكی پڕ لە خەم و فرمێسك و گریان. هەندێ جار وام دەزانی دڵم، هەناوم، گەرووم ئاگری تێدایە. جاروبار بە كوڵ دەگریام، لە دڵەوە دەگریام. بۆ باوكم دەگریام. بەسەر تەرمەكەیدا دەگریام. گریانەكەم هەر لەبەر ئەوە نەبوو كە باوكم مردووە. ئەوەی زیاتر ئاگری تێ بەردەدام زەبوونی و بێدەسەڵاتیی باوكم بوو، شوێن و شێوەی مردنەكەی بوو. لەوەیە ئەگەر لە ماڵدا بمردایە، لەسەر جێگەیەك، لەسەر نوێنێك بمردایە،

ئاوا ئازارم پێ نەگەیشتایە. کە لەو چۆڵەوانییەدا، لەو شەوە تاریکەدا، بیرم لە باوکم دەکردەوە، بیرم لە تەرمەکەی دەکردەوە، بیرم لە بێکەسی و بەدبەختییەکەی دەکردەوە، کزەی ژانێکی گەرم و تیژ لە هەناومەوە هەڵدەستا. هاوارم لێ بەرز دەبووەوە و بە کوڵ دەگریام. تاوێکی باش دەگریام. پاشان وردەوردە گریانەکەم دادەمرکایەوە و هێمن دەبوومەوە. لەم کاتانەدا دەمویست بیر بکەمەوە، دەمویست بیرێ لەوە بکەمەوە سبەینێ چی دەکەم. نەمدەتوانی، نەدەکرا. سبەینێ هات. ئەو سبەینێیەی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی بووم و وام دەزانی هەر بە هاتنی دەرووییەکم لێ دەکرێتەوە، هات. بەڵام زۆر درەنگ هات.

تازە سپێدەی دابوو، پێش هەڵاتنی خۆر، لە دەموچاوی باوکم وردبوومەوە. ئێستا ئیتر باشتر و ڕوونتر دەمبینی. کسپە لە جەرگمەوە هات، جارێکی دیکەش گریان لە دڵمەوە سەری کرد، گریانێکی لە جاران قووڵتر، لە جاران گەرمتر، زۆر گەرمتر. دەموچاوی پڕ بوو لە کەساسی، لە زەبوونی، لە بێبەشی و لە بێدەسەڵاتی. لەویش بێدەسەڵاتتر، لەویش زەبوونتر من خۆم بووم. هەردوومان بێکەس و بێدەسەڵات بووین. وا پێ دەچوو تازە تێگەیشتبێتم مردنی باوکم چی دەگەیێنێ بۆ من؛ بۆ ئێستا و بۆ داهاتووشم. ئەو شەوە درێژەم بە دیاریەوە، بە دیار تەرمەکەیەوە بردە سەر، بێ ئەوەی بەو جۆرە بیری لێ بکەمەوە. دەمزانی باوکم مردووە، بەڵام دیسانیش وا دەهاتە پێش چاوم، وەك بڵێی شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕابێ. هەر لە جێگەکەی خۆیدا بوو، ئەو جێگەیەی ئێوارە هاتین بۆ ئەوەی شەوەکەی تێدا ببەینە سەر. ئێوارە، لەوێدا دانیشتبوو بۆ پشوودان، بۆ ئەوەی شەوەکە بباتە سەر، ئێستاش هەر لەو شوێنەدا، لە شوێنەکەی خۆیدا، ڕاکشابوو. بەڵام ئێستا جۆرێکی دیکە بوو. دەمزانی ئیتر ڕۆژ بۆتەوە و دەبێ بڕۆین، دەبێ تەرمەکەی باوکم هەڵگرم و بیبەم و بڕۆین بۆ جێگەیەکی دیکە.

ئێوارە کە لامان دایە ئەم شوێنە، دەمزانی زۆر ماندووە. هەر زوو

جێگەکەی خۆی بۆ خەوتن خۆش کرد. بۆ خەوتن! لەوەیە بۆ مردن جێگەی خۆش کردبێ. لەوەیە دڵی لێی دابێ و خۆی بۆ مردن ئامادە کردبێت. حەزم دەکرد قسە بکات، بەڵام دەمزانی لەبەر ماندوێتی پێی خۆشە پشوو بدات. یەکدوو جارێ سەری بەم دیو و بەو دیودا وەرچەرخاند. زۆر ئارام هەناسەی دەدا، زۆر لەسەرخۆ بوو، زۆر بێدەنگ بوو. جارێکیان بانگی کردم، بە ناو بانگی کردم:

– بەڵێ، بابە گیان

– چی ئەکەی...؟!

لەوەدا بووم وەرامی بدەمەوە، سەرنجم دا ئەو دەستەی کە لە کاتی پرسیارەکەدا تۆزێ بەرزی کردبۆوە، بە لادا هات و بە تەنیشتیدا کەوت. لێی چوومە پێشەوە. باش سەرنجی دەموچاویم دا، هەستم ڕاگرت، تەماشای سینگیم کرد بزانم لە کاتی هەناسەداندا بەرزونزم دەبێتەوە؟! باوکم مردبوو. دەبێ دەنگ و سەنگ، بێ جووڵە. ڕەنگە ئەگەر یەکێکی دیکە لە جێی من بووایە، باوەڕی نەکردایە، نەیویستایە باوەڕ بکات، بەڵام من هەر یەکسەر تێگەیشتم، هەر یەکسەر زانیم کە مردووە. بە هەموو شتێکدا دیار بوو کە مردووە. لەوە نەبوو بە هەڵەدا بچم، یا گومانم لا دروست ببێت.

لەو ڕۆژەوە، لەو ساتەوە، شتێك لە دڵمدا بۆتە گرێ؛ دوا قسەی کە گوێم لێ بوو، دوا پرسیاری، مەبەستی چی بوو؟ ئایا پرسیاری ئەوەی دەکرد لەو کاتەدا، لە کاتی پرسیارکردنەکەیدا، من خەریکی چی بووم و چیم دەکرد، یا مەبەستی ئەوە بوو لەوە بە دوا، بۆ داهاتوو، بۆ پاشەڕۆژ، چی دەکەم و بە تەمام چی بکەم!!

باوکم هەر وا بووە. جارانیش هەر وا زۆر جار قسەیەکی دەکرد، من نەمدەزانی مەبەستی چییە. قسەکەی دەکرد کە دەکرا بە چەند شێوە لێك بدرێتەوە. دواتر، دوای ماوەیەك، یا ئەوە بوو خۆم وردەوردە لە مەبەستی قسەکەی دەگەیشتم، یا خۆی دیسان بە قسەیەکی تر و بە شێوەیەکی تر

تێی دەگەیاندم، بەڵام ئەم جارە ئیدی وا نییە. تازە ئەو نەماوە تێم بگەیێنێ. خۆیشم تا ئەو ڕۆژەی دەمردم، مەگەر هەر لە دڵی خۆمدا بیبەم و بیهێنم و بە هەموو بارێکدا لێکی بدەمەوە. سوودیشی نییە. ئەگەر ڕاستیشم لێك دابێتەوە، خۆ تازە ئەو نەماوە تا دڵنیام بکات باشی بۆ چوومە یا نا!

بێ بیرکردنەوە، هەر بەو بەیانییە، بڕیارم دا بڕۆم؛ تەرمەکەی باوکم هەڵگرم و بڕۆم. دەمویست هەرچی زووە لەو شیو و کەندەڵانە دەربچم و ملی ڕێگا بگرم و بڕۆم. دەستم دایە تەرمەکەی باوکم و هەڵمگرت. بە باوەش هەڵمگرت. زۆر قورس نەبوو. وردەوردە بە پێچ و پەنای شیوەکەدا چوومە سەرەوە. سەرەوە دەشتێکی بەرینی وشکی کرکای کرك بوو، ڕێگەیەکی پانی خۆڵاوی بە تەنیشت شیوەکەدا دەڕۆیشت. یەکبینە تەرمەکەم هەڵگرت و هەتا نەگەیشتمە سەر ڕێگایەکە دامنەنا، بەڵام هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو. لەوێ تەرمەکەم هێواشێ لەسەر زەوییە ڕەقەکە دانا و خۆیشم بە تەنیشتیەوە دانیشتم. لە دڵی خۆمدا کەوتمە لێکدانەوەی هەزارویەك بیر. باشە من ئێستاکە ڕوو لە کوێ بکەم، ملی ڕێ بەرەو کام لا بگرم. لە سەرەتاوە بەرەو چ لایەك دەچووین، ئێستاکەش هەر بەو لایەدا بڕۆم یا بگەڕێمەوە دواوە؟؟ زۆرم پی سەیر بوو کە پێشتر، پێش ئەوەی تەرمەکە هەڵبگرم و لە کەندەڵانەکە دەرچم چۆن بیرم لێ نەکردبووەوە. بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم، ئەم تەرمەم بۆ هەڵگرتبوو؟! نەمدەزانی ڕوو لە کام لا بکەم، بگەڕێمەوە، بەو ڕێگەیەدا کەپێیدا هاتبووین، بگەڕێمەوە دواوە، یا هەر بەردەوام بم و بڕۆم. لە سەرەتاوە کە دەستمان پێ کرد، ئێمە ئاوهاوە دەچووین. بەڵام ئەو کاتە لەگەڵ باوکمدا پێکەوە بووین. ئەو بوو ئەم ڕێگەیەی هەڵبژاردبوو. هەر خۆیشی داینابوو ئاوهاوە بڕۆین. ئێستا باوکم مردبوو، نەیدەتوانی ڕێگەم بۆ دابنێ، نەیدەتوانی ڕێگەیەکم پێشان بدات، نەیدەتوانی شتێ هەڵبژێرێ و بە منیش بڵێ دەی وا بکە. ئێستا دەبوو خۆم بڕیار بدەم، یەکەم بڕیاری دوای مەرگی باوکم دەربکەم و جێبەجێی

بکەم. بۆ من ئەمە ئاسان نەبوو، منێ کە بە گوێڕایەڵیی باوکم ڕاهاتبووم، لەپڕ کەسێك نەبوو گوێی لێ بگرم و بە گوێی بکەم. لەپڕ دەبوو خۆم فەرمان دەربکەم و هەر خۆیشم بە گوێی خۆم بکەم. لەپڕ دەبوو ڕێگە بە خۆم نیشان بدەم. بیرم لەوە کردەوە بگەڕێمەوە دواوە، هەر بەو ڕێگەیەدا کە هاتبووین، بگەڕێمەوە، بگەڕێینەوە، خۆم و باوکم چۆن هاتبووین، ئاواش بگەڕێینەوە، هەر بەو ڕێگایەدا، بەڵام ئەم جارە دەبوو تەنیا من ڕێ بکەم، چونکە باوکم مردبوو، ئێستا ئیتر تەرمێك بوو دەبوو هەڵبگیرێ و بگوێزرێتەوە. دەمزانی ئەگەر بەو ڕێگەیەدا بگەڕێمەوە، پێنج ڕۆژەڕێم لە پێش دەبێ. بەڵام ئەو پێنج ڕۆژە کە هاتبووین هەردووکمان، باوکم و من، ڕێمان دەکرد، ئێستا دەبوو، من تەرمەکەی باوکیشم هەڵگرم، نەك بە پێنج ڕۆژ، بە پانزدەش نەدەگەیشتمەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتبووین. ئەوجا بۆ بگەڕێمەوە؟! باوکم خۆی ئەم ڕێگەیەی گرتبووە بەر، خۆی دەیویست لێرەوە بڕۆین، ئێستاش دەبێ هەر بە گوێی بکەم. هەر دەڕۆم. نازانم دەبێ چەند بڕۆم، چەندم، چەندمان پێ دەچێ. نەمدەزانی دەگەینە کوێ، دەبێ بگەینە کوێ! بەڵام دەبوو بڕۆم، لێرە دووربکەومەوە، دەبوو بگەمە جێیەك باوکم، تەرمەکەی باوکم، بگەیێنمە جێیەك. تەرمەکەم هەڵگرتەوە و کەوتمەوە ڕێ. دسان هەر بە باوەش هەڵمگرتەوە. هەردوو دەستم ئاڵاندبووە خوارناوقەدی، سەر و شانوملی باوکم دەکەوتە سەر شانی ڕاستم. ڕێکردن بەم شێوەیە ئاسان نەبوو. زۆر جار ماوەیەکی باش دەڕۆیشتم بێ ئەوەی بەر پێی خۆم ببینم. باش بوو ڕێگەکە ڕاستەڕێ بوو،ترسی هەڵئەنگووتنم نەبوو. نەدەکرا بەو جۆرە بەردەوام بم. باوکم ئەو قورسە نەبوو، تەرمەکەی باوکم ئەو قورسە نەبوو، بەڵام دیسان ماندووی دەکردم، دەبوو جاروبار داینێمە سەر زەوییەکە و پشوویەکی باش بدەم، پاشان سەرلەنوێ هەڵیبگرمەوە و بکەومەوە ڕێ. تا نیوەڕۆ و تا تاوێکیش دوای نیوەڕۆ هەر بەم جۆرە بە ڕێوە بووم، تاوێ دەڕۆیشتم و پاشان تەرمەکەی باکمم لەسەر زەوی دادەنایەوە و وچانێکی باشم دەدا. دەمویست بەم وچاندانە گوڕ و

هێزێکم بێتەوە بەر و دیسان  بکەومەوە ڕێ... بەڵام دوای نیوەڕۆ، ئیتر هێزم لە بەر بڕابوو؛ بێخەویی شەوی ڕابوردوو، برسێتی، گریان و خەم و هەڵگرتنی تەرمێك، تەرمی باوکم. دەمزانی خەریکم لە پەلوپۆ  دەکەوم، هەردوو ئەژنۆم لەبەر ئازار زریکەیان لێوە دەهات. هەستم بە گێژبوون دەکرد و جاروبار کە دەمویست دوای وچاندان ڕاست ببمەوە، بەرچاوم ڕەش دەبوو. لە کاتی ڕێکردنیشدا هەندێ جار لەترم دەبرد. دەمزانی بەو جۆرە ناکرێ بەردەوام بم، ناتوانم بەردەوام بم، دەبێ لە شوێنێك ڕاوەستم و لەوە زیاتر نەڕۆم. دەبوو بخەوم و پشوویەکی باش بدەم، بۆ ئەوەی خۆم بۆ ڕۆژی دواتر ئامادە بکەم. نەدەکرا هەر یەکسەر ڕاوەستم و تەرمەکە دابنێمە سەر زەوی. دەبوو بگەمە جێگەیەك، پەنایەك، بتوانم شەوەکەی تێدا ببەمە سەر. لەو نزیکانە نە شیو هەبوو، نەدۆڵ هەبوو، نە کەنداڵ. تەنیا لە دوورەوە، گردێك، گردۆڵکەیەکم لێوە دیار بوو. دەبوو بگەمە ئەوێ، تەرمەکەی باوکم بگەیێنمە ئەوێ و ئەو شەوە لەوێ ڕۆژ بکەمەوە. بەڵام هەتا گەیشتمە ئەوێ و هەتا لە گردەکە سەر کەوتم گیان گەیشتە کونەلووتم و هەزار جارم مەرگ بە ئاوات خواست. پێم وا بوو زوو دەگەمە ئەوێ و ئیتر باش دەحەسێمەوە؛ کەچی ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە پەنای گردەکە. سەرکەوتنکە لەهەمووی زیاتر ماندووی کردم. گردەکە ئەو بەرزە، نەبوو، بەڵام بە تەرمێکەوە نەمدەتوانی سەر بکەوم. دەبوو بە جۆرێکی دیکە هەڵیبگرم. لە بەیانییەوە کە کەوتبوومە ڕێ تەرمەکەم هەر بە باوەش هەڵگرتبوو. ئێستا کە دەمویست سەربکەوم گرانیی تەرمەکە بە جۆرێ دەکەوتە  سەر شانم کە بەرەو لێژایی، بۆ خوارەوە پاڵی پێوە دەنام. زوو فریا نەکەوتمایە دەکەوتمە خوارەوە. ئەم جارە گرتمە کۆڵەوە. ئەمە یەکەم جار بوو لە هەموو ژیانمدا باوکم بگرم بە کۆڵەوە. زۆر ناخۆش بوو، زۆر زەحمەت بوو. لە بیرم نایەت باوکمم بە زیندوویی بە کۆڵ هەڵگرتبێ. دەزانم پیاوی گەورەی بەتەمەن و مناڵم گرتۆتە کۆڵەوە بۆ پەڕانەوە لە ئاوێ، لە چەمێ. ئەوەم بەلاوە سەیر و زەحمەت نەبوو، کەچی ئێستا

هەڵگرتنی تەرمەکەی باوکمم یەکجار زۆر لە بەر گران بوو. خۆزگە بە ساڵان باوکمم بە زیندوویی بگرتایەتە کۆڵەوە، بەڵام ناچار نەبوومایە ئەو تۆزە ڕێیە تەرمەکەی بەو شێوەیە هەڵگرم.

لەسەر گردەکە، لە یەك دوو جێ کەڵەکەبەرد هەبوو. بەردی گەورە و بچووك لەسەر یەك کەڵەکە کرابوون و تەنیشتیان چاڵ بوو، زەوییەکە لە شێوەی گۆڕێکی تەنك، لە شێوەی سەنگەرێکدا چاڵ کرابوو. پێم وایە هەر بۆ سەنگەریش ڕێك خرابوو، سەنگەری شەڕ نا، سەنگەری ڕاوکردن، لەو بابەتەی کە ڕاوکەر لە چاڵەکەدا دەچێتە پارێز و لوولەی تفەنگەکەی لەناو بەردەکانەوە، یا لەسەر بەردەکانەوە، دەکاتە نێچیرەکەی. بێ بیرکردنەوە تەرمەکەی باوکمم لە چاڵەکەدا دانا. ڕەنگە لەبەر ئەوەی چاڵەکە وەك گۆڕ وا بوو؛ لەبەر ئەوەی گۆڕی دەهێنایەوە بیرم.

بۆ خەوتن نەمتوانی بە تەنیشت تەرمەکەی باوکمەوە بخەوم. زۆر خەوم دەهات، زۆر ماندوو بووم. دەمزانی دەبێ چاك بخەوم، تۆڵەی بێخەویی دوێنێ شەو و ماندوێتیی ئەمڕۆش بکەمەوە. هەستام چووم لەودیو کەڵەکەبەردەکەوە خۆم لێ دا بە زەویدا. هەستم دەکرد باوکمم بە تەنیا بە جێ هێشتووە. وام دەزانی کەڵەکەبەردەکە سنوورێکە و کەوتۆتە نێوانمانەوە. لام وا بوو بەم دوورکەوتنەوەیە ڕێز و خۆشەویستیم بەرانبەر باوکم کەم بۆتەوە. بەڵام دەبوو بخەوم، دەبوو چاك بخەوم، بۆ ئەوەی بۆ سبەینێ باش بڕۆم، بۆ ئەوەی ڕۆژێ زووتر تەرمەکەی باوکم بگەیێنمە جێیەك.

بەیانی کە لە خەو هەستام ترسێکی سەیرم لێ نیشت، ترسێکی بێوێنە، هەموو گیانم مووچڕکەی پێدا دەهات. چۆن توانیبووم، چۆن وێرام ئەو تەرمە، تەرمەکەی باوکم، ئاوا بەتەنیا، لەو چاڵەدا، بە جێ بهێڵم؟ چۆن دڵم هاتبوو؟! وا دیارە لەبەر ماندوێتی بیرم لە هیچ نەکردبووەوە، باشە ئەگەر درندەیەك، جانەوەرێك، تەرمەکەی بخواردایە، یا پارچەیەکی لێ بکردایەتەوە، ئێستا من چیم بکردایە! خۆ دەبوو هەتا مردن سەرزەنشی

خۆم بکەم؛ سەرزەنشی کەمهۆشی و گەوجێتیی خۆم بکەم. تەرمەکەی باوکم هیچی بەسەر نەهاتبوو، بەڵام هەر بە بیر لێ کردنەوە، بیرکردنەوە لەوەی کە، ڕەنگە شتێکی بەسەر هاتبایە، سەراپێم بە ترسێکی قووڵ کەوتبووە لەرزین. هەندێ مێروولە بەسەر تەرمەکەوە بوون، بەسەر جلەکانی باوکمەوە دەهاتن و دەچوون، زۆر لەسەرخۆ دەچوون، جاروباریش دەوەستان، وەك بڵێی وچانێ بدەن، و پاشان دیسان دەکەوتنەوە ڕێ. تەماشایەکی ڕوومەتی باوکمم کرد، گۆڕانێکی وام بە دی نەکرد. پێم وا بوو کەمێك، یەك تۆز، لە جاران مۆرتر دیار بوو.

ئەو ڕۆژە مەودایەکی باشم بڕی. نازانم چەند سەعات و چەند قۆناغ ڕۆیشتم. بەڵام چونکە ماندوو نەبووم؛ شەوی پێشتر باش نووستبووم و پشوویەکی چاکم دابوو، خێراتر دەڕۆیشتم و تەرمەکەم ئاسانتر بۆ هەڵدەگیرا. دیارە هەموو ڕۆژەکە وا نەبووم؛ سەر لەبەیانییەکەی بەگوڕ بووم و کەمتر پێویستم بە دانیشتن و وچاندان بوو. دوای نیوەڕۆ هەستم دەکرد شانومل باسکم دەئێشن، پشتم، بڕبڕەی پشتم ئازای دەدام. دیسانیش ڕانەوەستام، تا درەنگێ، تا ئێوارەیەکی درەنگ بە ڕێوە بووم. دیار بوو لە جێکەکەی دوێنێ ئێوارە زۆر دوورکەوتبوومەوە، چونکە ئەم ناوە ئاودار بوو، سەوزتر بوو. گیا و بنجك و وردە دەوەن لەمبەر و لەوبەری ڕێگاکەوە هەبوون و هەتا دەڕۆیشتم هەر زیاتر دەبوون. بە پێچەوانەی دوێنێوە ئەمڕۆ هیچ هەستیشم بە دڵتەنگی نەدەکرد. دوێنێ هەر لە خۆمەوە جاروبار دەکەوتمە بیرکردنەوە لە باوکم و لە ژیان و کلۆڵی و بێکەسیی باوکم. گەرووم پڕ دەبوو لە گریان و فرمێسك بە چاوما دەهاتە خوارەوە، کەچی ئەمڕۆ وا پێ دەچوو هەموو شتێکم لە بیر چووبێتەوە؛ نە گریانم دەهات، نە بەزەییم بە باوکم و بە خۆمدا دەهاتەوە و نە دڵم پڕ دەبوو. تەنانەت هەستم دەکرد تەرمەکەی باوکیشم ئەو سام و ترسەی دوێنێ هەیبوو، ئەمڕۆ نەیماوە... کە بۆ وچان وەرگرتن دادەنیشتم تەرمەکەم

یەکسەر لەسەر زەوییەکە دادەنا، بێ ئەوەی وەك دوێنێ، زۆر وریای بم و گوێ بەوە بدەم چۆنی دادەنێم.

ڕۆژی سێیەم هیچ سێ و دووم لێ نەکرد، بڕیارم دا ئیتر هەڵینەگرم. شەوەکەی سارد بوو. لەبەر سەرما چەند جارێ بە ئاگا هاتم. خۆمم باش پێچابووەوە، بەڵام دیسانیش هەر سەرمام بوو. بەیانییەکەی هەموو گیانم دەئێشا. زانیم ئیتر ناتوانم تەرمەکەی باوکم هەڵگرم. دەبوو ڕێگەیەکی دیکە بدۆزمەوە. دەبوو هەرچۆنێ بووە بیگەیێنمە جێگەیەك، جێگەیەکی دوور، جێگەیەك کە زۆر لێرەوە دوور بێت. یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو کە دەبێ هەرچۆنێ بووە شتێ پەیدا بکەم، شتێ دروست بکەم، ئەم تەرمەی بخەمە سەر؛ دارەمەیتێ، دارەتەرمێ، ئەوسا ڕەنگە ئیتر بتوانم بە دوای خۆما ڕایکێشم. دەمزانی ئەگەر وا نەکەم بە دەستیەوە دادەمێنم و ناگەمە هیچ شوێنێك.

لەم نزیکانە هیچی وام بە دی نەدەکرد بە کەڵکی ئەوە بێت شتێکی لێ دروست بکەم. بەڵام دوێنێ سەرلەئێوارە، پێش ئەوەی بگەمە ئێرە، بەناو قامیشەڵان و لێڕێکدا تێپەڕیم. ئەوەی من پێویستم پێ بوو لەوێ دەست دەکەوت، دەبوو لەوێ دەست بکەوێ. نەمدەزانی تەرمەکە چی لێ بکەم. خۆ نەدەکرا سەرلەنوێ لەگەڵ خۆم هەڵیبگرم و دوو سەعاتە ڕێ بیگەڕێنمەوە دواوە. بشمویستایە نەمدەتوانی ئەو هەموو ڕێیە هەڵیبگرم. دەبوو بە جێی بهێڵم. هەر لە چۆڵەوانییەدا بە جێی بهێڵم تا دەگەڕێمەوە. نەمدەزانی چەندم پێ دەچێ. هیچ نەبێ شەش حەوت سەعاتێکم پێ دەچوو. دەبوو ئەو شەش حەوت سەعاتە تەرمەکە لەو چۆڵەوانییەدا بەجێ بهێڵم. زۆر لەوە دەترسام شتێکی بە سەر بێت. بۆ دەبێ شتی بە سەر بێت؟ خۆ دوێنێ شەویش بۆ نووستن زۆر لێی دوورکەوتمەوە. ئەوەش هەر بەجێهێشتن بوو. تا بەیانی نە سەرم لێ دا و نە ئاگام لێ بوو.

بە جێم هێشت و ڕۆیشتم. نیوەڕۆ گەڕامەوە و دارەتەرمێکم لەگەڵ خۆم

هێنا. دارەتەرمی چی، دوو لکەداری قایم و ڕاستم ڕایەڵ کردبوو، لەمسەر و لەوسەر و لە ناوەڕاستەوە، لە چوار پێنج جێگە بە چڵەداری نەرم و شووڵـی تـەڕ و بـە گـوررزە قـامیش پێکەوەم بـەستبـوون. لـە پـەیژە دەچوو. پەیژەیەك کە پلەکانی تۆزێ لە یەکەوە دوور بن. پشتێنەکەی باوکمم لە پشتی کردەوە، بە کەڵك دەهات. پاڵتۆکەم لە بەری داکەند و تەرمەکەم لـەسەر دارەمـەیـتـەکـە دانـا. پـاڵـتـۆکـەم بـە جۆرێ پێدا دایـەوە کـە سەر و دەموچاوی داپۆشێ و ئەوجا هەر بە پشتێنەکەی خۆی چاك چاك بە دارەتەرمەکەوە بەستم و شەتەکم دا. وام شەتەك دابوو، لەگەڵ دارەکەدا بـووبـوو بـە یـەك پـارچـە. ئـیـتـر دڵـنـیـا بـووم کـە دەتـوانـم بـە دوای خـۆمـا ڕایبکێشم. دەمتوانی هەر بە دەست سەری دارەمەیتەکە بگرم، لە زەوی بەرزی بکەمەوە و ڕایبکێشم. سەری باوکم لای سەری پەیژەکەوە بوو، هەردوو پێیشی لای هەردوو پێی پەیژەکەوە بوو. ئەگەر بەو جۆرە بەدوای خۆمدا ڕامکێشایە، تەنیا هەردوو پێی دارەمەیتەکە بە زەوییەکەدا دەخشا. دوای پشوودانێکی باش کەوتمەوە ڕێ و تەرم و دارەتەرمم بە دوای خۆما ڕاکێشا. کە دارەکان بە زەویدا دەخشان دەنگێکی زۆر ناخۆشیان لێوە دەهات. هەرچۆنێ بێت ئەمە لە هەڵگرتنی تەرمەکە زۆر چاکتر بوو، چونکە سووکـتـر بـوو، زۆریش سووکـتـر بـوو. وردەوردەش بـە دەنگ و خـڕەخـڕی دارەکان ڕاهاتم. جاروبار دەستم ماندوو دەبوو ئەمدەست و ئەودەستم دەکرد، بە دەستەکەی ترم ڕامدەکێشا.

هـەروا دوو سەعـاتـێ ڕۆیشتـبـووم، هـەستـم کـرد نـاولـەپـم دەکـزێنـێ. تەرمەکەم دانایە سەر زەوی و تەماشای ناودەستمم کرد، تۆقڵەی کردبوو، تـۆقـڵـەیـەکـی گـەورە. دەمـزانـی ئـەمـە خـراپـم بـەسەر دێـنـێ. پێشتر بـەسەرم هـاتبوو. دەست کە تۆقڵەی کرد، بەتایبەتی ئەگەر ناولەپیش بوو، دەبێ کاری پێ نەکەی، ئەگەرنا گوشار دەکەوێتە سەر تۆقڵەکە و دەیتەقێنێ. تـۆقـڵـەش ئـەگـەر پـێش گـەیشتـن بـتـەقـێ ئێشێکی وای دێت وێنـەی نـیـیـە،

بەتایبەتی ئەگەر هەوایەکی سارد لێی بدا، ئیتر ئەوە دەڵێی دڵ و جەرگت بە چەقۆ دەئەنجنن. چارم نەبوو. ماوەیەك هەر بە دەستی چەپ ڕامکێشا، کەچی هەر زوو دەستم شل بوو. بینیم ئەمە وا نابێ، زوو ماندوو دەبم. بیرم لە چارەسەرێکی دیکە کردەوە. دەسماڵێکی گەورەم هەبوو. هێنام هەر سەرێکیم بەست بە سەری یەکێ لە دارەکانەوە. ئەمجا سەرم پیا کرد. ئێستا دەسماڵەکە دەکەوتە سەر سینگم. ئەم جارە لەباتی دەست، دارەتەرمەکەم بە سینگ ڕادەکێشا. ئەمە باشتر بوو. لەوە باشتر بوو بە دەست ڕایکێشم، ئەگەرچی گوشارێکی زۆری دەخستە سەر سینگم و جاروبار سەری دارەکان دەیدا لە ناوشانم. تاوێکیش بەم جۆرە ڕۆیشتم. هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو. عەرەقێکی زۆرم کردبوو. نەدەکرا لەوە زیاتر بڕۆم. دەمەدەمی خۆراواش بوو. سی چل هەنگاوێ لە ڕێگەکە لام دا و لە پەنایەکدا دارەتەرمەکەم دانایە سەر زەوی و دانیشتم. هێندە ماندوو بووم، هەر بە دانیشتنەوە خەریك بووم خەوم لێ دەکەوت. بیرم لە تەرمەکە کردەوە، تەرمەکەی باوکم، لە دارەکە بیکەمەوە و دایبنێمە سەر زەوی؟ بۆچی بیکەمەوە، خۆ ئەو زیندوو نییە تا بڵێم بە شەو دەحەسێتەوە و پشوو دەدات. هەر بە دارەکەوە بمێنێتەوە چاکترە، چونکە بۆ سبەینێ ئامادەیە و پێویست ناکات جارێکی تر بە بەستن و قایمکردنیەوە خەریك ببم. دەتوانم هەر یەکسەر ڕایکێشم و بکەومە ڕێ. تەرمەکەم لەوێدا بە جێ هێشت و چووم لەولاتر خۆم لێ دا بە زەویدا و خەوتم. بۆ بەیانییەکەی وردەوردە خۆمم کۆکردەوە و خۆم ئامادە کرد بۆ ئەوەی تەرمەکەی باوکم هەڵگرمەوە و بکەومەوە ڕێ، بەڵام سەیر ڕاچەڵەکیم. دوو سێ هەنگاوێکم مابوو بگەمە لای تەرمەکە هەستم بەبۆن کرد، بۆنێکی تیژ و قورس. یەکسەر وام هەست کرد هەناسەم پڕ بووە لە بۆگەن. تەرمەکەی باوکم بۆنی کردبوو. زۆر ناخۆش بوو، زۆر سەخت بوو، باوەڕ بکەم باوکم، تەرمەکەی باوکم، بۆنی کردووە. کە ئەم بۆنە لەوەوە دێت. نەمدەتوانی زیاتر لێی بچمە پێشەوە، بۆنەکەی هی ئەوە نەبوو پیاو بەرگەی بگرێ. بە تەواوی سەرم لێ

شێوابوو. ئەمە چ ڕۆژێکە تێی کەوتووم! بۆ دەبێ ئەم هەموو شتەم بە سەر بێت! بۆچی پێشتر بیرم لەمە نەکردبووەوە؟ هەر ئەو ڕۆژەی، ئەو شەوەی کە باوکم مرد، بۆچی بیرم بۆ ئەوە نەچوو کە ئەمە تەرمە و ئێستا بێت و سبەینێ بێت هەر بۆن دەکات؟ تەرم بۆ ئەوە نابێ ماوەیەکی زۆر بە دەرەوە بێت، بە تایبەت لەم چۆڵەوانییەدا و لەم ڕێگە دووردرێژەدا کە من گرتوومەتە بەر. بیرم لێ کردبووەوە، بەڵام نەدەکرا تەرمی باوکم لەو دەشتە چۆڵ و هۆڵەدا بەجێ بهێڵم، خۆ دەبوو بیگەیێنمە جێیەك، بیگەیێنمە ئاوەدانییەك. ئێستا خراپم لێ قەومابوو؛ پێش ئەوەی بگەمە جێیەك، پێش ئەوەی بگەمە ئاوەدانییەك، تەرمەکەی باوکم بۆنی کردبوو. دیسانیش ناکرێ لێرەدا بە جێی بهێڵم و بڕۆم. دەی چی بکەم، چی لەم تەرمە بکەم! چی لە تەرمێ بکەم کە بۆنیشی کردووە! تازە ناکرێ وەك دوێنێ و پێرێ هەڵیبگرم و ڕایبکێشم. دەبێ چارێکی بۆ بدۆزمەوە، دەبێ بە شێوەیەکی دیکە ڕایکێشم. بەڵام بە نیازی چی؟ بۆ کوێ بچم، بۆ کوێی ببەم! تا کەی بە دوای خۆمدا ڕایکێشم، تا کەی دەتوانم بە دوای خۆمدا ڕایکێشم!.

بۆنی تەرمەکە تا دەهات خەستتر دەبوو. نیازی هەرچییەکم هەبێ، دەبێ جارێ پێشەکی لەگەڵ ئەم بۆنە ڕابێم، لەگەڵ ئەم بۆگەنە خۆم ڕابێنم، ئەگەرنا هیچ کارێکم بۆ ناکرێ. دەبێ بتوانم لێی نزیك ببمەوە، تا چارەیەکی دەکەم. پشتێنەکەمم لە پشتم کردەوە، سەرێکیم بەست بە دارەتەرمەکەوە. ئەمە ئیتر دوا چارەسەر بوو. ڕایدەکێشم، بەڵام چەندە بتوانم لێیەوە دوور دەبم. دەمزانی ئەمە سەرناگرێ، چونکە کە بەم جۆرە ڕایکێشم، هەموو دارەتەرمەکە بەسەر زەوییەکەدا، بەسەر ڕێگەکەدا دەخشێ. ئەوجا چەند بەرگە دەگرێ، نازانم. بەڵام دڵنیام بەم ڕاکێشانە، دارەتەرمەکە وردەوردە دەڕزێ و لە بەر یەك هەڵدەوەشێ و هەلاهەلا دەبێ. چاری دیکەش نەبوو، دەبوو هەر وا بکەم، تا دەگەمە جێگەیەکی باشتر، جێگەیەك کە لێرە باشتر و گونجاوتر بێ.

کەوتمە ڕێ و تەرم و دارەتەرمم بەدوای خۆمدا ڕاکێشا. بە هۆی پشتێنەکەوە پێنج شەش هەنگاوێ لێیەوە دوور بووم، بێسوودیش بوو، بۆنەکە هەر دەهات، ئەگەرچی تۆزێ کەمتر بوو. تەرمەکە ئەمڕۆ لە دوێنێ قورستر بوو، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە هەمووی دەخشا بە زەویدا. دەنگیشی گۆڕابوو، دوێنێ کە ڕامدەکێشا خڕەی دەهات، دەنگەکەی ئەمڕۆ جۆرێ تەپەتەپ بوو.

نزیکەی دوو سەعاتێ بەم شێوەیە بەردەوام بووم، هەستم کرد دەنگی ڕاکێشانەکە گۆڕاوە؛ خڕەخڕێك پەیدا بووبوو. هەروا دووراودوور تەماشایەکی تەرمەکەم کرد، لەبەر بۆنەکەی نەمدەویست لێی نزیك ببمەوە، هیچ تێنەگەیشتم. دیسان کەوتمەوە ڕێ. ماوەیەك ڕۆیشتم، دەنگەکە هەر بەردەوام بوو. ڕاوەستام. سەری پشتێنەکەم دانایە سەر زەوییەکە و دووربەدوور بە چواردەوری تەرمەکەدا سووڕامەوە؛ یەکێ لەو گورزە چڵ و شوولکانەی هەردوو لقەدارەکەیان پێکەوە گرێ دابوو، ئەوەی هەرە خوارینیان، پچڕابوو. ئێستا هەردوو پێی باوکم تەکەتەك، بە زەوییەکەدا دەخشان. لەسەر زەوییەکە، بەسەر ڕێگاکەوە، هەم شۆپی سەری لقەدارەکان، هەم هیی هەردوو پێی باوکیشم دەبینران. دوو هێڵەکەی ئەمپەڕ و ئەوپەڕ هیی لقەدارەکان، هیی دارەمەیتەکە بوون، دووانەکەی ناوەڕاستیش هیی پێی باوکم. سەرنجم دا باوکم هەر تاکێ پێڵاوی لە پێدا بوو، تاکەکەی دیکە کەوتبوو. دەبێ لە کوێ کەوتبێت! ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە، کە خڕەخڕەکە دەستی پێ کرد، ئەویش کەوتبێ. لەهەر کوێیەك بێ، تازە چیی لێ بکەم، خۆ ناچم بە دوای تاکە کەوشێکا بگەڕێم. لە دڵەوە هەستم دەکرد ئەمە جۆرە سووکایەتیکردنێکە بە باوکم، کە ئاوا پێی بە ڕووتی بە دەرەوەیە، کە ئاوا پێی تەکەتەك بە زەویدا دەخشێ. دیسان سەری پشتێنەکەم گرتە دەست و ملی ڕێگام گرتەوە. کە دواتر بۆ پشوودان دانیشتم، دەبینم تاکە پێڵاوەکەی دیکەش نەماوە. ئێستا هەردوو پێی

باوکم لەسەر زەوییەکە دەتوت دوو سەلکەچەوەنەری قوڕاوین. بۆ خۆراوا زۆری نەمابوو، هەتاو لە کەل نزیك دەبووەوە، کە دارەمەیتەکەم هەڵوەشایەوە. چڵ و شووڵ و قامیشەکان هەموو پچڕابوون. پشتێنەکە، پشتێنەکەی باوکم کە تەرمەکەم پێ بەستبوو بە دارەکانەوە، شل بووبووەوە. تەرمەکەی باوکم کەوتبووە سەر زەوییەکە.

ئەمە هەموو لەپڕ رووی دا. ئیتر بە تەواوی پەکم کەوت. نەمدەتوانی زیاتر بڕۆم، نەمدەتوانی تەرمەکە ڕاکێشم، لەبەر بۆنەکەی نەمدەتوانی لێیشی نزیك ببمەوە. لە لایەکەوە زۆر ماندوو بووم، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەندە پەست و تووڕە و بێئومێد بووم، نەمدەتوانی بیریش بکەمەوە. چووم، هەروا بیست هەنگاوێ لەولای ڕێگەکەوە لێی دانیشتم. نەمدەزانی چی بکەم، هەر لێرەدا شەوەکە ببەمە سەر، یا تۆزێکی تریش بڕۆم! چۆنیش بڕۆم! ئایا تەرمەکە بەرگەی ئەوە دەگرێ بێ دارەتەرم بە دوای خۆمدا ڕایکێشم! ئەم جێگایە بۆ ئەوە نەدەبووشەوی تێدا ببەمە سەر، نە پەنایەك، نەدارێ، نە دەوەنێ، هیچ، هیچ شتێك نەبوو بیکەمە داڵدەیەك بۆ شەوەکە. دەبوو هەرچۆنێك بووە، تۆزێکی تریش بڕۆم و لێرە دوور بکەومەوە. هەر نەبێ بۆ ئەوەی تەرمەکە بگەیێنمە بستەجێیەك و لەم چەقی ڕێگایە دووری بخەمەوە. بەڵام ئەوەی کە لە هەموو شتێکی تر زیاتر لێی دەترسام ئەمە بوو؛ چۆن، ئەم تەرمە چۆن بگوێزمەوە؟! چۆن لێرەی دووربخەمەوە؟! چۆن ڕایکێشم؟! دەمزانی چار نییە، دەبێ ملی پێوە بنێم و کارێ بکەم. چاوەڕوانی چی بم؟! وردەوردە بەرەو تەرمەکە دەچووم و لێی نزیك دەبوومەوە. دەبوو هەناسە ببڕم و توند لووتم بگرم. ئەگەر هەر لە دوورەوە هەناسە ڕابگرم فریای ئەو ناکەوم بچمە لای تەرمەکە و دار و قامیشەکەی لێ بکەمەوە و دیسانیش لێی دووربکەومەوە. دەبوو هەوڵ بدەم چەند جارێك بڕۆم و بێم. پێنج شەش هەنگاوێکم مابوو بیگەمێ، توند لووتی خۆمم گرت و لێی چوومە پێشەوە. یەکەم شت دەستم بۆ یەکێ لە

لقەدارەکان برد. سووك هات بە دەستمەوە و لە پشتێنەکە و لە قامیش و چڵەدارەکان دەرمکێشا و دوورکەوتمەوە. کە دەستم بە هەناسەدان کردەوە گەرووم پڕ بوو لە بۆن، لە بۆنی تەرمەکە. زۆر سەیرە. بۆن شتێك نییە ببینرێ یا بلکێ بە گیانەوە. ڕەنگە ئەگەر بارەئاردێ هەڵگری، یارۆی بکەیتە سەر جاجمێ یا دەفرێکی پان، سەروملت ئارداوی ببێت و ئارد لە جلەکانت بنیشێ. من وام هەست دەکرد بۆن لە جلەکانم نیشتووە و هەموو گیانم بۆناوی بووە. لقەدارەکەی تریشم هەر بەو شێوەیە دەرهێنا. مایەوە سەر ئەوەی پشتێنەکە بکەمەوە. قامیش و چڵەدارەکان ئاسان بوو، خۆیان هەڵوەشابوونەوە. بە سێ چوار جار چوون و هاتن گرێکانی پشتێنەکەشم کردەوە. لەبەر بۆن وڕ و کاس بووبووم، ئێڵنجم دەدا. ڕشانەوەم دەهات. دەبوو دوور بکەومەوە و پشوویەك بدەم. کە لەو دوورەشەوە هەناسەم دەدا وام دەزانی هەوا پاکەکەش بۆناوی بووە. لە کاتی پشوودانەکەدا بیرم دەکردەوە، ئێستا ئەم جارە چی بکەم؛ بە پشتێنەکە شەتەکی بدەم و بەدوای خۆمدا ڕایکێشم، یا لێی گەڕێم هەر لەو شوێنەی خۆیدا بێت تا چارەیەکی بۆ دەدۆزمەوە؟! کە هەستامەوە ڕاست ملی ڕێگەکەم گرت. وتم با جارێ بڕۆم ئەم دەوروبەرە تاقی بکەمەوە، بزانم جێگەیەکی باشتر نادۆزمەوە. ماوەیەکی باش ڕۆیشتم. نیوسەعات زیاتر بوو. ئەم ڕێکردنەم زۆر لا خۆش بوو. ڕێگەکە نەرمان بوو. ئێستا کە تەرمەکەشم ڕانەدەکێشا هەستم دەکرد سووکوسۆڵ دەڕۆم. سوودی نەبوو؛ جێگەیەکی باشترم بەرچاو نەکەوت. دەبوو بگەڕێمەوە، بچمەوە بۆ لای تەرمەکە. دنیا تەواو تاریك داهاتبوو، ئەگەر بە ڕێگەکەدا نەڕۆیشتمایە باوەڕ ناکەم بمتوانیایە بگەڕێمەوە لای تەرمەکەی باوکم. نازانم چەندم مابوو بگەمە لای، هەستم کرد بۆنی تەرمەکە دەگاتە لووتم، بایەکە دەیهێنا. کە لێی نزیك بوومەوە، ئیتر بە چاویش فەرقم پێ دەکرد، لە ڕێگەکە لام دا و سی چل هەنگاوێ لەولاتر لێی دانیشتم. نەمدەزانی چاوەڕێی چیم و بەتەمام چی بکەم. تازە بەم تاریکەشەوە هیچ نەدەکرا. ئێوارە دەمویست تەرمەکە تۆزێ لە ڕێگەکە

دووربـخـەمـەوە، بـەڵام وازم لـەوەش هـێنـا. بـا هـەر لـەوێدا بـێت، تـا ڕۆژ دەبێتەوە، ئەوسا ئیتر دەبێ لەسەر شتێ ساغ ببمەوە. خەوم نەدەهات. دەمـزانـی مـانـدووشم، بـەڵام خـەوم نـەدەهـات، خـەوم زڕابـوو. دەمـزانـی شەوێکی دوورودرێژم لە پێشە. نیگەران بووم، دوودڵ بووم، پەست بووم، ئـاوێتەی ڕەشاوی ئەم تـاریکەشەوە بووبووم.

ئـەم تـاریکـەشەوە دەڵێی پـەرژینـێکە بـە چواردەوری جـەنگـەڵـی مـەرگدا کێشراوە؛ دیوێکی لـە بـەردەم ڕێگە و ڕێبوارانـدا ئـاواڵـەیە، وەك چوار چوکڵەی داو، وەك دەمی گۆڕ و وەکوو نووکی نێزە، دیوی ژوورەوەیشی کۆگای گـەڵای ڕەشە لـە دەوەنـی دڕکـاویـی ڕق هـەڵـوەریـون. بـۆ هـەرلایـەك چـاو هـەڵدەخەم هەر تـاریکاییە، شەپۆل لە دووی شەپۆل، سەراپێی سەرزەوین لەخومی نەزانی و نـائـاگایی هـەڵدەکێشێ. دەمویست هـەندێ لەم پەردە ئەستوورانەی شەوگار لابدەم و سەرێ بکێشمە ڕازخـانەی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژان. دەمـویست بـە دەستـی خـۆم لـەسەر نـەخشەی داهـاتـووی نـادیـار نیگاری توولەڕێیەك بکێشم لە نووکی پێمەوە دەست پێ بکات و ئەوسەری، نیلـووپـەڕئـاسا، بـئـاڵێتـە لـووتکـە بـەرزەکـانـی خـەیـاڵ. ئـەوەی مـن دەمـدی کـۆتـەڵـی بـیرەوەری بـوو لـە تـابـووتـی بـێدەنگیدا چـاوی بـڕیبـووە پـەنجـەی وردیلـەی ئـەستـێرەکـان چـۆن ژێیـە نـاسکـەکـانـی سرشتیـان دەلاوانـدەوە. خـەیاڵ ڕایـەڵێکی شینی ئـاوریشمین بوو، ئەمسەر و ئەوسەری کاتی پێکەوە دەبەستەوە و بە بـەرچاومـەوە لە داوێنی کراسی شەو دەئـالا. خـەیـاڵ تـەرمـی پیرەمێردێك بوو لە چەقی ڕێگەیەکی خۆڵیندا، لە چۆڵـەوانیی شەودا، بێنـاز، کەوتبوو؛ تـەرمێکی بۆنکردوو، لەگەڵ هـەموو شنەی بـایـەکدا بۆگەنی تێکەڵ بە بـەرامـەی شەو و شەوبۆ دەکرد. تەرمەکەی بـاوکم هـەر لە شوێنەکەی خۆیدا بوو، لێرەوە وەك تۆپەڵێکی ڕەش و بۆر دەمبینی، بەڵام جاروبـار بۆنەکەی دەگەیشتە لووتم. هـەمووی نۆ ڕۆژ لەمـەوبـەر بوو کەوتینە ڕێ، بە نیـازی سەفـەرێکی دوورودرێژ ڕێمـان گرتـە بـەر. ئـەو کـاتـە بـاوکم ڕێکوپێك

بوو، زۆریش بەگوڕ بوو، زۆریش دڵگەرم بوو، کەچی ئێستا تەرمێکی وشك و ڕەقە. تەرمێکە و بۆنی کردووە. ئێستا ئەوەی لە باوکم ماوەتەوە ئەو تۆپەڵە ڕەشەیە کە لە چەقی ڕێگەکەدا کەوتووە و ئەم ناوەی پڕ کردووە لە بۆن. بۆنێکی تیژ و لینج و قورس، وا هەست دەکەم گەروومی لێ پڕ بووە و بەناو دەمار و ڕەگ و ماسوولکەکانیشمدا پەخش دەبێت. ئەوەی لەو سەرەڕێیە کەوتووە باوکم نییە، تەرمی باوکمە، تەرمێکی بۆنکردووە. ناکرێ بڵێم ئەوە باوکمە. باوکم پیاوێکی ڕێك و زیندووبوو، ئەمەی ئێستا تەرمە، تەرمێکی بۆنکردوو. تازە ئیتر ناچارم، دەبێ بڕۆم. دەبێ لێرەدا، لەم چۆڵەوانییەدا، بەجێی بێڵم. دەبێ بڕۆم و بگەمە جێگەیەك، بگەمە ئاوەدانییەك. ئاخر خۆ تا دنیا دنیایە بە دیار تەرمێکەوە دەستەوئەژنۆ دانانیشم. ئەگەر سوودێکی هەبووایە دەمکرد، بەڵام دەزانم بێسوودە. دەزانم ناتوانم بیگەیێنمە هیچ کوێیەك، دەبێ بڕۆم بەجێی بهێڵم، هەر نەبێ هەواڵی مردنەکەی بگەیێنم. کە بیر لە هەردوو سەری ئەم ڕێگایە دەکەمەوە، دەبینم هیچ کەسێك، لە هیچ لایەك، ئاگای لە ئێمە، لە باوکم و لە من نییە. تازە ئەوسەرمان بە جێ هێشتووە، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئەمسەریش. یەك ڕێگەم بۆ ماوەتەوە؛ دەبێ بڕۆم، دەبێ بگەمە شوێنێك، بگەمە ئاوەدانییەك. ئێستا جیاوازیی من و باوکم چییە؟ هیچ جیاوازییەکمان نییە. ڕاستە ئەو مردووە و من زیندووم، بەڵام کەس ئاگای لێمان نییە. نە مردنی ئەو و نە مانی من هیچ ناگەیێنێ هەتا من نەگەمە جێیەك. ئێستاکە تەنیا منم کە دەزانم ئەو مردووە، بەڵام کێ دەزانێ من ماوم!!.

تەممووزی ١٩٩٦ تا ١٩٩٧/١/٦

## ڕوونکردنەوە

* چیرۆکی "قەحپە و شەهید"

قەحپە: لە (قحبة)ی عەرەبییەوە هاتووە. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە شێوەی قەحپە بێژ دەکرێ. سەرنجی ئەوە بدە کە هەندێ وشە دێنە ناو زمانی کوردییەوە دەنگی (ب)کەیان دەگۆڕێت و دەبێتە (پ)، وەك: (بایسکڵ) و (بەس)ی ئینگلیزی، کە لە کوردیدا دەبنە پاسکیل و پاس؛ (چسبیدن) و (اسب)ی فارسی لە کوردیدا دەبنە چەسپین وئەسپ.

* چیرۆکی "نوورەشەشە":

الجمهورية العراقية، عاش الزعيم عبدالكريم: کۆماری عیراق، بژی سەرۆك عەبدولکەریم.

سەکن: یاریدەری شۆفر، لە second ی ئینگلیزییەوە هاتووە، واتە دووەم.

سەدر: جێگەی هەرە پێشەوە لە ئۆتۆمۆبیلی سواریدا. لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمە جێگەیەکی گرنگە و بۆ کەسانێك دادەنرێ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پلە و پایەیەکی بەرزیان هەیە.

* بەکارهێنانی ئەم نیشانەیە ... [ ... ] ... لە چیرۆکەکاندا هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی ئەو شێوە دەربڕینەی لای چیرۆکنووسانی ڕۆژاوا، بە تایبەتی جێمس جۆیس، بە خوڕاوگەی هۆش یا خوڕاوگەی بیر Stream of consciousness ناوی دەرکردووە.

## پێڕست


پێشەکی ..... ٥
قەحپە و شەهید ..... ٨
ڕازخانەی گومان ..... ٢٠
میرزا ..... ٣٧
یەك لە دوای یەکەکانی سەردەمێکی لێخن ..... ٤٢
دوو ڕووداوی مێژوویی ..... ٤٦
نوورەشەشە ..... ٥٣
کابرای بێگانە ..... ٦٤
قۆندەرە ..... ٦٧
تەرم ..... ٧٣